کتێبی گیرفان

127


له‌ سویدییه‌وه

شاهۆ حه‌سه‌نپوور


# ئاره‌زووی خوێندنه‌وه




شاهۆ حه‌سه‌نپوور

ئاره‌زووی خوێندنه‌وه


ئه‌م کتێبه‌ی له‌ به‌رده‌ستتاندایه‌، کتێبێکه‌ به‌ زمانێکی ساده‌ نووسراوه‌؛ گه‌لێ تیۆری ده‌رباره‌ی چۆنیه‌تیی هاندانی حه‌ز و ئاره‌زووی منداڵان و مێرمنداڵان بۆ خوێندنه‌وه‌ له‌ دووتوێی ئه‌م کتێبه‌دا هه‌یه‌.

باسه‌کانی ئه‌م کتێبه‌ تێکه‌ڵه‌یه‌کن له‌ بۆچوونی پرۆفیسۆری پێداگۆگ، مامۆستایان، زمانزانان و ئه‌زموونی دایک و باوکان و منداڵان و گه‌نجان. کرۆکی باسه‌کانی ئه‌م کتێبه‌ سه‌باره‌ت به‌ گرنگیی هاندانی ئاره‌زووی منداڵان و گه‌نجانه‌ بۆ خوێندنه‌وه‌.


Pocket Book
2013

# ئارەزووی خوێندنەوە

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

**کتێبی گیرفانی ژمارە** (١٢٧)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

**ئازاد بەرزنجی**

**www.serdem.net**
**kteb@serdem.net**

# ئارەزووی خوێندنەوە

وەرگێڕانی لە سویدییەوە

**شاهۆ حەسەنپوور**

سلێمانی   ٢٠١٣

سەرچاوە/ لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کتێبی منداڵانی سوید

ناوی کتێبەکە بە سویدی: Boken om läs lust: en handbook om att väcka ungas läsintresse, mellan 7-15 år

ئامادەکردنی ئەم کتێبە لەلایەن ناوەندی کتێبی منداڵانی سوید: Barnens Bokklubb

ناوی کتێب: ئارەزووی خوێندنەوە

وەرگێڕانی: شاهۆ حەسەنپوور

بابەت: پەروەردەیی

پیاچوونەوە: نەورۆز حاجی سەیدگوڵ

هەڵەچنی: نیشتمان محەمەد فازڵ

دیزاینی ناوەوە: سەیران عەبدولڕەحمان فەرەج

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ: ١٠٠٠ دینار

چاپی یەکەم: چاپخانەی (سەردەم) ساڵی ٢٠١٣

کوردستان ـ سلێمانی

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٤٧٩)ی ساڵی ٢٠١٣ پێ دراوە

مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©

# کتێبێکە دەربارەی وروژاندنی
# ئارەزووی خوێندنەوە لای
# منداڵان و لاوان لە نێوان
# تەمەنی حەوت بۆ پازدەساڵ

# ناوەڕۆک

| | |
|---|---|
| پێشەکیی وەرگێڕ | ٩ |
| خوێندنەوە و تێگەیشتن | ١٣ |
| ئارەزووی خوێندنەوە | ٢٤ |
| کتێبی فاکت سەرچاوەیەکی گرنگە | ٤٤ |
| وانە و مەشقەکانی ماڵەوە | ٥٦ |
| ئەو کاتەی خوێندنەوە سەبر و ناخۆش دەبێ | ٧٠ |
| کچانی میهرەبان و کوڕانی هاروهاج | ٨٥ |
| کتێبی لاوان پێویستە! | ١٠٨ |
| نووسین بۆ منداڵان و لاوان | ١١٧ |
| ئەوان لە بەرامبەر شاشەی کۆمپیوتەر چی دەکەن؟ | ١٣٠ |

## پێشەکیی وەرگێڕ

"منداڵ بە تەنیا لەگەڵ کتێبەکەیدا، لە شوێنە نهێنییەکانی ڕۆحیدا، وێنای جۆراوجۆر چێ دەکا. ئەم وێنایانە پێوەندیی لەگەڵ هەموو شتێک دروست دەکەن. وێنای وا، پێویستن بۆ مرۆڤ. ئەو ڕۆژەی فانتازیای منداڵ چی دیکە توانای دروستکردنی ئەم وێنایانەی نەمێنێ، ئەو ڕۆژە مرۆڤایەتی فەقیر دەبێ. هەرچی لەم دنیایەدا ڕووی داوە، پێشتر لە فانتازیای مرۆڤدا ڕووی داوە. داهاتووش هەرچۆن بێ، پەیوەندییەکی زۆری دەبێت بە ڕادەی داهێنانی ئەو کەسانەوەی کە خەریکن فێری خوێندنەوە دەبن.

*ئاسترید لیندگرێن*

ئەم کتێبە کە لە بەردەستتاندایە، لە سویدییەوە کردوومە بە کوردی. کتێبەکە بە زمانێکی سادە نووسراوە. لەگەڵ ئەوەشدا گەلێک

تیۆر دەربارەی چۆنییەتی هاندانی حەز و ئارەزووی منداڵان و مێرمنداڵان بۆ خوێندنەوەک لە دووتوێی ئەم کتێبەدا هەیە. باسەکانی ئەم کتێبە، تێکەڵێکە لە بۆچوونی پرۆفیسۆری پێداگۆگ، مامۆستایان، زمانزانان و ئەزموونی دایکان و باوکان و منداڵان و گەنجان. کرۆکی باسەکانی ئەم کتێبە تایبەتە بە گرنگیی هاندانی ئارەزووی منداڵان و گەنجان بۆ خوێندنەوە. لە هەر بەشێکیدا کۆمەڵێک ڕێنوێندی بەکەڵکی تیادایە، کە لەسەر بنەمای تیۆری پێداگۆگی دەربارەی زمان و فێربوون شی کراونەتەوە. بەمجۆرە ئێمە لە ڕێگای خوێندنەوەی ئەم کتێبەوە دەستمان بە کۆمەڵێک بابەتی گرنگ ڕادەگا، کە لە ڕێگایەوە دەتوانین یارمەتیی منداڵان و گەنجەکانمان بە باشترین شێوە بدەین.

هیوادارم ئەو کەسەی ئەم کتێبە دەخوێنێتەوە، بە دەوروبەری خۆی بیناسێنێ و هانی خوێندنەوەی بدا. خوێندنەوەی کتێب لای ئێمە، هەتا ئێستا نەبووەتە کولتوور. بۆئەوەی لەم دۆخە ڕزگارمان بێ، پێویستمان بە کار هەیە. هەروەها گرنگە کە کارکردنمان لەسەر

بنەمای زانستیی ئەو سەردەمە بێ کە تێیدا دەژین.

بێ دروستکردنی کولتووری خوێندنەوە، مەحاڵە بتوانین پێش بکەوین. زۆر گرنگە دایکان و باوکان و مامۆستایان و هەرکەسێک کە دەیەوێ لەم بوارەدا کار بکات، لە پێشدا خۆی تەیار بکات بە تەکنیک و زانستی خوێندنەوە. چونکە خەملاندنی حەزی منداڵان و لاوان بۆ خوێندنەوە، گەلێک گرنگە، دەریایەک قسەی لەسەر کراوە. ئەم کتێبە دڵۆپێکە لەم دەریایە.

شاهۆ حەسەنپوور

سوید ٢٠-١١-٢٠٠٩

# بەشی ١

# خوێندنەوە و تێگەیشتن

زۆربەی دایک و باوک پێیان وایە ئەو کاتەی کە منداڵ فێری شکاندنی کۆدەکانی خوێندنەوە بوو، [مەبەست لە ناسینی پیتەکان و دەنگەکانە] ئیدی باقیی فێربوونی خوێندنەوە، بۆخۆی دەڕوا بەڕێوە. بەڵام وانییە! بەڵکو یەکەم هەنگاوی هەوڵ و تێکۆشان، کاتێ دەست پێدەکات، کە منداڵ فێردەبێ لە ناوەڕۆکی دەق، ڕیتم و مانا تێبگات.

منداڵ بە شێوەی جۆراوجۆر و لە تەمەنی جۆراوجۆردا فێری خوێندنەوە دەبن. ئەو کاتەی کە لەپڕ کەسەکانی سەر لاپەڕەکان مانا بۆ منداڵ پەیدا دەکات، ئەوە ئەو کاتەیە کە دنیای دەرگای خوێندنەوە لە منداڵ دەکەوێتە سەرپشت، بەڵام تەنیا ئەوە نییە کاتێک منداڵێک فێری خوێندنەوە دەبێ، ئیتر ئەو ئۆتۆماتیکییانە لە مانای دەق تێدەگات. بەڵکو بۆ

**ئەوەی منداڵ باش لە مانا تێبگات و لێکی بداتەوە، پێویستی بە ڕاهێنانی زۆرە لەسەر خوێندنەوە. هەروەها پێویستی بە هاندان و پاڵپشتیکردن هەیە، چونکە لەم قۆناغەی فێربووندا پێویستە منداڵ حەز و ئیشتیای بۆ خوێندنەوە، تێدا پێک بێت.**

فێربوونی پیتەکان و وردە وردە خستنەسەر یەکیان و کردنیان بە وشە و مانا، وەک ئەوەی ئێمە پێمان وایە، ئەوەندە ئاسان نییە. سەرەتا شکاندنی کۆدەکانە، بە واتایەکی دیکە، ناسینی پیتەکان و دەنگەکانە، پاشان نۆرەی ئەوە دێت کە چۆن دەنگی وشەکان دابەش دەکرێن بۆ بەشی بچوکتری وەک پیتە بێدەنگەکان و دەنگدارەکان، دەنگی زمانی و هەتا دوایی.

ئینگڤار لوندبەری، پرۆفیسۆر لە زانستگەی یۆتۆبۆری، کە چەندین دەیە لێکۆڵینەوەی لەسەر کێشەکانی خوێندنەوە و نووسین کردووە، ئاوا ڕای خۆی دەردەبڕێ:

هەموو شتێک بەو دەنگانە دەست پێدەکات، کە ئێمە لە سەرەتاوە لە سکی دایکمان گوێمان لێ دەبێ. منداڵ ئەو دەنگانەی بیر دێنەوە کە گوێی لێیان بووە، دواتر دەیانلێتەوە. پاش ئەوە دەبێت منداڵەکە هان بدرێت و یارمەتی بدرێ بۆئەوەی لە

نهێنیی خوێندنەوە تێبگات، واتە کۆدەکان بشکێنێ. ئەو کاتەی منداڵ بڕێک دەکەوێتە سەر ڕێ و دەتوانێ بخوێنێتەوە، شتەکان ئاسانترن. منداڵ زۆر سەرنج دەدا و هەوڵیش دەدات تابلۆکان و هەر شتێک دێنە سەر ڕێگەی، بیانخوێنێتەوە.

زۆربەی منداڵان، زۆر و کەم، خۆیان فێری شکاندنی کۆدەکان و خوێندنەوە دەبن، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەوان لە مانای ئەو شتەی دەیخوێننەوە، تێدەگەن. ئەم بۆچوونە، دەگمەنیش بێ، جارجار لە قوتابخانە دەردەکەوێ. منداڵ پێویستی بە ڕاهێنانێکی لەڕادەبەدەرە، هەتا ئەو کاتەی تێگەیشتن لە دەق جێی خۆی دەگرێ. منداڵ دەبێت فێر بکرێ چۆن زمانێک لە ڕووی ڕیتم و ماناوە دروست کراوە، ئەمە پێشئەوەی کە مانای دەق خۆ بدات بەدەستەوە، یان منداڵەکە فێری لێکدانەوە ببێ و تێبگات کە چۆن لە مانای "نێوان دێڕە نووسراوەکان"[1] بگات.

---

[1] مەبەست لە خوێندنەوە یان تێگەیشتن لە "نێوان دێڕە نووسراوەکان" ئەوەیە کە خوێنەر مانای شاراوەی نووسراوێک لێک بداتەوە، یان کورتتر لە مانای شاراوەی پشتەوەی دەق تێبگات. وەرگێر

نموونەی شێوەیەکی باشی ڕاهێنان ئەوەیە، ڕاهێنان لەسەر خوێندنەوەی هەڵبەست بکرێ کە ڕیتم و کێشی تێدایە. یان کتێبی منداڵانی وێنەدار بخوێنرێنەوە. ئیتر وردە وردە، بەڵام بە دڵنیاییەوە منداڵ فێری ئەوە دەبێ کە دەنگ و پیتەکان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە و پاشان فێر دەبێ لە ناوەڕۆکی دەق بگات.

## ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەق

حەزی منداڵ، پێشینەی زانیاری، ئەزموون، یان ئەو دۆخەی کە تێیدایە لە کاتی خوێندنەوەکەدا، ڕۆڵی سەرەکییان هەیە. هەمان دەق دەتوانێت دوو ناوەڕۆکی تەواو جیاوازی هەبێت بۆ دوو منداڵی جیاواز؛ هەمانکات، منداڵێک دەتوانێ بۆچوونی جیاوازی لە دوو ڕۆژی جیاوازدا، لەسەر هەمان دەق هەبێ.

ئێمە لە کاتی خوێندنەوەدا، دەتوانین کەڵک لەم بارە وەربگرین. دەکرێ سەرنجی منداڵێک بە نموونەهێنانەوە و هێنانی نموونەی دەرەکی لە دەرەوەی دەقەوە، ڕابکێشرێ. ئەویش بە بەشداریپێکردنی ئەو نموونانە. بۆ وێنە، ئەگەر

منداڵەکە دەقێک سەبارەت بە ئاژەڵ بخوێنێتەوە، ئەوا هان بدرێ بۆ نموونە بیر بکاتەوە لە پرسیاری ئەوەی داخۆ ئاژەڵەکە لە وەرزەکانی ساڵدا چۆن دەژی؟ لە باری وادا، منداڵ لە ڕێگای ئاوێتەکردنی فانتازیا و ئەزموونی خۆیەوە، باشتر لە دەقەکە دەگات.

## ڕاهێنان ئاکامی دەبێ

چۆن و بە چ شێوەیەک خوێندنەوە و تێگەیشتن لە دەقێک دەگاتە ئاستێکی باش؟ ئەمە پەیوەندیی بە کۆمەڵێک هۆکارەوە هەیە. وەک؛

ئەگەر ئێمە لە ژینگەیەکدا بژین کە خوێندنەوە و نووسین بەشێک بن لە ژیانی ڕۆژانە.

ئەگەر ئێمە مامۆستایەکی باشمان هەبێت کە خوێندنەوە بە چالاکییەکی بەنرخ بزانێ.

ئەگەر ئێمە پاشخانێکی باشی وشە و زانیاریمان لەسەر دنیا هەبێ.

ئەگەر ئەمانە هەبن، ئەوا تێگەیشتن لە دەق، وەک شادی و هەڵپەڕکێ، خۆش و بەتام دەبێ. هەمانکات تێگەیشتن لە دەق، پەیوەندییەکی تۆکمەی هەیە بە ڕاهێنانەوە. ڕاهێنان و دووبارە

ڕاهێنان. هەتا زیاتر بخوێنینەوە، زیاتر لە دەق تێدەگەین. پاشان وردە وردە و بە دەوڵەمەندتربوونی ئەزموونەکان، توانای تێگەیشتن لە دەقی قورستر و ئەستەمتر، زیاتر دەبێ و گەشە دەکات.

## پاشخانی وشە و تێگەیشتن لە خوێندنەوە

پاشخانێکی پڕ لە وشە، یەکێکە لە گرنگترین مەرجەکان تاوەکو بەباشی لە دەقێک تێبگەین. پەرپێدان و زانینی وشەی زۆر لە ڕێگەی خوێندنەوەی زۆر و باس و گفتوگۆوە بەرهەم دێت.

کەسانێک کە لە سەرەتا و دەستپێکی خوێندنەوەدان، بە خێرایی پاشخانی وشەیان زیاد دەکات و دەگاتە ٥٠٠ وشە. ئەگەر دەقەکان بڕی ئەوەندە وشەیان تێدا بێ، خوێندنەوە بە ئاسانی و بێ کێشە دەبێ، خۆ ئەگەر وشەی نوێ و قورستر نەخوێندرێن، پرۆسەی خوێندنەوە-نووسین ڕادەوەستێ.

منداڵێکی حەوت ساڵە پاشخانی وشەی دەگاتە ٥٠٠٠ - ٧٠٠٠ وشە. منداڵێکی حەڤدەساڵە کە بە بەردەوامی دەخوێنێتەوە، پاشخانی وشەی دەگاتە ٥٠٠٠٠ - ٧٠٠٠٠ وشە، بەڵام ئەو منداڵە تەمەن

حەڤدەساڵەی کە ناخوێنێتەوە، هەگبەی وشەی تەنیا دەگاتە ۱۵۰۰۰-۱۷۰۰۰ وشە.

## ڕێنوێنی

– بە بەردەوامی و بە دەنگی بڵند، کتێب بۆ منداڵەکەت بخوێنەوە، لە ڕێگای خوێندنەوە بە دەنگ، منداڵ باشتر فێری خوێندنەوە دەبێ! بە دەنگی بەرز خوێندنەوە، باشترین شێوەیە بۆ ئەوەی ئاگایی زمانی بچێتە سەر.

– با منداڵەکەت هەموو ڕۆژێک ماوەیەک بخوێنێتەوە، ئەگەر بتەوێت منداڵەکەت خوێنەرێکی باش بێت، پێویستی بە ڕاهێنانی زۆر و بەردەوامە.

– با منداڵەکەت بە دەنگی بەرز بۆت بخوێنێتەوە، ناسینەوەی وشەکان گەلێک ئاسانترە، کاتێک بە دەنگی بەرز دەخوێنێتەوە تۆش گوێت لێ دەبێ کە دەنگەکان چۆن دەڵێت.

– با منداڵەکە بە دەنگی بەرز کتێبێک، کە پێشتر زۆری حەز لێبووە و ئێستایش خۆشی دەوێ بخوێنێتەوە. زۆر خۆشە کە بگەڕێتەوە سەر ئەو شتانەی کە پێشتر و کاتی زووتری منداڵیی خۆی خوێندوونەتیەوە.

- دانووسان و بیرکردنەوە (وەک میتۆد) بەکار بێن بۆ دوان لەسەر ناوەڕۆکی دەق. باسی ئەوەش بکەن کە چۆن دەقەکان جیاوازن.

منداڵێکی حەوت ساڵە پاشخانی وشەی دەگاتە ٥٠٠٠- ٧٠٠٠ وشە. منداڵێکی حەڤدەساڵە کە بە بەردەوامی دەخوێنێتەوە، پاشخانی وشەی دەگاتە ٥٠٠٠٠- ٧٠٠٠٠ وشە، بەڵام ئەو منداڵە تەمەن حەڤدەساڵەی کە ناخوێنێتەوە، هەگبەی وشەی تەنیا دەگاتە ١٥٠٠٠-١٧٠٠٠ وشە.

# خۆت تاقی بکەرەوە

## بە دەنگی بەرز بخوێنەوە!

هەتا ئەو کاتەی منداڵ بچووکە، زۆربەی دایک و باوک، بە دەنگی بەرز کتێبیان بۆ دەخوێننەوە، بەڵام هەر کە منداڵەکە فێر بوو کۆدەکانی خوێندنەوە بشکێنێ و بۆخۆی دەرەقەتی خوێندنەوە هات، ئیدی زۆربەی دایک و باوک، واز لە خوێندنەوەی دەنگی بەرز دێنن. ئەمە مەکەن! منداڵ لە هەموو تەمەنەکاندا پێویستی بە گەورە هەیە لە نزیکیەوە بێت. هەمانشێوە بۆ تازەلاو و لاوانیش هەلێکی فرە باشە، کە ڕاهێنان بکات لەسەر خوێندنەوە بە دەنگی بەرز.

خوێندنەوەی کتێب بە دەنگی بەرز سوودی زۆری هەیە. خوێندنەوە بە دەنگی بەرز، گەشەی زمانی، فانتازی، توانای تەمەرکوز ( Concentration ablity)و توانای تێگەیشتن لە هەستی کەسانی دیکە، لای منداڵان و لاوان دەبزوێنێ و هان دەدا.

## ڕێنوێنی

- کتێبێک هەڵبژێرە، کە بە دڵی هەموو بنەماڵە بێ.
- وا بکە کە خوێندنەوەت بە دەنگەوە ساتێکی خۆش بێت و هەموو ئەندامانی بنەماڵە بیانەوێت بەشداریی بکەن.
- هەموو ئەندامان، گەورە و بچووک، بە نۆرە بخوێننەوە.
- ئاستی توانایی خوێندنەوە دەربڕین پێشبڕکێی تیادا بکەن، بزانن کێ دەتوانێت "بە شێوەیەکی دراماتیکی" دەنگە جیاوازەکانی کتێبەکە، یان دەقەکە باشتر دەربڕێ.
- پاش تەواوبوونی خوێندنەوە، مرۆڤ دەتوانێت کورتەیەک لە کتێبەکە بکات بە شانۆییەک، یان وەک کورتەچیرۆک بەکاری بێنێ و بیگێڕێتەوە.

## تەکنیکی خوێندنەوە بە دەنگی بەرز

زۆر کەس، کە بە دەنگی بەرز دەخوێننەوە، گەروویان ژان دەکات. بەگشتی، ئێمە بە دەنگی نزم قسە دەکەین. باشترین شێوەش ئەوەیە کە فشار

نەخرێتە سەر دەنگەژێکانی قورگمان. دەتوانین چ هەناسە و چ دەنگ بەرینە خوارەوەی قورگەوە و زۆرتر گرنگی بە دەنگ بدەین. ئەمانە چەند ڕێنوێنییەکن کە پیداگۆگەکان، لە کاتی خوێندنەوەدا، جەختی لەسەر دەکەنەوە؛

- وا دانیشە کە زگت ئازاد بێ و فشاری لەسەر نەبێ، تاوەکو بتوانیت هەناسەکانت بە ئاسانی و بە تەواوی هەڵبکێشی.
- بە پشتیوانیی زگ بخوێنەوە. هەرگیز بە سووکی مەخوێنەوە، هیچ لەوە خراپتر نییە بۆ دەنگەژێکان.
- زۆر بە وردی و بە دیقەتەوە کار بە پیتە بێدەنگەکان بکە.
- تۆنی دەنگی جۆراوجۆر بەکار بێنە، یەک جۆر تۆنی دەنگ بەکار مەهێنە، بەم جۆرە فشار بۆ دەنگەژێکان نایەت.

# بەشی ٢

## ئارەزووی خوێندنەوە

ئەو منداڵانەی کە دەخوێننەوە، سەرەتایەکی خوێندنەوە دەست پێدەکەن، کە لە ماوەی ژیانیان لەسەری بەردەوام دەبن و بۆیان دەبێتە بەردی بناغەی خوێندنەوە. لە ڕێگەی خوێندنەوەی ئەدەبەوە، منداڵ هەم خۆی تێدا دەبینێتەوە و هەروەها خەڵکی تریش باشتر دەناسێ. لە ڕێگای خوێندنەوەوە منداڵ ئەو هەلەی بۆ هەڵدەکەوێت، کە ببێتە کەسێکی خاوەن ئەزموون و کاردانەوە و لێکدانەوەی هەبێت لەسەر بیر و هەستی خەڵکی جۆراوجۆر.

دنیای کتێب گەلێک بەرفراوانە، لە کاتێکی کەمدا، یەک یان دوو کتێب دەتوانن هەلی ئەوەمان بۆ ڕێکبخەن کە لەگەڵ جادووگەرێک قسە بکەین، سواری کۆلارە بین، دەست بەسەر هاوڕێی

**فانتازیماندا بگرین و بە باوکی گێژ پێبکەنین؛ ئەمەش تەنیا دەستپێکە. ئەوەندەی کە خوێندنەوە خۆش و سەرگەرمکەرە، ئەوەندە تێگەیشتن لە خویندنەوە سەخت نییە. خوێندنەوەی ڕۆمان لەمەش زۆر زیاترە.**

**خوێندنەوە تەیارمان دەکات بە زمان، کە بەردی بناغەی هەموو پەیوەندییە ئینسانییەکانە. هیچ شتێک لەوە خراپتر نییە کە ئێمە هەل و توانای گێڕانەوەی شتەکانمان نەبێت.**

گرنگیی کتێب لەوەدایە، کە لە ڕێگەی زمانەوە باسی بە ئینسانبوونی ئێمە دەکات. دیارە ئێمە تەنیا لە ڕێگەی زمانی قسەکردنەوە بەوە ناگەین، بەڵکو ئەو زمانەی کە ئێمە پێی دەڵێن زمانی ئەدەب، واتە شیعر، چیرۆک و شانۆ، یان هەر ژانرێکی دیکەی ئەدەبی، دەتوانین پێناسەی بەئینسانبوونی خۆمانی پێ بکەین. ئەمە ئەو توانا تایبەتییەیە کە ئێمە دەکات بە مرۆڤ و لە ئاژەڵ جیامان دەکاتەوە. زمان ئەو هێزەمان پێدەبەخشێ کە ئێمە سەربەخۆ بین و وامان لێ بکات، کە ئێمە پێمان وابێ زۆر زیاترین لەوەی هەین.

نووسەری بەتوانای ئینگلیزی، نووسـەری منـداڵان و لاوان، ئایدن چـامبێرز، لـەسـەر ئـەو بـاوەڕەیـە کـە منـداڵان و لاوان، دەبـێ دەسـتیان بـە کتێبـی بـاش، ڕابگات.

## ئەدەب وێنامان پێدەبەخشێ کە بیر بکەینەوە

بۆ منداڵێکی بچووک، ژیان زۆر و کەم ئاڵۆزە. منداڵەکە هاوکات لەگەڵ گەشەیدا، هەوڵ دەدات ریتم بدا بە خۆی و دەوروبەری و وردە وردە تێدەکۆشێ بیرەکانی بگەیەنێ بە کەسانی دەوروبەری. لەگەڵ تێپەڕینی ساڵەکاندا، توانایی لە منداڵدا گەشە دەکات، بە جۆرێک کە پێشبینی بکات کە چ ڕوودەدات پاشان لە هۆ و هۆکارەکانیش تێدەگات. کلیلی گشت ئەمانە، زمانە.

لە ماوەی ژیاندا، ئێمە باسی ژیانی خۆمان بۆ خۆمان و بۆ یەکتر دەکەین. هەتا ئەو کاتەی ئێمە توانای ئەوەمان هەبێت کە باسی دەروونی خۆمان بکەین کە چیمان تیا ڕوودەدات و بتوانین کاردانەوەی کەسانی دیکە وەربگرینەوە، ئێمە داهێنەرین و هەستی تێگەیشتنمان گەشە دەکات. کاتێکیش توانای گێڕانەوە دەمرێت، ئیدی هەموو شتێک دەکوژێتەوە.

ئایدن چامبێرز دەیەوێت بڵێت: کاتێک ئێمە ئەدەب دەخوێنینەوە، شتێک لە ناخی ئێمەدا ڕوودەدات. خوێندنەوە کاردانەوەی هەیە لەسەر ئێمە. ئەمەش کاردەکاتە سەر گەشە و پێشکەوتنی ئێمە.

بە تایبەت، کاتێک دەربارەی بزوانی ئارەزووی منداڵان دەدوێین، دوو کاردانەوە گرنگن کە لە بیرمان بن؛

## دنیای دەوروبەر بزر دەبێ

یەکەم شت کە ڕوودەدات ئەوەیە کە لە کاتی خوێندنەوەدا هەست دەکەین دنیای دەوروبەرمان بزر دەبێت. لە باری وادا، خوێنەر هەتا کتێبەکە تەواو نەکا، ناتوانێ واز لە خوێندنەوە بهێنێ و لە خوێندنەوەدا نقووم دەبێ. ئیدی خوێنەر حەز دەکات چیرۆکەکە درێژەی هەبێ و ببێتە بەشێک لە ئەبەدییەت. کاتێک ئێمە لەگەڵ بەسەرهاتێکی وادا دەژین، حەزدەکەین بە زوویی کتێبێکی نوێ پەیدا بکەین کە هەمان هەستمان پێ ببەخشێ. بەم ئەزموونەوە لاپەڕەیەکی گرنگی نوێی خوێندنەوە لە دنیای منداڵدا هەڵدەدرێتەوە.

## حەزی بەشدارکردنی کەسانی دیکە لە بەسەرهات

دووهەم شت کە ڕوودەدات ئەوەیە، خوێنەر ناتوانێ واز لەوە بهێنێ، ئەم بەسەرهات و ئەزموونەی کە خوێندوویەتیەوە بۆ کەسانی دیکە نەگێڕێتەوە. ئێمە دەمانەوێت کەسانی دیکەش لە بەسەرهات و ئەزموونەکاندا بەشدار بن و دەمانەوێت بزانین کە چ گۆڕانێک لە ئێمەدا ڕووی داوە و بۆچی کتێبەکەمان ئەوەندە لا گرنگ بووە. ئەگەر کەسانی دیکەش هەمان کتێبیان خوێندبێتەوە، ئەوا دەتوانین لە ناوەڕۆکی کتێبەکە بدوێین و لەم ڕێگایەوەیە بەسەرهاتەکان جێگیر دەبن لە زەینماندا.

## ڕێگە بدەن منداڵەکان ئەوەی حەزیان لێیە بیخوێننەوە

لەو کاتەوەی کە منداڵ بچووکە، دایک و باوک یارمەتیی منداڵەکانیان دەدەن کە کام جلوبەرگە هەڵبژێرن و لە کام پەروەردگەی منداڵاندا بن، چ خواردنێک بخۆن و کام یارییە باشە. منداڵ کە گەورەتر دەبێ، زۆرتر سەربەخۆ دەبێ لەوەی کە بۆ خۆی شت هەڵببژێرێ. منداڵان دەیانەوێ خۆیان بۆ خۆیان بڕیاری خۆیان بدەن! هەڵبژاردنی کتێب لە بنەماڵەیەکی کتێب-خۆشەویست زەحمەتە. کێ بڕیار

دەدات کە منداڵەکە دەبێ چی بخوێنێتەوە؟ دایک و باوک یان منداڵ خۆی؟

بۆ منداڵێک کە تازە فێر بووە بخوێنێتەوە، خوێندنەوە شتێکی نوێ و سەرسوورهێنەرە و دنیایەکی ئەفسووناوییە. ئەوەی کە لە پڕ منداڵ دەتوانێ بۆ خۆی کتێبێک هەڵبژێرێ و بیخوێنێتەوە، شتێکی سەیر نییە، چونکە حەز و ئیشتیا بۆ هەڵبژاردنی کتێب وا لە منداڵ و گەورەش دەکات کتێب هەڵببژێرن. ڕەنگە سەرەنجام هەموو ئەو کتێبانەی کە گەورەساڵەکان لە سەردەمی منداڵیی خۆیاندا خوێندوویانەتەوە، بۆ منداڵان هەڵ ببژێررێنەوە. نا... هەموو شتێک سەبارەت بە هەڵبژاردنی کتێب بۆ منداڵ لەبیر بکە، گرنگ ئەوەیە منداڵەکەت خۆی ببێتە خوێنەرێکی باش.

بۆ ئەوەش کە خوێندنەوە خۆی بکەوێتە سەر گەڕی خۆی، ڕۆژنامەی زنجیرە، زنجیرەی کتێبی کارتۆنی، یان هەر کتێبێکی دیکە، گەلێک باشن. حەزی تازە وەخەبەرهاتوو خۆی بۆ خۆی بە دوای کتێبدا دەگەڕێ. بێ حەز و ئارەزوو، خوێندنەوە دەبێتە ئازار. ئەگەر لە سەرەتاوە خێرا بین و پەلە لەو منداڵانە بکەین کە حەزیان لە خوێندنەوە نییە،

یان حەزیان کەمە، منداڵەکە هەست بە جەخت دەکات و ئاکامەکەی زۆرجار دەبێتە هۆی ئەوەی کە منداڵ نایەوێت چی تر بخوێنێتەوە. هەتا ئەو کاتەی کە منداڵەکەت دەیەوێت بخوێنێتەوە، ڕێگای بدە ئەوەی کە ئەو حەزی لێیە و چێژی لێ وەردەگرێ، ئەوە بیخوێنێتەوە. بێگومان تۆ دەتوانی پێشنیار و پێناسەی ئەو کتێبانە بکەی کە تۆ پێت باشە و دەتەوێت کە منداڵەکەت بیانخوێنێتەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئەم کارەی تۆ نەبێتە فشار لێکردن.

## ڕێز لە هەڵبژاردنی منداڵەکەت بگرە

ماری گرادن، کە مامۆستای قۆناغی ((٤-٩))یە لە وانەی سویدیدا، لە ڕێگای ڕوانگەی پێداگوگی خۆیەوە، یارمەتیی گەلێک منداڵی داوە ببنە خوێنەر. لای ماری، ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە ئەرکی قوتابخانە و دایک و باوکە منداڵان کتێبی ئەدەبیی باشیان پێ بگات. هەمانکات ئەو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە منداڵان بەرەو دواوە دەگەڕێنەوە، ئەگەر جەختی زیاد لە توانای خۆیان لەسەر بکرێ بۆ خوێندنەوە.

ماری دەڵێت: زۆر ئاسانە کە حەزێکی تازەی پەیدابوو بکوژین لە ڕێگای ئەوەی کە فشار لە منداڵ بکرێ، ئەم یان ئەو کتێبە بخوێنێتەوە. زۆر گرنگە کە گەورەساڵەکان ڕێز لە هەڵبژاردنی منداڵان بگرن، با پێشمان وابێ کە کتێبەکە خراپە.

خاڵێکی ئەرێنی هەیە لەوەی ڕێگە بدەی منداڵەکە کتێبی زۆر بخوێنێتەوە. ئەم کتێبانە یارمەتیی منداڵ دەدەن کە مۆدێل و نموونە ببینێ و بکەوێتە سەر گەڕی خوێندنەوە و خێرا بێت لە خوێندنەوەدا. گەلێک منداڵ، ماوەیەکی زۆر دەخایەنێ تا دەبن بە خوێنەرێکی باش. بۆیە پێویستە ئەم منداڵانە کتێبی زنجیرەیی یەک نووسەر بخوێننەوە. خۆ ئەگەر لە چیرۆکەکاندا کەسەکانی ناو کتێبەکان و ڕووداو و ژینگەکان لێک بچن، بەمە منداڵان خێراتر دەکەونە سەر خوێندنەوە.

ئیدی وردە وردە و ئەو کاتەی کە خوێندنەوە دەبیتە خولیای منداڵ، ئینجا دایک و باوک دەتوانن کەمێک خۆیان هەڵبقورتێنن لە هەڵبژاردنی کتێب.

ماری گرادن پێی وایە، ئەگەر ئینسان بیەوێت منداڵەکەی کتێبی هەڵبژاردەی دایک و باوک بخوێنێتەوە، دەبێ وریا بێ و کەڵک لە بەرنامەڕێژی

وەربگرێ. واتا جەخت لە منداڵەکەت مەکە و کتێبی قورسی مەدەیە. گرنگە هەڵبژاردنی کتێب لە گەڵ تەمەن و حەزی منداڵەکەشدا بێتەوە. واتا؛

- هەڵبژاردنی منداڵەکەت پەسەند بکە.
- کتێبی منداڵەکە بخوێنەوە و تێگەیشتنی خۆت لەسەر کتێبەکە تۆمار بکە.
- ئاگات لە دەرچوونی کتێبی نوێی منداڵان و لاوان بێ و بزانە ئەمڕۆ چی لە بازاڕدایە.
- پرسیار لە مامۆستاکەی بکە بزانە ئەوان چی دەخوێننەوە و کتێبی باشیشیان پێ بناسێنە.
- باسی کتێب بکە، هەر وەک چۆن ئێمە زۆربەی کات باسی ئەو فیلمانە دەکەین کە دەیانبینین.

"لە ڕێگەی ئەدەبەوە من دەبمە سەدان کەس، سەرەڕای ئەوەش من هەر خۆمم"
C.S. Lewis. نووسەری کتێبی "وڵاتی نارنیا"

**هەست بە ئەفسوون دەکەم**

کاتێک کتێبێکی باشم دەست دەکەوێت، حەز دەکەم هەمووی بە جارێک بخوێنمەوە، جاری وا هەیە شەو تا بەیانی بەخەبەرم، دایک و باوکم هەمیشە دێن و پێم دەڵێن چراکە بکوژێنەوە و بخەوە. لەم کاتانەدا من وا پیشان دەدەم، کە دەبێ گوێڕایەڵیان بم، پاشان دەرگاکە گاڵە دەدەم و دەچمە ژێر پەتووەکەوە و دەست دەکەمەوە بە خوێندنەوە. لایتێکی خوێندنەوەی وام هەیە، کە دەتوانم کتێبەکەی پێ ببینم، شتی چاکە بۆ بەدزی خوێندنەوە. خراپەیەکی ئەم جۆرە خوێندنەوەیە ئەوەیە کە کتێبەکان زوو تەواو دەبن، هەندێجار کتێبێکت بە دڵی خۆت دەست دەکەوێ و کەسەکانی ناو چیرۆکەکە وەک هاوڕێی خۆت دەناسی. ناخۆشە لە خوێندنەوەی کتێبەکە تەواو ببیت. مرۆڤ جاری واهەیە بیری کەسێتییەکان دەکات و دڵی بۆیان تەنگ دەبێ.

من دەخوێنمەوە، لەبەرئەوەی حەزم لە خوێندنەوەیە، من هەمیشە وا بووم، مرۆڤ لە خوێندنەوە شتی زۆر فێر دەبێت، بەڵام من زۆرتر، وەک سەرگەرمییەک، سەیری خوێندنەوە دەکەم. هەست بە سیحر و ئەفسوون دەکەم، لە ڕێگای کتێبەوە دەفڕم بۆ دنیای دیکە.

**جێنی چواردە ساڵ**

## حەزی منداڵەکەت بوروژێنە

- بۆ خۆت بخوێنەوە- منداڵان ئەوە دەکەنەوە کە گەورەساڵەکان دەیکەن.

- زۆر گرنگە کە جەویماڵەوە هانی خوێندنەوە بدات، گرنگە گێڕانەوە و خوێندنەوە بە دەنگی بەرز ڕەچاو بکرێ.

- هانی خوێندنەوەی کتێبی جۆراوجۆر بدە، بۆ ئەوەی منداڵ فێر ببێ بە باوەڕبەخۆبوونەوە بخوێنێتەوە.

- با منداڵ دەستی بە کتێبی باش ڕابگا.

- با منداڵ لە کەشێکی هێمندا بخوێنێتەوە.

- ڕێگە بدە کە منداڵ بۆ خۆی کتێب بکڕێ.

- با منداڵ ئەو هەلەی بۆ بڕەخسێت گفتوگۆ لەگەڵ منداڵی دیکە و گەورەساڵەکاندا بکات سەبارەت بە کاردانەوەکانی لەسەر کتێبەکە.

### فاکت لەمەڕ حەزی خوێندنەوە

- کاتێک گەورەیەک باسی ئەدەب دەکات، یەکێک لە گرنگترین فاکتەکان ئەوەیە کە حەزی منداڵ بوروژێنرێ و هانبدرێ.

- بۆ ئەوەی بتوانین کەسەکانی ناو ڕۆمان هەست پێ بکەین و ئەزموونیان بکەین، پێویستە خۆمان لەواندا ببینینەوە.
- پێویستە منداڵ کتێبی جۆراوجۆری هەبێ و ئەو هەلەی بدرێتێ کە کتێبەکانی بە دەنگ بۆ بخوێنرێتەوە، هەروەها ئەو کاتەی پێ بدرێ کە کتێبەکان بۆ خۆیشی بخوێنێتەوە.

**من هەوڵ دەدەم پێشتر سەیری کتێبەکان بکەم**

کوڕەکەی من ئۆسـکار، پێـشئەوەی قوتابخانـە دەسـت پێبکات، کۆدەکانی خوێندنەوەی شکاند. ئەو زۆر حەزی لە خوێندنەوە بوو، و زۆر خێرا ئەو کتێبانەی دەخوێندەوە کە من و مامۆستاکەی بۆمان پەیدا دەکرد. ئۆسکار، زۆر زوو دەمەقاڵەی لەسەر ئەوە دەکرد کە دەیەوێت کتێبی هاری پۆتەر بخوێنێتەوە، ئێمە پێمان وابوو ئەم کتێبانە بۆ ئەو قورسن! من و مامۆستاکەی، ساغبووینەوە کە وا باشە ئەو پەلە نەکا و چاوەڕێ بێ، هەتا دەگاتە پۆلی دووهەم. هەر کە ئۆسکار پۆلی دووهەمی دەست پێکرد، ڕۆژی دووهەمی قوتابخانە بە کتێبی یەکـەمـی هـاری پۆتـەرەوە هاتـەوە ماڵەوە. لە ماوەی شەش مانگدا، ئۆسکار گشت بەرگەکانی هاری پۆتەری خوێندەوە. لەم تەمەنە کەمەیدا کە هەیەتی، کە بیەوێت کتێبی لاوان بخوێنێتەوە، بڕێک سەختە! مـن هەوڵ دەدەم کە پێشتر بۆ خۆم کتێبەکان بخوێنمەوە. بەم جۆرە دەزانم کتێبـەکـان باسـی چـین و دەزانـم ئـەگـەر کتێبەکان بە کەڵک بێن یان نا، وێڕای ئەوەش وا دەکـەم ئۆسکار تێبگات کە ئەوە خۆیەتی بڕیار دەدات کام کتێبانە هەڵدەبژێرێت.

هانس، باوکی ئۆسکاری ١٠ساڵ.

## ڕۆڵی قوتابخانە لە هەڵبژاردنی کتێب

لە قوتابخانە، ڕاو بۆچوونی جۆراوجۆر هەیە داخۆ منداڵ دەبێ چی بخوێنێتەوە و چی نەخوێنێتەوە. هەندێک کەس پێیان وایە پێویستە قوتابخانە گرنگی بەوە بدات کە قوتابیان کتێبە کلاسیکییەکان بخوێننەوە بۆئەوەی لەم ڕێگایەوە بەشێک لە میراتی کولتووری ڕابردوویان پێ بگا. هەندێک کەسی دیکە لەسەر ئەو باوەڕەن، کە منداڵان دەبێ بۆ خۆیان کتێبی خۆیان هەڵبژێرن.

ئەگەر لە قوتابخانە سەیرێکی ئامانجەکانی وانەوتنەوە بکەین، دەبینین هیچ زۆرلێکردنێک لە ئارادا نییە بۆئەوەی چۆن کتێب هەڵبژێررێ. لە پلانی خوێندندا ئەوە هاتووە کە "پێویستە قوتابی حەزی بۆ خوێندنەوە پێش بخات لە ڕێگای خوێندنەوەی ئەدەب و هەروەها بۆ خۆی بخوێنێتەوە و بە پێی ئەو حەزەی کە هەیەتی". ئەوە بەو مانایەیە کە چ قوتابی و چ مامۆستا، تەواو ئازادن کام کتێبانە هەڵبژێرن کە گونجاو بن بۆ هەر قوتابییەک و بۆ هەر پۆلێک.

گونیلا مولوی که دکتۆرای له فەیلەسەدا هەیه و له زانستگەی ستۆکهۆڵم وانه به مامۆستایان دەڵێتەوه، زانیارییەکی زۆری کۆکردۆتەوه لەسەر کتێب خوێندنەوه له قوتابخانەکانی سوید. ئەو له کتێبی "خوێندنەوەی ئەدەب لەگەڵ لاوان" نووسیویەتی؛ یەکێک له ئەرکه گرنگەکانی قوتابخانه ئەوەیه، که زانست بگەیەنێ به قوتابی و وەک هاووڵاتییەکی دیموکرات پەروەردەی بکا.

هەروەها ئەو دەڵێت: بەرهەمی ئەدەبی، یارمەتیی منداڵ دەدات، که له خۆی و له دەوروبەری بگات، هەروەها دەبێته هۆی گفتوگۆ و پرسیاری ئێگزیستانسیالی، بەڵام ڕەنگه گەورەترین کێشه ئەوه بێ که دایک و باوک و مامۆستا ناڕازی بن له هەڵبژاردنی کتێب له لایەن منداڵ خۆیەوه.

**ئێمە هاوکات هەمان کتێب دەخوێنینەوە**

سەرەڕای ئەوەی کە بە دەنگی بەرز بۆ منداڵەکانم دەخوێنمەوە، ئەوان هەرگیز زۆر بە تایبەت حەز بە خوێندنەوە ناکەن. ڕێگەیەک بۆ ئەوەی حەزی منداڵەکان زۆر بێ، ئەوە بووە کە ئێمەش هاوکات هەمان کتێبمان خوێندووەتەوە. لە کاتێکی وادا ئێمە توانیومانە بەیەکەوە بیروڕا لەسەر ناوەڕۆکی کتێبەکە بگۆڕینەوە. بۆ وێنە پرسیاری ئاوامان لێک کردووە. "هەتا ئێرە هاتووی..." یان "پێت وا نییە کە ناحەق بوو ئەو کاتەی ...." لەم ڕێگایەوە هەوڵمان داوە حەز و ئارەزوو لای منداڵمان دروست بکەین. ناوەڕۆکی کتێب بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر لە بیردا دەمێنێتەوە، کاتێک دوو مرۆڤ هەمان کتێب دەخوێننەوە و بەیەکەوە باسی دەکەن. لە کۆتاییدا من پێم وایە کە کتێبی گونجاو و پڕبەپێستی خۆی بۆ منداڵ ببینینەوە و بۆ ئەوەی بە کتێبی وا بگەین، دەبێ وەک دایک و باوک خۆمان سەرقاڵ بکەین بە خوێندنەوەی کتێبی لاوان و ئاگامان لەوە بێ، کام کتێبانە تازە لە ژێر چاپ دێنە دەر.

ئیرینێ، دایکی میکایل، مالین، گابریل و ماریا

## کتێب تەنیا نیوەی کارە

گونیلا مولوی دەڵێت: گرنگە ڕێگە بدرێ خوێندنەوە بە پێی مەرجی منداڵان و گەنجان بێت. کە ئەمەش کارێکی ئاسانە: واتا؛ ڕێگە بدە منداڵان هەتا ئەو کاتەی پێیان خۆشە و چییان پێ خۆشە، بخوێننەوە. بۆ ڕەچاوکردنی ئەم مەرجەش، پێویستە چ لە قوتابخانە و چ لەماڵەوە، هەمان بەرنامەت هەبێ. زۆر گرنگە لە ژێر هیچ بارودۆخێکدا فشار نەخرێتە سەر منداڵ بۆ خوێندنەوە. ئەگەر خوێندنەوە بە فشار و بە زۆر بێت، کاردانەوەی پێچەوانەی دەبێ.

کتێب خوێندنەوە تەنیا نیوەی کارەکەیە، باس و لێدوان لەسەر کتێبەکە نیوەکەی دیکەیەتی. تەنیا کارێک کە باوان دەتوانن بیکەن ئەوەیە کە ڕێگە بدەن خوێندنەوە بە پێی مەرجەکانی منداڵەکە خۆی بێت. هەروەها دایک و باوک حەزی خۆیان نیشان بدەن لە بەرامبەر ئەو کتێبانەدا کە منداڵان هەڵیان بژاردوون. هەروەها گفتوگۆیان لەگەڵ بکەن لەسەر ناوەڕۆکی کتێبەکان.

**ئەوە گرنگ نییە کە ئەوان چی دەخوێننەوە، تەنیا ئەوە گرنگە کە ئەوان بخوێننەوە!**

**سێ منداڵەکەی من بە تەواوی جیاوازن لە بارەی خوێندنەوەی کتێبەوە، کچە گەورەکەم زۆر حەزی لە ڕۆمانی تاوانکارییە، بە تایبەت لە ئەدەبی ئینگلیزیدا، کە لە نێوان ساڵانی ١٩٤٠ – ١٩٥٠ دەردەچوون. کوڕەکەم حەزی لە شێرلۆک هۆڵمزە و کتێبەکانی ئالێکس ڕایدر و ڕیدوالی خوێندووەتەوە. کچە بچووکەکەیانم هەرگیز خوێنەرێکی جیدی نەبووە وەک خوشک و براکەی. ئەو تاقەتی ئەوەی نییە بە ئارامی دابنیشێ و حەزی لێیە شتی دیکە بکات. پێم وایە باشترین بیرەوەری کە حەز و حەشمەتی خوێندنەوەی تێدا پێک هێنا، کاتێک چیرۆکی (asseMajas)ی خوێندەوە. پاش خوێندنەوەی ئەم کتێبە، کتێبی Lill-Kitty Lill. Tvillingarna, Vi Fem B kerna بە جارێک خوێندەوە، بەڵام ئەو حەز بە خوێندنەوەی کتێبی جادوگەر و خێو ناکات. من لەسەر ئەو باوەڕەم کە گرنگ نییە ئەوان کام کتێب دەخوێننەوە، تەنیا ئەوە گرنگە کە ئەوان بخوێننەوە، منداڵەکانم ڕۆژنامەی زنجیرەیی و کتێبی کارتۆنییان زۆر خوێندووەتەوە. بە پێی زەمان، بۆخۆیان دێن بە دوای کتێبی دیکەدا دەگەڕێن.**

ئان ماری، دایکی ئێریکی ١٥ساڵ، ئانای ١٤ساڵ و کریستینی ١٠ساڵ.

# خۆت تاقی بکەرەوە

دەفتـــەرێـــک دابنـــێ بـــۆ ئـــەو کتێبانـــەی کـــە دەیانخوێنیتـــەوە، کـــارێکی زۆر باشـــە گـــەر ئـــەو کتێبانـەی دەیـانخوێنیتەوە یاداشـتیان بکـەی و وەک دۆکیومێنت هەڵیان بگری، ئەوە تەنیا بـۆ ئـەوە نیـیە کە تۆ بە ئاسـانی بیـرت بکـەوێتـەوە کامـە و کامـەت خوێندووەتەوە، بـەڵکـو لـەوە ورد بـەرەوە و بزانـە چ دەسـتکوەتێکـی بـەنرخـە کاتێـک ئـەم لاپـەڕەی یاداشـتانە هـەڵـدەدەیتـەوە، دەبینیـت لـەم سـاڵانەی دواییتـــدا چـــەنـــدە کتێبـــت خوێندووەتـــەوە. لای کتێبفرۆشـیـیەکـان دەفتـــەری یاداشـــتی وا دەســـت دەکەوێ، بەڵام ئێوە بۆ خۆشـتان دەتـوانن دەفتـەری وا بەو جۆرەی کە بۆ خۆتـان پێتـان بـاش بـێ، چـێ بکەن.

*ئەو شتانەی که دەتوانن لەم دەفتەرەدا بینووسن؛*

- دانانی نمرە بۆ کتێبەکە. چونکە کە نمرە بۆ کتێبێک دادەنێین، ئۆتۆماتیکی بیر لەوە دەکەینەوە کە لایەنە باش و خراپەکانی کتێبەکە

چی و چی بووە. ئەمە جگە لەوەی کارێکی خۆشە کاتێک نمرە بۆ کتێبێک دادەنێین.

- ژمارەی لاپەڕە و قەبارەی کتێبەکە بنووسە، چونکە کاتێک دەست بە خوێندنەوە دەکرێ، زۆر کەم هەڵدەکەوێ ئەوەندە گوێ بدرێ بە ژمارەی لاپەڕەی کتێب. زۆر خۆشە بزانیت کەی یەکەمین کتێبی ١٠٠ لاپەڕەییت خوێندووەتەوە.
- ئەوەش یاداشت بکە کە کەی و لە کوێ کتێبەکەت خوێندووەتەوە، چونکە کە لە دەفتەرەکەتدا دەیبینیتەوە نووسیوتە لە کوێ کتێبەکەت خوێندووەتەوە، سەدان بیرەوەریت دێنەوە یاد. ئەو شوێنەی خوێندنەوەکەی لێ کراوە، دەتوانێت وەبیرهێنەرەوەی بیرەوەرییەکانی خوێندنەوەش بێ. ڕەنگە بەسەرهاتی خوێندنەوەی کتێبێک تەواو جیاواز بێ، کاتێک لە کەمپێکدا بوویت یان لە سەیران بوویت، یان کە لە ماڵەوە بوویت و هەڵامەتت هەبووبێت.

# بەشی ٣

## کتێبی فاکت سەرچاوەیەکی گرنگە

گەلێک هۆکار هەیە، کە وا دەکات منداڵ نەخوێنێتەوە. لە پێشدا سنووردارێتیی زانستی، پاشان کەمیی وشە لە فەرهەنگی منداڵدا، کە نموونەن لەم هۆکارانە. هۆکاری دیکەش، قوورسیی کتێبەکانە.. لە باری وادا، کتێبی فاکت، دەتوانێ ڕزگارکەر بێ.

بۆ بەشێک لەو منداڵانەی کە پێیان خۆش نییە ڕۆمان بخوێننەوە، کتێبی فاکت دەتوانێت سەرنجڕاکێش بێ. دیارە کتێبی فاکت، ئاسانتر ناوەڕۆکەکەی لەبیر دەچێتەوە، بەڵام کتێبی فاکت وەک گەلێک کتێبی ئەدەبیی دیکە، سەرچاوەیەکی باشە بۆ ئەوەی جێگای ئەدەبی ڕۆمان بگرێتەوە. بۆیە جێگای خۆیەتی ڕەچاوی ئەوە بکەیت و بزانیت منداڵەکەت حەزی لە کام جۆری ئەدەبە. ئەگەر

**تەنیا منداڵەکەت حەزی لە کتێبی  هۆکی، ئەسپ یان دایناسۆرەکانە، ئەوا ئەم کتێبانە وەک کتێبی پەسندی منداڵان، وا دەکەن کە منداڵ وردە وردە ڕابێت و دواتر کتێبی جۆری دیکەش بخوێنێتەوە. بە واتایەکی دیکە، کتێبی فاکت وەک هەنگاوی یەکەم گەلێک یارمەتیدەرە کە منداڵ بێتە ناو دنیای خوێندنەوەوە.**

ترێس کانییەگا مامۆستای پۆلی (٧-١)ە. ئەو هەر لە سەرەتای کرانەوەی قوتابخانە و لە یەکەمین کۆبوونەوەی دایکان و باوکان، داوا دەکات کە دایکان و باوکان دەکات لە دوو شتدا یارمەتیی بدەن: خوێندنەوە و خشتەی لێکدانی ژمارەکان.

ترێس کانییەگا لەسەر ئەو باوەڕەیە، کتێبی فاکت یارمەتیی ئەو منداڵانە دەدات کە لە خوێندنەوەدا لاوازن تاوەکو بکەونە سەر گەڕی خوێندنەوە. هێندێک لە منداڵان هاوکات سێ کتێبیان پێیە بۆ خوێندنەوە، دانەیەک کە مامۆستا بە دەنگ لە قوتابخانە بۆیان دەخوێنێتەوە، کتێبێک کە دەبێ بۆ خۆیان بیخوێننەوە و کتێبێک لە ماڵەوە. بۆ ئەم منداڵانە ئەستەمە کە هاوکات سێ کتێب بخوێننەوە، لە کاتێکی وادا، دەتوانین ئەو

کتێبەی کە منداڵەکە لە ماڵەوە دەیخوێنێتەوە، بگۆڕین بە کتێبی فاکت.

یەکێک لە باوترین بابەتەکان کە لە کتێبەکانی فاکتی منداڵان و لاواندایە، باسی باوەڕبەخۆبوون، ئیتیک، هاوڕێیەتی، خۆشەویستی، سێکس و هەستەکانە. ئەمڕۆ کتێبەکانی سەبارەت بە غەم، مردن و کتێبی کارتۆنی و هەروەها کتێبی سیحر و سیحرباز، ژنە سیحرباز و خێو، وەک جاران نافرۆشرێن. سەرەڕای ئەوە، ژانرێکی نوێ لەناو کتێبی فاکتدا سەری هەڵداوە. ئەم جۆرە کتێبانە بە کتێبی (epitetet faktion) بەناوبانگن، کە لەم کتێبانەدا هەر دوو شیعر و دنیای ڕاستەقینە تێکەڵ بە یەکتری دەبن.

## دەقی فاکت شەرتی دیکە بەسەر خوێنەردا دەسەپێنێ

یەکێک لە گرفتەکان کە لە کتێبی فاکتدا تووشی دەبین ئەوەیە، کە تێگەیشتن لە دەقی ئەدەبی فاکت، زۆرجار قورسترە لە تێگەیشتن لە کتێبی ئەدەبی گێڕانەوە. ئێمە زۆر بە ئاسانی تووشی ئەو هەڵەیە دەبین سەبارەت بەو منداڵانەی بەبێ کێشە

ئەدەبی ڕۆمان دەخوێننەوە و لێی تێدەگەن. وا دەزانین کە پێویستە ئەو منداڵانە بەباشی لە ناوەڕۆکی سادەی کتێبی فاکت بگەن. بەڵام دەقی کتێبی فاکت، زۆرتر پێکهات و کاراکتەرێکی دیکەی هەیە و پێویستمان بە هەردوو هێز و کاتە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەم فۆرمە نوێیە ئاشنا بین. ئەگەر منداڵەکەت نایەوێت ئەم جۆرە کتێبە بخوێنێتەوە، یان کتێبێکی سادەی فاکت هەڵدەبژێرێ کە خۆی حەز بە بابەتەکەی دەکات، ئەوە کاتی ئەوەیە کە سەیری کتێبەکە بکەیت، چونکە لەوانەیە کتێبەکە زۆر قورس بێت، یان زمانی کتێبەکە خراپ بێت. ڕێنوێنییەکی باش ئەوەیە کە بۆ خۆت کتێبەکە بە دەنگی بەرز بخوێنیتەوە، لەم کاتەدا بە ئاسانی دەتوانی بزانی کە دەقەکە باشە یان نا، یان گرانی و سووکیی دەقەکە هەڵسەنگێنی و بزانی دەقەکە سەرنجڕاکێشە یان نا، ئەتۆ منداڵەکەی خۆت باش دەناسی و دەزانی کە کام قۆناغە بۆ ئەو باشە و دەگونجێ.

تێگەیشتن لە دەقێکی فاکت، کە لە کتێبی خوێندندایە ئاسان نییە، بۆئەوەی خوێنەر لە دەقەکە بگا، دەبێ زانیاریی لە پێشدا و بە تایبەتی

ئەزموونی خۆی هەبێ، کە فاکت و ئەزموون بتوانێ پێکەوە پێوەندی بدا بۆ باشتر تێگەیشتن لە دەقەکە. باشترین کار ئەوەیە کە پێشینەسازی بکرێ پێشئەوەی کە دەست بکەن بە خوێندنەوەی کتێبەکە، بۆنموونە منداڵەکەت دەتوانێ کتێبێک بخوێنێتەوە سەبارەت بە سکلێتی مرۆڤ، دەستپێکێکی باش ئەوەیە کە ئیزن بە منداڵەکە بدەی باس و لێدوان بکات دەربارەی ئەوەی کە خۆی زانیاریی لەسەر هەیە. بەم جۆرە بیرەکان وەگەڕ دەکەون و زانیارییەکان چالاک دەبن، ئەمەش وادەکات ئاسانتر لە ناوەڕۆکی دەقەکان بگەین.

هەنگاوی دوایی ئەوەیە، کە بیر بکەینەوە و بزانین ئێمە چیمان لە دەقەکە دەوێت. با منداڵەکە دوو پرسیار فۆرمۆلە بکا و لە کاتی خوێندنەوەکەدا وەڵامیان بداتەوە. لەوانەیە منداڵەکەت بیەوێت بزانێ کە چەند دانە ئێسقان لە لەشی مرۆڤدا هەیە، یان منداڵەکە دەیەوێت بزانێ بۆچی ئێسکێکی شکاو باش دەبێتەوە. ئەگەر بمانەوێت پێشوەخت بزانین چمان لە دەقێک دەوێت، حەزی خوێندنەوە زیاتر دەبێ، هەروەها لە کاتی خوێندنەوە و پاش خوێندنەوەیش، گرنگە کە پرسیار لەسەر دەقەکە

بکرێ و بیر لە ناوەڕۆکی دەقەکە بکرێتەوە. ئایا وشەی وا هەبووە کە منداڵەکە لێی تێنەگەیشتووە؟ ئایا وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە هەتانبووە وەرتان گرتووە؟ یان پرسیاری نوێ لەسەر بابەتەکە دروست بووە؟ قسەکردن لەسەر دەق پاش خوێندنەوە زۆر گرنگە، پرسیار بکە بۆ ئەوەی بزانی منداڵەکەت لە دەقەکە گەیشتووە.

## داواکاریت لە قوتابخانە هەبێ

مۆنیکا ڕیچنبەری، مامۆستای بەرپرس لە زانکۆی یۆتۆبۆری، لێکۆڵەری بواری دەقە. یەکێک لە بوارەکانی لێکۆڵینەوەی مۆنیکا ئەوەیە کە دەیەوێت بزانێ بۆچی منداڵان بۆیان ئەستەمە لە دەقی فاکت تێبگەن. مۆنیکا پێی وایە کە دەبوو دایک و باوکان داواکاریی زۆرتریان لە قوتابخانە هەبێ لەمەڕ ئەو دەقە فاکتانەی کە منداڵان دەیان خوێننەوە.

ئەو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە و دەڵێت: زۆر گرنگە ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین و بزانین کە ئەوە چییە وا دەکات تێگەیشتنی دەقێکی فاکت ئاسان یان قورس بێ! گەلێک کتێبی خوێندن هەیە کە وشە و تێکستی قورسیان هەیە و دەبێتە هۆی

ئەوەی منداڵ لە کتێبەکان ناگات، ئەگەر منداڵ تووشی تێکستی ئەستەم ببێ و ڕێگای چوونە ناو دەقێک نەزانێ، سەیر نییە کە واز بهێنێ و پشت لە خوێندنەوە بکات.

- کتێبەکانی وانەی منداڵەکەت بخوێنەرەوە، با دەقەکان قورس نەبن.
- لە قوتابخانە پرسیار بکە و بزانە چۆن کتێبی وانەیی هەڵدەبژێرن، ئەگەر هیچ کتێبێکی وانەییش بەکار نەیەت، هەمیشە ماددەی تری کۆپیکراو هەیە، کە منداڵان بۆ کاری قوتابخانە بەکاری دێنن.
- ئەو کتێبە فاکتەی کە منداڵەکەت حەزی لێیە، بیبەرەوە ماڵێ بۆ خوێندنەوە.
- لاپەڕە بە لاپەڕە کتێبەکە بخوێنەوە و ناوەڕۆکەکەی لەگەڵ منداڵەکەت باس بکە. دوان سەبارەت بە دەق، یارمەتیی منداڵەکەت دەدات مانای لا دروست بێ لەسەر ئەو دەقەی کە خوێنراوەتەوە و لە ئاکامدا منداڵ ئاسانتر لە دەقە ئەستەمەکان دەگات. بەم جۆرە، کارکردن ئاسانتر دەبێ لەسەر ئەو کتێبەی کە منداڵەکەت لە قوتابخانە دەیخوێنێت.

## مێژووی ڕاستەقینە سەرنج ڕادەکێشێ

تەنانەت لە نێو ئەو لاوانەشدا کە زۆر حەز بە خوێندنەوەی ئەدەبی گێڕانەوە ناکەن، کتێبی فاکت سەرنجڕاکێشە و دەبێتە هۆی جووڵاندنی حەزی خوێندنەوە. زۆرجار لە میدیاکاندا باس لە ڕەوتی حەقیقەتگەرا (reality-trend) دەکرێ. وێنەی ئەم جۆرە درامای دۆکیومێنتە، ئەم جۆرە ئەدەبە، هەمان ڕەوتی ئەدەبییان هەیە. ئەمڕۆ کتێبێکی زۆر بڵاو دەبنەوە کە لەسەر بنەمای ئەو بەسەرهاتانەن کە ڕوویان داوە و لاوان بە حەسرەتەوە بە دوای ئەم کتێبانەوەن. کتێبی نووسەرانی وەک داوید پیلزێرس *ئەو کوڕەی کە وا بانگ دەکرا*، کتێبی لیزا مارکلوند "ئەو ژنەی خۆی حەشار دا" (gömda) و کتێبی یوناس گاردێل (en komikers uppväxt) لە لیستی سەرەوەی کتێبە ناسراوەکانن. بێگومان زۆر باشە کە حەزی خوێندنەوە لە ڕێگای ئەم جۆرە ئەدەبەوە هان بدرێ. بەڵام هەمانکات گەلێک گرنگە کە گفتوگۆ لەگەڵ لاوان بکرێ لەسەر ئەم جۆرە کتێبانە. بۆ خوێنەری ئەم جۆرە ئەدەبە، زۆر زەحمەتە کە بزانرێ دەنگی ڕاست و ناڕاست کامەیە.

ئانیتا ئۆرگەیم دکتۆرای هەیە لە زانستی ئەدەبدا لە زانکۆی ڤێگشۆ Växsjö، لێکۆڵینەوەیەکی لە ماوەی سێ ساڵدا لەسەر وانەی سویدی کردووە لە پۆلێکی دواناوەندیدا. ئەو دەڵێت: زۆر ئاشکرایە کە لاوان سەرنجیان بۆ لای ئەو کتێبانە ڕادەکێشرێ، کە لەسەر بنەمای ڕاستین. ئەو لاوانە بە دوای کتێبی وادا دەگەڕێن، ئەوانەیان پێ خۆشە و لە هەمان کاتدا جیددین لە خوێندنەوەی هەر کتێبێکی فاکتدا کە بنەماکەی لەسەر ڕووداوێکی بابەتی ڕۆژ بنیات نرابێ. چ وەک مامۆستا و چ وەک دایک و باوک، زۆر بە ئاسانی دڵخۆش و ڕازین بەوەی کە لاوەکانمان دەخوێننەوە. بەڵام گرنگە کە هەر بەوەوە نەوەستین. کتێبی وا بێ ئەملاو ئەولا، دەبێ قسەیان لەسەر بکرێ و وتو وێژیان لەگەڵ بکرێ.

ئانیتا کتێبی لیزا مارکلوند، ڕۆمانی "ئەو ژنەی خۆی حەشاردا" Gömda به نموونە دێنێتەوە. ئەم چیرۆکە بەسەرهاتی ژنێکی سویدییە کە ناوێکی نەناسراوە بە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک نووسراوە. ئەو پیاوە ئیسلامییەی کە ڕاوی دەنێ و بە دوایەوەیەتی و لێی دەدا، هیچ ناوێکی نییە.

ئەو دەڵێت: زۆربەی گەنجان، کاتێک ئەم کتێبە دەخوێننەوە، بیر لەوە ناکەنەوە کە ئەم چیرۆکە لەسەر بنەمای کەسی یەکەمی تاک و لەسەر فۆرمی ئەدەبی ڕاستی نووسراوە. ئەوان بیر لەوە ناکەنەوە کە لەوانەیە ئەم چیرۆکە بە تەواوی جۆرێکی دیکە بێ، ئەگەر هاتبا لە ڕوانگەی کابرا موسڵمانەکەوە نووسرابا، ئەو حەقیقەتە ڕەهایەی کە گەنجان بە دوایەوەن، نەدەکرا لە میدیاکاندا دەستمان بکەوێ. بۆیە ئێمە دەبێ قسە لەسەر کتێب بکەین هەر وەک چۆن قسە لەسەر بەرنامەیەکی تیڤی، یان ڕووداوێک دەکەین. لاوان پێویستە یارمەتییان بدرێ و بیر بکەنەوە، تا بزانن کێ سەرچاوەیە و بیروبۆچوونی وی کامەیە لەسەر چیرۆکەکە.

# خۆت تاقی بکەرەوە

ئایا منداڵەکەت لێزانە لە یاری دوو گۆڵی؟ شارەزایی هەیە لە یاریی ئەسپسواریدا؟ هیچ لە دەزانێت لە کەروێشک یان گوڵەکان؟

ڕێ بە منداڵەکەت بدە بە تەواوی لە حەزەکەی خۆیدا بتوێتەوە و کتێبی فاکتی خۆی لەسەر ئەوەی کە حەزی لێیە کۆبکاتەوە و بنووسێ. لەگەڵ ئەوەیدا ڕاهێنانێکی باشە کە فاکت کۆبکاتەوە و شتیان لەسەر بنووسێ، هاوکات هەستێکی گەلێک خۆشە کە نووسراو و وێنەی کۆکراوەی خۆت ببینییێت، کە لە کتێبێکی فاکتدا کۆتکردوونەتەوە و دەرت هێناون.

- ئەلبومێکی تۆپی پێ، یان دەفتەرێک بکڕە. وێنەکان لە دەفتەرەکە بدە، یان وێنە لە ڕۆژنامەکان دەربهێنە.

- فاکت لەسەر وێنەکان بنووسە. دەکرێ بیرۆکەیەک ئەوە بێ فاکت کۆبکەینەوە و سەردێڕیان بۆ بنووسین. خۆ ئەگەر بمانەوێت کتێبێکی فاکت لەسەر تۆپی پێ بنووسین، دەکرێ سەردێڕەکان دەتوانن ئەمانە بن: کەرەسەکانی

تۆپی پێ، یاریزانە ناسراوەکان، یاساکانی تۆپی پێ، شوێنی یاریزانان لە تیپەکاندا، گۆڵە جوانەکان و هەتا دوایی.

- دەتوانیت سەیری کتێبی فاکتی دیکە بکەیت سەبارەت بە هەمان بابەت، بۆ ئەوەی لەوان بیرۆکە وەربگری. ئەگەر منداڵێک ڕستەیەکی گرنگ لە ناو دەقێک دەربهێنێ، ئەوە ڕاهێنانێکی باشە بۆ ئەوەی منداڵ فێری گەڕان ببێت بە دوای زانیاریی دەقێکدا.

ڕێنوێنی دەربارەی کتێبی وێنەی فاکت

- دایناسۆرەکان
- دەریاکان
- ئەستێرەکان
- یاریی کۆمپیوتەر
- شیرینی

تێبینی وەرگێڕ: سەرچاوەیەکی بەنرخی دیکە بۆ ئەم کارە، ئەوەیە لە ئینتەرنێت کەڵک وەرگرین. ئێمە هەتا ئێستاش کتێبی کوردیمان لەم بارەیەوە کەمە، بەڵام سوپاس بۆ ئینتەرنێت کە دەتوانین بە ئاسانی گەلێک زانیاری و وێنەی لێوە دەست بخەین.

# بەشی ٤

## وانە و مەشقەکانیماڵەوە

ڕۆژان هەیە پاشئەوەی قوتابخانە دەست پێدەکات، منداڵەکەت بە جانتای پڕ لە ئەرکی قوتابخانەوە دێتەوە ماڵەوە. ئەم ڕۆژە ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ: ئایا ساتەکانی کارکردن لەسەر ئەرکە پێدراوەکان دەبێ خۆش و پڕ بەهرە بن، یان دەبێت کێشەکان لێیانەوە دەست پێبکەن؟

وانە و ئەرکی قوتابخانە ئەو وشەیەیە کە هەستەکان دەجووڵێنێ. زۆر کەس وشەکە گرێ دەدا بە خواست و داواکاری و کێشە و کاری زیادەی ناخۆشەوە، بەڵام مەشقەکان نابێت ناخۆش بن. لە باشترین حاڵەتدا کاری ماڵەوە هەستی باوەڕبەخۆبوون بەهێز دەکات، دەبێتە هۆی گوتاری داهێنەرانە و دایک و باوک و منداڵ پێکەوە کۆدەکاتەوە.

ڕاهێنانەکان ڕەگێکی قووڵیان هەیە لە ناخی ئێمەدا، ئەم وشەیە ئەوەندە لە مانای قوتابخانەوە نزیکە، کە زۆر کەس بە زەحمەت دەتوانن بیر لە قوتابخانە بکەنەوە بێ بوونی ڕاهێنان. ئەم بۆچوونە گەلێک ساڵە وا هاتووە، بەڵام ئەمڕۆ ڕوانگەی جۆراوجۆر هەیە لەسەر کار و ئەرکی قوتابخانە لە ماڵەوە. هێندێک قوتابخانە واجبی ماڵەوەیان لابردووە و پێیان وایە کە منداڵان دەبێت ئەو کاتەی کە لە ماڵەوەن، تەرخانی بکەن بۆ چالاکیی دیکە. قوتابخانەی دیکە هەیە ئەرکەکان دەخەنە پاشنیوەڕۆکانی قوتابخانە؛ دیارە لەگەڵ ئەو مامۆستایانەی کە پاش کاتی قوتابخانە دەمێننەوە و یارمەتیی ئەو منداڵانە دەدەن کە پێویستیان بە یارمەتییە. قوتابخانەی دیکەش هەیە کە بۆچوونی دیکەیان هەیە و پێیان وایە کە کاری ماڵەوە بەشێکی پێویست و باشی کاری قوتابخانەیە.

ئۆلف لیو، مودیری قوتابخانەی هۆیبیر لە کۆمۆنی لوند، ئاماژە بەو دەدا و دەڵێت: گەلێک گرنگە، کە ئەرکەکان لەگەڵ پێویستیی قوتابخانەوە دۆخی قوتابیدا بگونجێنرێن.

منداڵان لەوە ناڕازی نین ئەرکەکانیان لەماڵەوە ئەنجام بدەن، ئەگەر بزانن دەبێ چی بکەن. کێشە ئەو کاتە دروست دەبێت، کە منداڵەکان نەزانن چۆن دەبێ ڕاهێنانەکان ئەنجام بدەن. جاری وا هەیە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کێشە لە نێوان منداڵان و دایک و باوکاندا دروست بێ و منداڵەکە دڵتەنگ دەبێ و هەست بە کەمیی خۆی دەکات. بەڵام ئەوە ئەرکی قوتابخانەیە وا بکات، ئەو ئەرکەی بە منداڵ دەدرێ، لە ڕادە و توانای منداڵدا بێ و پێویستە بۆ منداڵەکە ڕوون بکرێتەوە کە چۆن کار لەسەر دراو و داواکراو بکات.

## کەشێکی لەبار پێک بهێنە

زۆر گرنگە لێت ڕوون بێ و بزانیت قوتابخانەی منداڵەکەت بیروبۆچوونی چییە چۆنە لەسەر ئەو ئەرکانەی کە لە قوتابخانە دەدرێ بە منداڵەکەت تا لە ماڵەوە بیانکات. لەگەڵ مامۆستای منداڵەکەت قسە بکە پێشئەوەی منداڵەکەت بە واجبەکانەوە بێتەوە ماڵەوە. گرنگە ئەوە بزانی، مامۆستا چۆن سەیری ئەرکی ماڵەوە دەکات. ئایا وانەکان ڕاهێنانی زیادەن؟ بزانە چی ڕوو دەدات دوای تەواو بوونی

ئەرکی وانەکان؟ یان چی ڕوودەدات ئەگەر ئەرکەکان دواکەوتن؟ دەتوانیت پێشوەخت کۆبوونەوەی "دایکان و باوکان"دا مامۆستاکە ئاگادار بکەیتەوە تا باسی بۆچوونی خۆی بکات لەسەر ئەرکی ماڵەوە. ئەوە یارمەتیی ئەوە دەدات کە دایک و باوکانی دیکەش ڕای قوتابخانەکە و مامۆستا بزانن لە پەیوەندیی لەگەڵ مەشقەکانی ماڵەوە. کاتێک کتێبەکان لەسەر مێزی نانخواردن لەسەر یەک کەڵەکە دەبن، کاتی ئەوەیە کە بە باشترین شێوە کەڵک لە دۆخەکە وەربگری. بێگوێدانە جۆری بیرکردنەوەی خۆت لەسەر ئەرکی قوتابی لە ماڵەوە، ئەتۆ وەک دایک و باوک دەورت هەیە لە پرۆسەی ڕاگەیشتن بە کارەپێدراوەکانی ماڵەوە. پاڵپشتیی منداڵەکەت بکە و دۆخێکی باش پێک بێنە لە کاتی کارکردن لەسەر ئەرکەکانی قوتابی لە ماڵەوە. زۆر گرنگە کە لە سەرەتاوە وریا بیت و نەیەڵیت کار و بەرپرسیاربوونی لە ڕادەبەدەر بەسەر منداڵەکەتدا بدرێ. منداڵێکی حەوت ساڵە کە دێتەوە ماڵ هیچ پێویست ناکات بەرگری بکات لە بڕیاری مامۆستاکەی. ئەرک و کاری وا، دەبێت گەورەساڵەکان ئاگایان لە چۆنییەتییەکەی بێ.

منداڵان بە دوای ئەوەوەن کە شتی نوێ فێر ببن. ئەم هەست و هەڵە بقۆزەرەوە!

یەکێک لە سوودەکانی کاریماڵەوە ئەوەیە، قوتابی فێری ئەوە دەکات، کە تەکنیکی خوێندن پێش بخات، هەروەها قوتابی فێر دەبێ چۆن پلان دابنێ بۆ داهاتووی خوێندن. کاتێک منداڵ و دایک و باوکان بەیەکەوە کار لەسەر ڕاهێنانەکان دەکەن، دەتوانرێ کەشوهەوای گەلێک خۆش دروست بکرێ. بۆ وێنە، دەقێک دەربارەی ئەوەی کە چۆن دایناسۆرەکان لەسەر ئەم زەوییە ژیاون، دەتوانێ فانتازیا بوروژێنرێ و هانی حەزی خوێندنەوە بدرێ لای زۆربەی منداڵان. یان قسەکردن لەناو ئەندامانی بنەماڵەیەکدا دەربارەی ئایینەکان بۆ لاوێک، کە دەکرێ گەلێک سەرنجڕاکێش بێ، بە تایبەتی کە ئەم لاوە دەیەوێت خۆی ئامادە بکات بۆ باس و لێدوان لە قوتابخانە.

بیرتان نەچێ کە مەشق و ڕاهێنانەکانی ماڵەوە تەنێ هەر داواکاری و ئەرکی قوتابخانە نین، بەڵکو هەلی ئەوەش دەڕەخسێنن کە دایک یان باوک و منداڵ پێکەوە کۆبکاتەوە. تەنیا ئەوە نییە کە ئەرکی قوتابخانە لە ماڵەوە هەر ئەوە بێت کە

منداڵیک له ڕۆژێکی ئاساییدا له ماڵەوە دەیکات. لەوانەیە ئەم نیو کاتژمێرەی کە منداڵەکە و ئێوە خەریکی شیکارکردنی ڕاهێنانەکانن، تەنیا هەل بێ کە ئێوە و منداڵەکەتان بەیەکەوە دادەنیشن و بەیەکەوە کار بکەن. ئەگەر ساتی خوێندن و ڕاهێنان لێوانلێو بێ له حەز، ئاکامەکەی دەبێتە هۆی چوونەسەری ئاستی زانیاری بەسوود، چ بۆ خۆت و چ بۆ منداڵەکەشت.

## ڕۆڵی دایک و باوک له خوێندنەوە و ڕاهێناندا

ناتوانین بە وەڵامێکی سادە بگەینە ئەوەی کە چۆن کار لەسەر خوێندنەوە و ڕاهێنان بکەین لە ماڵەوە، زۆر شت کاریگەری هەیە و منداڵان جۆراوجۆرن. قوتابیی پۆلی یەکەم، یەکەمین و گرنگترین وانە بە شانازییەوە دێنێتەوە ماڵ، قوتابیی پۆلی شەشەم جانتاکەی قوورسترە، هەروەها کاتی کەمترە و وانەکانی زۆرترن. هاوڕێکان گرنگترن بۆ منداڵێکی دوازدەساڵە، هەروەها کاتی یاری و وەرزش، بەرنامەکانی تیڤی و یاریی کۆمپیوتەر، لە وانەکان گرنگترن. قوتابییەکان لە هەموو وانەکاندا کار و ئەرکیان دەدرێتێ. لە سەردەمی ئەمڕۆدا،

گەلێک ئەستەمتر بووە دایکان و باوکان فریا بکەون و بە منداڵەکەیان ڕابگەن. لە کاتێکی وادا، دەبێ دایکان و باوکان چی بکەن کاتێ کات بەش ناکات یارمەتیی منداڵەکانیان بدەن؟ سەیری دۆخی منداڵەکەت بکەیت و کات ببینیتەوە کە گونجاو بێ بۆ هەردوو لاتان، چەند ڕێگایەک تاقی بکەنەوە و بزانن کام میتۆدە بۆ کارکردن باشە بۆ هەردوو لا! قسە لەگەڵ بنەماڵەی هاوڕێکانی منداڵەکەت بکە و بزانە ئەوان چۆن کار دەکەن! بزانە ئەوان ڕێگای باشیان هەیە بۆ کارکردن کە ئێوەش بەکاری بێنن! خۆت لە دەمە تەقەی ناخۆش بپارێزە، لە جیاتی ئەوە خۆت سەرقاڵ بکە بە وانەکانی منداڵەکەتەوە و باسی وانەکان بکە لەگەڵ منداڵەکەت. تەنیا مەپرسە ئەرکەکانت ئەنجام داوە یان نا؟ پرسیاری ئەوە بکە کە چۆن ئەرکەکان ئەنجام دراون. ڕاهێنانێک بە شێوەی جۆراوجۆر و لە ئاستی جۆراوجۆر شیکار دەکرێ، بزانە کە کارەکە بەجوانی کراوە و وردەکاری کراوە لە وەڵامدانەوەکاندا.... هەتا دوایی.

ڕێنوێنییەک ئەوەیە کە ڕۆتین و ڕەواڵ هەبێ لەسەر چۆنییەتی کارکردن لەسەر وانەکانیماڵەوە.

ئەمـە دەبێتـە هـۆی پێکهـاتنی کـەشـێکی ئـارام، کـە منـداڵ و دایـک و بـاوک بـزانن چ کاتێـک و لـە کـوێ واجبـەکـان ئـەنجـام دەدرێـن. هـەلێکـی بـاش دەبـێ، ئەگەر کەسێکی دیکەش یارمـەتیـی منداڵـەکـە بـدات. جـاری وا هـەیـە کـارکردن لـەسـەر جـەبـر، لـەگـەڵ بابەگەورە خۆشترە، تا لەگەڵ باوک.

ئـەوەی گرنگـە ئـەوەیـە، منداڵـەکـە بزانێـت کـە گـەورەیـەک هـەیـە و یارمـەتیـی دەدات و بیـری دێنێتەوە کە دەبێت کارەکانی بکات. لەوەش گرنگتـر ئەوەیە، ئەو کەسەی کە یارمـەتیـی منداڵـەکـە دەدات ڕۆڵێکی زۆر چالاکی نەبێ. وەک باوک و دایک، ئێـوە دەبێ هەلومـەرجـی بـاش بـۆ منداڵـەکـە بخـوڵقێنن و منداڵەکە تەشویق بکەن و هـانی بـدەن، کـەس نـابێ کارەکان بۆ منداڵەکەی بکات.

**پشت به هەستەکانیش ببەستە**

ئێمە هەوڵمان داوە کە یارمەتیی منداڵەکانمان بدەین بەوەی هەستی خۆشیان بیر بهێنینەوە. بۆ وێنە، ئەو کاتەی بە ڕەزامەندی کارەکانیان کردووە و دەچنەوە بۆ قوتابخانە. ئەو هەستە خۆشەی کە هەموو کەس دەیەوێت هەیبێ، کاتێ دەچێتەوە قوتابخانە و کارەکانی ئەنجام داوە. ئەم بیر هێنانەوانەش یارمەتیی ئەوە دەدەن، کە کارەکان باشتر بکرێن.

**ستافان**

**باوکی هێدای شانزدە ساڵ، هۆگۆی سێزدە ساڵ و ئۆتۆی دە ساڵ.**

من لەگەڵ هاوڕێکانم دەمخوێند و ڕاهێنانەکانم شیکار دەکرد

کاتێک دواناوەندیم دەست پێکرد، چی دیکە دایک و باوکم دەرەقەتی دەرسی بیرکاری نەدەهاتن، منیش یارمەتیم پێویست بوو. ئاخرەکەی ساغ بوومەوە کە وانەی بیرکاری لەگەڵ دوو لە هاوڕێیانم بخوێنم، دایکم و باوکم لێمانەوە نزیک بوون و هانیان دەداین، بەڵام ئەوە خۆم و هاوڕێ کچەکانم بووین کە یارمەتیی یەکتریمان دەدا. کارکردن زۆر باش دەچووە پێشەوە، ئەوەیشی کە ئێمە لە پلەی جۆراوجۆردا بووین، کاریگەریی لەسەر کارکردنمان نەدەکرد. مرۆڤ خۆی گەلێک باش فێر دەبێ، کاتێک کە شتێک بۆ هاوڕێیەکی ڕوون دەکاتەوە، هاوڕێیەکی کە لای دانیشتووە و یاری بە قژی خۆی دەکات و لە وانەکەی تێناگات.

ئانا ٢٦ساڵ

## ڕێنوێنی:

دەتوانی لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە یارمەتیی منداڵەکەت بدەیت کە ئەرکەکانی تەواو بکات. دیارە باشترین ڕێگە ئەوەیە کە تۆ لە لای منداڵەکەت بیت، کاتێک کارەکەی دەکات و بەخەمەوە بیت بۆی، بێئەوەی کارەکە لە منداڵەکە وەرگری و خۆت بیکەیت.

- گوێ لە منداڵەکەت بگرە و بزانە کە ڕاهێنانەکان دەبێت چۆن شیکار بکرێن.
- یەکێک بە لە لایەنەکانی قسەکەر.
- داوا لە منداڵەکەت بکە وانەکە بە دەنگی بەرز بخوێنێتەوە.
- هاوکات قسە لەسەر وانەکە بکەن، ئەگەر شتی تریش دەکەن.
- دەرەجە و نمرە بە وانەکان مەدە.
- کاری منداڵەکە مەکە، با بۆ خۆی کارەکانی بکات.
- گوێ لە منداڵەکەت بگرە و پەسەندی ئەو قسانە بکە، کە منداڵەکەت دەیڵێ. سەبر بکە، یارمەتیی پێشوەخت مەدە و ئەرکەکە مەکە بە هی خۆت.

- ئەگەر منداڵەکە ماندووە، ئیزنی بدە بحەسێتەوە.
- زانیارییەکانی منداڵەکەت مەخە ژێر پرسیارەوە. هەڵسوکەوتی تۆ نیشانی دەدا، ئەگەر تۆ باوەڕت بە توانای منداڵەکەت هەبێ یان نا.
- ئەگەر شتێکت نەزانی، ئەم هەلە بقۆزەوە و ئاماژەی پێ بکە کە تۆ ئەم شتە نازانیت. منداڵان پێیان خۆشە شت فێری دایک و باوکان بکەن.
- با خوشک و براکان یارمەتیی یەکتری بدەن.
- ئەگەر کێشە هاتە پێشەوە، با گەورەساڵێک یارمەتییان بدات. لەوانەیە خۆشتر بێ کە وانەکان لەگەڵ بابەگەورە یان داپیرە بکرێن.
- ئەگەر نیگەران بووی، لەگەڵ مامۆستاکە قسە بکە.

بە پێی ڕاپۆرتی ناوەندی نوێنەرانی منداڵان[٢]، باس لەوە دەکرێ، کە منداڵان و گەنجان تووشی دڵەڕاوکێ و سترێس بوونە. ئەم ڕاپۆرتە نیشانی دەدات کە ٧٧%ی منداڵانی سوید لە نێوان تەمەنی

---

2 http://www.barnombudsmannen.se/

٩ و١٦ساڵ دڵەڕاوکێیان هەیە. لە لێکۆڵینەوەیەکی وردتردا هاتووە کە ٤٦%ی هۆکاری ئەو دڵەڕاوکێیە، هۆکاری زۆریی ئەرکەکانی قوتابخانەیە بۆ ماڵەوە.

# خۆت تاقی بکەرەوە

## بۆ وەڵامی پرسیارەکان ئینتەرنێت بەکار بێنە

ئەمڕۆ بەشێکی بەرچاو زانیاریت لە ماڵپەڕە ئاسمانییەکان دەست دەکەوێ. گووگڵ و ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای سەردەمن.

ئینتەرنێت سەرچاوەیەکی گەلێک گرنگە بۆ گەڕان لەدووی زانیاری، هەرچەندە گەڕان لە ئینتەرنێتدا کارێکی بێ کێشەش نییە. منداڵ چۆن جیاوازی بکات لە نێوان ئەوەی ڕاستە یان ناڕاست؟ کام سەرچاوانە دەبێت پشتیان پێ ببەسترێ؟ چۆن دەکرێ ئەو زانیارییانەی کە بەدوایاندا دەگەڕێین، لە ناو ئەم گشت ماڵپەڕەدا بدۆزینەوە.

بۆئەوەی بە باشترین شێوە بتوانی زانیاری لەسەر ئینتەرنێت کۆبکەیتەوە، وا باشە لەگەڵ

منداڵەکەت دابنیشیت و بە وردی لە ناو ماڵپەڕەکاندا بگەڕێی. گووگڵ سەرچاوەیەکی باشە.

### * تێبینی لە لایەن وەرگێڕەوە

لەم بەشەدا چەند ماڵپەڕێک ئاماژەیان پێکراوە، کە ناکرێ بە کوردی گەڕانی زانیارییان تیادا بکرێ. دیارە پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم کە گەڕان بە دوای زانیاریدا بە زمانی کوردی زۆر لە دواوەیە. بۆیە بۆ گەڕان بە دوای زانیاریدا، وا باشە لە زمانەکانی دیکە کەڵک وەربگیرێ. لێرەدا تەنیا بەشی کارکردن لەسەر گووگڵ وەردەگێڕم.

**www.google.com**

گووگڵ ماڵپەڕێکی باشە لە نێو ماڵپەڕەکانی دیکەدا بۆ گەڕان بەدوای زانیاریدا، بەڵام هەمانکات، پێویستە جوان ماڵپەڕەکان بپشکنیت؛ بۆ ئەوەی گەڕانەکە ئاکامێکی باشی هەبێ، وا باشە کە نووسراوەکە دەستەواژەیەک یان بە لایەنی کەمەوە، دوو وشە بێ. ئەوەی گرنگە لێرەدا، کە وشە یان وشەکان لە نێوان هەر دوو هێمای {" "}دا بنووسرێن. ئەم کارە گەڕان ئاسانتر دەکات و سنووورداری دەکا.

# بەشی ٥

## کاتێک خوێندنەوە سەبر و ناخۆش دەبێ

هێندێک لە منداڵان، زیاد لە پێویست خوێندنەوەیان لا ناخۆش و گرانە. لەم کاتەدایە کە گەورەساڵ دەبێت زیرەک بێت، تاوەکو منداڵەکە هەستی باوەڕبەخۆبوونی خۆی، بە تەواوی، لە دەست نەدا. لەم پەیوەندییەدا کۆمەڵێک چارەسەری باش هەن. خوێندنەوە و نووسین بۆ هەموو کەس ئاسان نییە. هێندێک کەس هەر زوو فێری خوێندنەوە (لێرە مەبەست لە خوێندنەوەی ئەدەبە) دەبن و پاشان بێ کێشە کتێب لە دوای کتێب دەخوێننەوە. خوێندنەوە بۆ هێندێک کەسی دیکە، زەحمەتترە. لە باری وادا دەبێ ئارامگر و خۆڕاگر بین. خوێندنەوە بۆ زۆربەی ئەو کەسانەی کە درەنگ دێنە سەر ڕێ، وردە وردە و لە سەرەخۆ جێگەی خۆی دەگرێ، بەڵام جاری وایە هێندێک لەو

**منداڵانە کێشەی خوێندنەوە و نووسینیان هەیە. هەر بۆیە باشە لەوەش ئاگادار بین کە دەکرێ هێندێک منداڵ کێشەی خوێندنەوە و نووسینیان هەبێ. لێرەدا مەبەست ئەوە نییە بڵێم چەندە بە دروستی ئەم کێشەیە ئاساییە، بەڵام لە هەر پۆلێکدا لە وڵاتی سوید، کۆمەڵێک منداڵ هەن کە کێشەیان لەگەڵ نووسین و خوێندنەوە هەیە.**

بێگومان شتێکی خۆش نییە کاتێک خوێندنەوە دژوار دەبێ. زۆر ئاساییە لە کاتێکی وادا منداڵەکە لە هاوپۆلییەکانی بەجێ دەمێنێ. لەم دۆخەدا هەنگاوەکانی خۆ بەراوردکردن لەگەڵ هاوپۆلییەکان دوور نییە و ڕوودەدا. ئەم منداڵانەی کە لە هاوپۆلییەکانیان وەدوا دەکەون، هەست بەوە دەکەن کە خراپن، شکستیان خواردووە و نیگەران و ناڕەحەت دەبن. پرسیاری لەم جۆرە بۆ ئەم منداڵانە دێتە پێش. بۆ هاوڕێکەم شت دەزانێ من نایزانم؟ دایک و باوکان دەیانەوێت یارمەتیی منداڵەکەیان بدەن. بەڵام چۆن؟

سوسان ساندبێری کە لە کۆمەڵەی دیسلێکسی[٣] دایک و باوکانە، دەڵێت: گرنگە کاتێک منداڵ ئەم کێشەیەی هەبوو، کارێکی وا بکەیت کە منداڵ هەستی باوەڕبەخۆبوونی لەدەست نەدات.

ئەو دەڵێت: میتۆدێکی وا نییە (بۆ چارەسەری کێشەی خوێندنەوە و نووسین) کە بۆ هەموو منداڵان بشێت. ئەگەر منداڵەکە کێشەی خوێندنەوەی هەبوو، پێویستە کە خاڵە بەهێز و لاوازەکانی بنووسرێن و نەخشەڕێژ بکرێن و پلانیان بۆ دابنرێ. ئەوە ئەرکی قوتابخانەیە کە ئەم منداڵانە بدۆزێتەوە و خوێندن بە پێی بارودۆخی ئەوان بگونجێنێ. هەروەها کۆمەڵێک شت هەیە کە دایکان و باوکانیش دەتوانن ئەنجامی بدەن، گرنگترینی ئەوانە ئەوەیە، کە هەست بەخۆکردنێکی ئەرێنی[٤]ی ڕەها لای منداڵ دروست بکرێ و منداڵ حەزی خوێندنەوەی تێدا دروست بکرێ.

---

[3] Dyslexi

[4] Self-esteem.هەستکردن بە  نرخی خۆت

گرنگـــــه حــــــەزی منـــــدالآن بوروژێنرێـــــت دەبێـت ئاگـاداری ئـەوە بـین نـەهێڵـین منـداڵ وا بیـر بکاتــەوە کــە خوێندنــەوە ناخۆشــە، ڕێنوێنییــەکــی ئاسان ئەوەیە کە دایکان و باوکان ڕۆژانە ١٥ دەقیقـە لـەگـەڵ منداڵـەکانیـان کتێـب بخوێننــەوە. ئـەمە بـۆ زۆربـەی منـدالآن دەگـونجێ، بـەلآم ئـەم میتـۆدە بـۆ هەموو منداڵێک نابێ. ترسی ئەوە هەیـە کـە ئـەم ١٥ دەقیقەیە بۆ هـەردوولا چ منـداڵ و چ دایکـان باوکـان گران بێت، چونکە ئەمە دەبێتە واجبێـک کـە هـەمـوو ئێوارەیەک دایکان و باوکان دەبێت بیکەن.

بە ڕای سوسان ساندبەری، وروژاندنی حەزی منداڵ و ئەرێنیکردنی ساتەکانی خوێندنەوە، گەلێک گرنگە. ساندبەری پێی وایە کە ئەمە بە زۆری ناکرێ. ئەو دەڵێت: ئەگەر دەزانی ساتەکانی خوێندنەوە سەخت و دژوارن و کێشە هەیە، پەیوەندی بە قوتابخانەوە بکە و هەروەها هەوڵ بدە ڕێگەی دیکە بۆ خوێندنەوە تاقی بکەوە.

پێم وایە کێشەکە چارەسەر دەکرێت
پێم وایە هەموو کەس فێری خوێندنەوە دەبێ. لەم ڕێگایە پێمان دەچێت.. کاتی جیاواز بۆ هەر یەکێک ڕاهێنانی زۆرە، بەڵام کوڕەکەم کە لە خوێندنەوەدا باش نییە، باوەڕی بەم قسەیەی من نییە. ئەو پێی وایە کە ئەو هەرگیز ناتوانێ فێری خوێندنەوە ببێ و خوێندنەوەی بۆ دژوارە. زۆر جێگای غەم و پەژارەیە کە ئەو وا بیر دەکاتەوە. ئێمە هەوڵ دەدەین کێشەکان چارە بکەین، بەڵام ئەو ئەمە وەرناگرێ، ئەو بە دڵی خۆی، ناخوێنێتەوە. سەرەڕای ئەوەش پێم وایە کە کێشەکە چارەسەر دەکرێ، ئەگەر ئێمە تەنیا خۆڕاگر بین و ئارامیمان هەبێ. سەرەڕای ئەمانەش، وا دەکەم کتێبی بۆ خوێندنەوە لێ نەبڕێ. ئێمە هەموو ئێوارەیەک بە دەنگی بەرز کتێب بۆ یەکتر دەخوێنینەوە، ئەمە باشترین ساتەکانی ئێمەیە.
پیرنیلا، دایکی ڤیلمەری ٩ساڵان.

ئەگەر منداڵ کێشەی خوێندنەوەی هەیە و بۆی ئەستەمە کتێب بخوێنێتەوە، چارەسەر ئەوەیە کە ڕاهێنانی زۆر بە منداڵەکە بکرێ، تا خوێندنەوە و خێرایی خوێندنەوەی تیادا وەگەڕ دەکەوێ. گرنگە ئەوەش بزانین کە تەنیا بە مەبەستی سەرگەرمی، چیرۆک بۆ منداڵەکە بگێڕینەوە، یان کتێبیان بۆ بخوێنینەوە، ئێمە پێویستە بیر لە ئامانجی خوێندنەوە بکەینەوە، پێش ئەوەی کتێب بۆ منداڵەکەمان هەڵبژێرین. ئەگەر بڕیار وایە کتێبێک تەنیا لەبەر ڕاهێنانی خوێندنەوە بخوێنینەوە، دەبێت ئاستی کتێبەکە لە ئاستێکی ناوەنجیی باڵادا بێ، چونکە ئەگەر ئاستەکە باڵا بێت، لەوانەیە منداڵەکە مەیل و حەزی لەدەست بدات. خۆ ئەگەر بە پێچەوانەشەوە ئاستی کتێبەکە لە نزم بێت، ئەوا بەهرەی فێربوون نزم دەبێت. بەڵام ئەگەر خوێندنەوە تەنیا بۆ سەرگەرمی و بۆ خۆشی بوو، ئەوا مەرجەکان لێرەدا تەواو جیاواز دەبن. ئێمە جاری وا هەیە بیرمان دەچێ کە منداڵان دەیانەوێت هەمان ئەو کتێبانە بخوێننەوە کە لە تەمەنی کەمتری خۆیاندا خوێندوویانەتەوە. کتێبی سەبارەت بە ئەسپ، چیرۆکی خێوەکان، کتێبی ماجەرا و

بەسەرهاتە سەیرەکان[5] و کتێبی فانتازیای گەلێک باش و سەرسوورهێنەرن بۆ ئەو کەسانەی کە کێشەیان لەگەڵ خوێندنەوەی کتێب هەیە. بە دەنگی بەرز بیخوێننەوە یان گوێ لە کتێبی دەنگی بگرن.

هێندێک ڕێنوێنی کاتێک خوێندنەوە دژوار دەبێ

- لەگەڵ قوتابخانە قسە بکە. گرنگە کە کارگێڕانی قوتابخانە نەک تەنیا یارمەتیی منداڵەکەت بدەن بۆ خوێندنەوە، بەڵکو ئەرکیانە بیر لەوە بکەنەوە و هەوڵ بدەن کە هەستی باوەڕبەخۆبوونی منداڵەکەت بەهێزتر بکەن، پێویستە منداڵیش ئەو هەلەی بۆ پێک بهێنرێ، کە لە بوارەکانی دیکەدا جیا لە خوێندنەوە، خۆی پێشانی هاوپۆلەکانی خۆی دەدات. قوتابخانە بەرپرسیارە لەوەی یارمەتیی ئەو منداڵانە بدات کە یارمەتیی تایبەتییان پێویستە.

---

[5] Adventure

• با ڕاهێنان و ئەرکەکانیماڵەوە هەموو کاتی منداڵەکە نەگرن. زۆر گرنگە کە منداڵەکە فریای ئەوە بکەوێ، چێژ و خۆشی لە کاتی خۆی وەربگرێ. واتا ئەگەر منداڵ هەموو ئێوارانی خۆی لەگەڵ وانەکان خەریک بێت و کارکردن لەسەر وانەکان کاتی زۆری منداڵەکەی گرت، ئەوە هەڵە لە وانەکاندا هەیە و منداڵ خەتای نییە.

• ڕاهێنانی خوێندنەوە لەگەڵ منداڵەکەت بکە. کەسێک کە کێشەی خوێندنەوە و نووسینی هەیە، پێویستە لە قۆناغێکی سووکەوە دەست پێ بکات. پەتی بازدان بەرز مەبەستە و خۆت بپارێزە لەوەی کە ڕاهێنانەکە بە زۆر بێت. هەنگاوی بچوک بنێ و کاتێ بە ئامانجەکان گەیشتن، ڕێ و ڕەسم و شادییان بۆ بگرن و منداڵ خەڵات بکەن!

• ئەوە بزانە کە خوێندنەوە وزەی زۆری گەرەکە، پێشئەوەی هەست بکەی کە منداڵەکەت حەز و مەیلی خوێندنەوەی تێدا نامێنێ، کۆتایی بە خوێندنەوەکە بهێنە. ئەگەر منداڵەکەت هێندەی لە توانادایە کە تەنیا ١٥خولەک بەردەوام بێت، تۆ ١٣دەقیقە دانێ بۆ خوێندنەوە. لەم کاتەدا هەلێکی

زۆرتر هەیە کە جاری دوایی ڕاهێنان لەسەر خوێندنەوە سەرنجڕاکێشتر و خۆشتر دەبێ.

- کتێبی دەنگ[6] پەیدا بکەن، گوێگرتن لە کتێبی دەنگ، شتێکە پەیوەندیی هەیە بە خووگرتنەوە. هەر زوو منداڵەکەت ڕابێنە کە گوێ لە کتێبی دەنگ بگرێت، گوێ ڕاگرتن لەم کتێبانە گەلێک باشە و وەک ئاڵتەرناتیڤێک بەکار دێ لەبری خوێندنەوە، بە تایبەتی کاتێ خوێندنەوە بۆ منداڵەکەت سەخت دەبێ. کتێبی دەنگ بۆ بردنەسەری ئاستی تێگەیشتن گەلێک بەسوود و باشن. کاتێ ئێمە گوێ لە کتێبی دەنگی دەگرین، هەر لە سەرەتاوە دەزانین کتێبەکە باسی چی دەکات. ئەم کتێبانە زوو دەمانخەنە سەر ڕەوتی خوێندنەوە. لە کاتێکی وادا خوێندنەوە ئاسانتر دەبێ. ئێمە دەتوانین کتێبی دەنگ وەک خەڵات و هاندەر بەکار بهێنین بەو جۆرەی کتێبێک هەڵبژێرین، کە سەرەڕای تێکست، بە دەنگیش هەبێ. بەم جۆرە منداڵەکەت دەتوانێ بەشێک لە

---

[6] Audio Books

کتێبەکە بخوێنێتەوە و گوێ لە بەشەکەی دیکە ڕابگرێ، بەم جۆرە ئاسانتر و زووتر کتێبەکە دەخوێنرێتەوە.

- بە دەنگی بەرز بخوێنەوە! کاتێ کە بە دەنگی بەرز بۆ منداڵەکەت دەخوێنیتەوە، منداڵەکە هاوکات و لە خۆوە لە دوانەی ((وشە/مانا)) تێدەگا، پاشخانی وشەکانی زیاد دەکات. کاتێک کە گرێی خوێندنەوە دەکرێتەوە، منداڵەکە باشتر لە تێکستەکە تێدەگا و ئاگای لە ڕووداوەکانی تێکستەکە دەبێ.

- ئەگەر لە پەیوەندیی لەگەڵ خوێندنەوەی کتێب تووشی ناڕەحەتی و سەختی بووین، ناکرێ کتێبێک بدەینە دەست منداڵەکەمان و بڵێین ها بیخوێنەرەوە، وا باشترە یەکێک پێشتر بڕێک باسی کتێبەکە بکات. دەتوانی کورتەیەک لە کتێبەکە بۆ منداڵەکەت باس بکەیت و هەندێکی بۆ بخوێنیتەوە، لەوانەیە لەم کاتەدا منداڵەکە سەرنج و حەزی ڕاکێشرێ و خۆی بیەوێ درێژە بە خوێندنەوەی کتێبەکە بدات.

## چ بخوێنینەوە؟

کتێبێکــی زۆر هــەیــە کــە بــە زمــانی ســادە نووسراون. کێشەکە ئەوەیە کە زۆربـەی ئـەم کتێبانـە بۆ تەمەنەکانی ٦ هەتا ٨ ساڵن و بابەتی کتێبـەکـان بـۆ منـداڵی تــەمــەن گــەورەتــر نـابن، کـە کێـشەی خوێندنەوەیان هەیە. بێگومان ئەم جـۆرە کتێبانـە بـۆ منداڵان خۆش نین، دیارە جاری وا هەیە شـتی بـاش هـەڵـدەکـەوێ کـە بـۆ ئـەم منداڵانـە گونجـاوە و لـە ئاستی ئەواندایە.[٧]

هەندێک نیشانە کە پیشانی دەدەن منداڵێک کێشەی نووسین و خوێندنەوەی هەیە منداڵەکە[٨]:

---

7 لەم بەشەدا لیستی کۆمـەڵێـک کتێـب هـاتووە، کـە بـە پێویـستم نەزانی بۆ وەرگێڕانی کوردییەکە ناویان بنووسمەوە، لەبەر ئەوەی ئەم کتێبانە نەکراون بە کوردی.

[8] وەرگێڕ؛ لەم پەیوەندییەدا زۆر گرنگە ئەوەمان لەبەرچـاو بـێ، کە ئەم نیشانانە لێرە زۆر بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەیـان پـێ کراوە و ئەگەر خوێنەر حاڵەتی لەم جـۆرە دەبینـێ، مەرج نیـیە

- له دەنگی پیتەکان دڵنیا نییە.
- له شێوەی/ فۆرمی پیتەکە دڵنیا نییە.
- له بیری دەچێت پیتەدەنگدارەکان بخوێنێتەوە.
- پیتەکان سەر و بن دەبینێ،
- لەسەرخۆ دەخوێنێتەوە.
- بۆی ئەستەمە لەوەی دەیخوێنێتەوە تێی بگات، بەڵام ئەگەر کەسێکی تر بۆی بخوێنێتەوە، زوو تێدەگا.
- زوو له خوێندنەوە ماندوو دەبێ.
- فریای خوێندنەوەی ژێرنووسی فیلم ناکەوێت.
- پیتەکانی به ڕیز لەبەر نییە، یان ڕۆژەکانی هەفتە به باشی نازانێ.
- جێگای ژمارەکانی لێ دەگۆڕێ، بۆ وێنە ژمارەی ٥٢٧ به ٥٧٢ دەبینێ.

---

که منداڵەکە کێشەی خوێندنەوە و نووسینی هەبێ. بابەتی کێشەی خوێندنەوە و نووسین گەلێ ئاڵۆزە و دەبێ پێداگۆگ و پسپۆڕی بواری تایبەت به خۆی دەری بخات که منداڵەکە ئەم کێشەیەی هەیە یان نا.

- جێگای پیتەکانی لە وشەیەکدا لێ دەگۆڕێ، بۆیە وشەکان بە هەڵە دەخوێنێتەوە.
- لە بیری دەچێت پاشگر و پێشگر بخوێنێتەوە.

**زۆر گرنگە هەستی باوەڕبەخۆبوونی باش لای منداڵ دروست بکەین و پاشان ئارەزوو و حەزی منداڵەکە بوروژێنین.**

# خۆت تاقی بکەرەوە

کتێبێک بۆ خوێندنەوە هەڵبژێرە کە فیلمەکـەشـی هەبێت.. لەم سەردەمەدا ژمـارەی ئـەو فیلمانـەی کـە لە کتێبـی منـداڵان و لاوانـەوە دەکـرێن بـە فـیلم، لـە زیادبووندایـە. بـۆ ئـەو منداڵانـەی کـە زۆر حـەز بـە خوێندنەوەی کتێب ناکەن، ئەم فیلمانە دەروازەیەکـی باشن بۆ خوێندنەوەی کتێب. ئـەگـەر منداڵـەکـە، بـۆ وێنـە گـشت فیلمـەکـانی هـاری پۆتـەری بینیـوە، هەنگاوی خوێندنەوەی کتێبـەکـان نزیکـە و لـەوانـەیـە منداڵەکە حـەز بکـات کـە کتێبـەکـانیش بخوێنێتـەوە. لەم حاڵەتەدا منداڵـەکـە تێگـەیـشتنێکی لـە پێـشتری بنیات نـاوە و بـە ئاسـانی لـە کتێبـەکـان تێدەگـات. ئێـــوەش دەتـــوانن کتێبێکـــی وا هەڵبژێـــرن بـــۆ خوێنـدنەوە، کـە کـراوە بـە فـیلم. پێـشتر سـەیـری فیلمەکە بکەن، پاشان ئەگەر حەز و ئارەزوو هەبـوو، کتێبـــەکـــە بخوێننـــەوە، باســـی ئـــەوەی کـــە خوێندووتانـــەتەوە و بینیوتانـــە بکـــەن. لـــە بەراوردکردنی کتێـب و فیلمـەکـە، گـەلێـک شـت فێـر دەبین.

بۆ وێنە دەتوانین ئەم پرسیارانە بهێنینە گۆڕێ.

- باشیی فیلمەکە چی بوو؟
- لایەنی خراپ هەبوو؟
- لایەنە باشەکانی کتێبەکە چی بوون؟
- خراپەکان؟
- کامەیان باشتر بوو؟
- ئایا فیلمەکە و کتێبەکە لەیەک دەچوون؟
- ئەگەر لە پێشدا کتێبەکەت خوێندووەتـەوە، چۆن سەبارەت بە فیلمەکە بیر دەکەیەوە؟

# بەشی ٦

## کچانی میهرەبان و کوڕانی هاروهاج

لـەگـەڵ ئـەوەی بـاس لـەسـەر ڕەگەز Genus لـە کۆمەڵگادا باسی ڕۆژە، بەڵام لەبەرچاونەگرتنی ئەم دیاردەیە لـە کتێبـی منـداڵان و گـەنجانـدا گـەلێـک بەرچاوە. ناوەڕۆکی زۆربەی ئەم کتێبانە وێنایەکـی تاریک و کلێشەیی وایـان هـەیـە، کـە کچبـوون و کوڕبوونی پـێ وێنـا دەکـەن. کـاتی گـۆڕانی ئـەم دیاردەیە هاتووە!

منـداڵان ئـەوە دەکـەن، کـە ئێمـەی گـەورە دەیکەین، نەک ئەوەی پێیان دەڵێین بیکەن. ئێمـە هـۆی گواسـتنەوەی نرخـەکـان و مۆدێلـەکـانین لـە خۆمانەوە بۆ منداڵان. ئەم دۆخە، ئەدەبی منداڵان و لاوانیش دەگرێتەوە. دیارە ئەمە کاریگەریـی هـەیـە لەسەر پەروەردەی چ کوڕان و چ کچانیش. ئەگـەر کتێبەکان باسی کچانی دڵسۆز و زیرەکە لە بەرامبەر

**کوڕانی بێشەرم و ڕەقئەستوور، ئەو کاتە منداڵەکەت ئەم وێنەیە لە زەینیدا چەق دەبەستێ، کە لە خوێندنەوەی ئەم کتێبانەدا وەری گرتووە.**

گوتار دەربارەی مافی یەکسانیی ژن و پیاو و ڕۆڵی ڕەگەز لە کۆمەڵگای ئێمەدا گەرموگوڕە، بەڵام باس لەسەر ئەم دیاردەیە لە دنیای کتێبدا زۆر هێواشە. ئەو کتێبانەی کە بە تێر و تەسەلی و بە قووڵی باسی ڕوانگەی ڕەگەز دەکەن، زۆر کەمن. کتێبی منداڵان و لاوان زۆرتر باسی بنەماڵەی نەریتین، لەم بنەماڵانەدا دایکان خەریکی چێشتلێنان و باوکان خەریکی چاککردنی سەیارەن و کوڕان هاروهاجن و کچان زیرەک و دڵسۆزن. هەرچۆنیک بێ، کتێبی جیددی کەمە دەربارەی مافی یەکسانی، کە نرخ و هەڵسەنگاندنی نوێیان هەبێ و باسی پێکهاتەی بنەماڵەی نەریتی نەبن.

لێنا کۆریلاند، پرۆفیسۆری ئەدەب لە زانکۆی ئوپسالا دەڵێت: لە باشترین دۆخدا ئەدەب دەکرێ وا بکات، کچان و کوڕان ئەو ڕوانگەیەیان هەبێ کە کچبوون و کوڕبوون دەکرێ بە شێوازی جۆراوجۆر بوونی هەبێ. بەڵام لە زۆربەی کتێبەکاندا، ئەمە ئەمڕۆ بەم جۆرە نییە.

## کتێبەکان وێنای کلێشەی بەهێز دەکەن

لێنا کۆریلاند ساڵانێکی زۆر لێکۆڵینەوەی کردووە دەربارەی ئەدەب لە ڕوانگەی ڕەگەز لە قوتابخانەدا. کتێبەکەی لێنا "نەترس و بەهێز – یان نزم و نەوی"[9] باس لە ئەدەبی ڕۆمان و ڕەگەز لە قوتابخانە و پێش قوتابخانە دەکات. ئەو پێی وایە کە هەنگاوی باش ماوە بینێین، هەتا لە قوتابخانەکاندا بگەینە یەکسانی. لەگەڵ ئەم کەموکووڕییانەشدا، قوتابخانە و پێش قوتابخانەی وا هەیە، کە ئاگایانە کار لەسەر ڕوانگە و دیاردەی ڕەگەز دەکەن.

لە پلانی خوێندندا هاتووە، کە قوتابخانە دەبێت هەلومەرجی یەکسان چ بۆ کوڕ و چ بۆ کچ پێک بهێنێ، بەڵام زۆر لێکۆڵینەوە ئەمە پێشان نادەن، دیارە تەنیا لێکۆڵەران هەستیان بەوە نەکردووە، بەڵکو منداڵانیش لە قوتابخانەکاندا ئەمە بە چاوی خۆیان دەبینن. هەر لە تەمەنی سێ ساڵییەوە

[9] Modig och stark eller ligga och lågt

زۆربـــەی منـــداڵان دەزانـــن و لـــەوە بەئاگـــان کـــە ڕەگەزەکـان جیاوازییـان هـەیـە و دەزانـن کچبـوون و کوڕبـوون دوو شـتی لێـک جیـاوازن. گـەلێـک کتێبـی منداڵان ئـەم وێنـا کلێـشەییـە زەق دەکـەنـەوە، بۆیـە زۆر گرنگـــە کـــە دایکـــان و باوکـــان و مامۆســـتایان بـەیـەکـەوە دانووسـان بکـەن دەربـارەی چـۆنییەتی هەڵبژاردنی کتێب. بۆ وێنـە، پرسـیارگەلـی وەک ئـەم کتێبـە چ جـۆرە پـەیامێـک دەگـەیـەنـێ، دەتـوانێ دەسـتپێکێک بـێ بـۆ قـسەکـردن لـەسـەر جـۆری کتێبـەکـان، ئـەگـەر ئـەم کتێبانـە باسـی کچـانی میهـرەبانـە کە لـە ماڵـەوە کێـک دروسـت دەکـەن و کاروباری ماڵەوە بـەڕێـوە دەبـەن و کـوڕانی هاروهـاج کە خەریکی یارین و شەڕ دەکەن، ئـەوا ئیـدی لێـرەدا ناوەڕۆکی پلانی خوێندن لەبەرچاو نەگیـراوە و کـاری پێ نەکراوە.

## کچانی زیرەک و کوڕانی هار

داوا لە یەکێک بکە، هەر کەسێک بێت، سـەیـری لیـــستێکی نووســـراو بکـــات کـــە تایبـــەتمـــەندییـــە مرۆییـــەکـانی تێـدا نووسـراوە، داوای لـێ بکـە کـە تایبـەتمـەنـدیی پیـاوان و ژنـان لێـک جیـا بکاتـەوە،

ئاکامەکە زۆر ڕوون و ئاشکرایە. وشەی وەک ئەگا بە ئامانج، لۆژیکی، دلێر، ماجەراگەر، کارا، نەترس... بە پیاوانەوە گرێ دراوە. لە بەرامبەردا ژنییەتی بەستراوەتەوە بە وشەی وەک گەرم، لەسەرخۆ،ماڵدار، نەرم، گوێڕایەڵ. بمانەوێت و نەمانەوێت لە ناخی زۆربەی ئێمەدا، وێناکانی ژن و پیاو لێک جیان.

ماریا ڕوسێن، مامۆستای زانکۆی مامۆستایان لە ستۆکهۆڵم کار لەسەر پرسی ڕەگەز و سێکس دەکات. ئەو پێی وایە کە گەورەساڵەکان دەبێ پێشتر بە خۆیاندا بێنەوە بۆ ئەوەی بتوانن گۆڕانێک لە منداڵدا پێک بهێنن لەم بوارەدا. ماریا پێی وایە کە پێویستە ئێمە کۆمەڵێک پرسیار لە خۆمان بکەین سەبارەت بە ڕەگەز و بە سێکس. بۆ وێنە: لە ناو بنەماڵەی ئێمە، وێنای ڕەگەز و سێکس چۆنە؟ یان ئێمە چۆن قسە لەگەڵ منداڵەکانمان دەکەین سەبارەت بەو شتانەی ئەوان دەیکەن لەم بارەدا. ماریا لەسەر ئەو باوەڕەیە کە بابەتەکە پێوەندیی بە ڕوانگەی خۆمانەوە هەیە دەربارەی ڕەگەز. بۆ وێنە زۆربەی ئێمە لە هزرماندا ڕوانگەیەکی تەواو دیموکراتیمان هەیە و دەمانەوێت

منداڵ لـەسـەر بناغـەیـەکـی یـەکسانیخواز پـەروەردە بکەیـن، بـەڵام هاوکـات ئاگایانـە بێـت یـان نائاگایانـە بەو شێوەیەی ناڕوانینە کچبوون و کوڕبـوون، چونکـە لە نەستی ئێمەدا بوونی هەیە.

## کتێبی کچان و کتێبی کوڕان

لــە دنیــای کتێبــدا، دابــەشــبوونی کــچ و کــوڕ دیاردەیـەکـی حاشـا هـەڵنـەگرە. دیـارە باسـی ئێمـە دەربارەی هەنـدێک کتێبـە، کـە کوڕبـوون و کچبـوون تێیاندا دیارە. بابەتی کچبوون پەیـوەنـدیی هـەیـە بـە هـەسـت و خۆشـەویـستی و پەیـوەندییـەکانـەوە. لـە کتێبـی کوڕانـدا، دیـاردەی تونـد و بـەهێـز، ماجـەرای خۆش و پۆلیسی، زیرەکی، زەق دەکرێتـەوە. لـەگـەڵ ئـەمانـەشـدا، ئاشـکراترین شـت لـە کتێبـی کوڕانـدا ئەوەیە کە قارەمان یان کەسی یەکەمـی چیرۆکـەکـە، کوڕە. لێرەدا دابەشکردن و لێـک هـەڵاواردنـی ڕەگەز، وەک مۆتـەکـە بـە کتێبـەکانـەوە دیـارە. زۆر کـەس لەسەر ئەو بڕوایەن، کـە لـە کۆمـەڵگـای ئێمـەدا، ئەو دیاردانەی کە پەیوەندیی بە ڕەگەزی پیاوەوە هـەیـە، بەرزتر دەنرخێنرێ لەوەی کـە پەیـوەنـدیی بـە ژنـەوە هــەیــە. لــەم پەیــوەندییــەدا ئــەوەی کــە کــوڕان

دەیخوێننـــەوە بابـــەتـــی لـــەخواربـــوونی ڕەگەزی بـەرامبـەرە، واتـە ژن لـە کتێبـەکانـدا شـتێک نیـیە گومانی لێ نەکرێ.

## سێ نموونەی دیار

**یەکەم**: سێ کچ لـە دەوری مێزێـک دانیـشتوون و مـووروو پێـوە دەکـەن، کاتێـک ئێمـە چـاودێرییـان دەکەین، چ بـەدی دەکـەین؟ ئایـا ئـەوە نـابینین کـە ئـەم کچانـە چـەنـد بـەجـوانی ئـەم مووروانـە پێـوە دەکەن و دەیڕازێننەوە بـۆ ئـەوەی بـە دیـاری بیـدەن بە دایەگەورە؟ یان ئەوەی کە کچەکـان مـوورووەکـان دەژمێـرن، شـکڵیان پـێ دروسـت دەکـەن و کـاری بیرکارییـان پـێ دەکـەن، ئـەوەی کـە وا بـاوە و پێدەچێ کوڕان خۆی پێوە خەریک دەکەن؟

**دووهــەم**: ئـەو کـوڕەی کـە بـە چـواردەوری حەوشەی قوتابخانەدا ڕاوی کچێک دەنـێ، دەیگـرێ و لە عەرزی دەدا و قژی ڕادەکێشێ.. کەمتـر ئـەوەمـان بـە بیـردا دێ کـە بڵێـین ئـەم کـوڕە بـە دوای خۆشەویستیدا ناگەڕێ. "بێگومان ئـەو کچـەی خـۆش دەوێ. چونکە کوڕان ئاوا دەکـەن ئـەگـەر یـەکێکیـان خۆش بوێت". ئایا هەمان بۆچوونمان دەبێـت ئـەگـەر

کچێک ئەم کارەی کردبا؟ یان ئەگەر کچێک کچێکی دیکەی لەسەر عەرز ڕاکێشابا؟

**سێهەم**: لە پۆلێکی ناوەندی، مامۆستاکە پرسیارێک لە قوتابییەکان دەکات، چوار کچ خێرا دەستیان بەرز دەکەنەوە، بەڵام پێش ئەوەی کچەکان فریا بکەون وەڵامی پرسیارەکە بدەنەوە کوڕێک لە پۆلەکە بێئەوەی دەستی بەرز کاتەوە، وڵامی پرسیارەکە دەداتەوە. مامۆستاکە بە دەم پێکەنینەوە بە کوڕەکە دەڵێت: جارێکی دیکە باشتر وایە دەستی بەرز کاتەوە، بەڵام لە پرسیاری دواتردا، هەمان شت ڕوو دەداتەوە. بەڵام ئەگەر کچەکان بەم شێوەیە وڵامی پرسیارەکانیان دابایەتەوە و دەمیان کردبایەوە و بێئەوەی دەستیان بەرز بکردایەتەوە وەڵامی پرسیارەکەیان دابایەتەوە، چی ڕووی دەدا؟

لە کتێبی کچانەدا زۆر ئاساییترە کە ڕۆڵی سەرەکی لە کتێبەکەدا، چ کچ و چ کوڕ بیگێڕن. لەم کتێبانەدا وەک کتێبی کوڕان کێشە نییە، کێ لە سەرەوەی هەرەمەکە دەبێت. هەمان شت ئاشکرا هەستی پێدەکرێ، کاتێک سەیری پێشەوەی

حەوشەی قوتابخانە دەکەین کە کچ لە پێشەوەیە یان کوڕ!

لەملاشەوە بۆ کچێک ئاسانترە کە سنوور و ڕۆڵی ڕەگەز ببڕێ و پەسەندیش بکرێ. بۆ وێنە "کچێکی کوڕانی"، کە بڕێک سەر سەخت و سەرنجڕاکێشە، پەسەندە و لە لای خەڵک وەردەگیرێ. بەڵام داخۆ چەند جار ئێمە گوێمان لەوە دەبێت، کوڕێک بە حەزی "کچی کوڕانی" کەسێکی ئاسایی بێت؟

**وشەی ڕەگەز یان جنس (genus) لاتینییە و بە مانای ئەسڵ ڕەچەڵەک، بنەماڵە، تایفە و جنس، دێ و وتەزایەکی ڕێزمانییە بۆ مێ و نێر.**

## ئایا بەهرەی زمانی تەنیا بۆ کچانە؟

بـەهـرەی زمـانی و ئـارەزووی خوێندنـەوە، وەک تایبـەتمـەندییـەکی ژنانـە، سـەیر کراوە و ناسـراوە. ئەوە کچانن کە بۆیان ئاسانە فێری خوێندنـەوە بـن و ئەوە ئەوانن خولیـای کتێـب دەبـن و کتێـب لـە دوای کتێب دەیخوێننەوە و خەونی ئەوەیان هـەیە ببن بـە نووسـەر و وانـە لـە دوای وانـە خـەریکی نووسـینی چیرۆکن لە پۆلەکانـدا. لێکۆڵینـەوەکـانیش دەربـارەی خوێندنـەوەی منـدالان، ئـەم وێنایـەی سـەرەوە دەسەلمێنن. هەرچەندە ئـارەزووی خوێندنـەوە ئێـستا لای کوڕان و کچان کەمـی کـردووە، بـەڵام ئـارەزووی خوێندنەوە لای کچان هێشتا لـە ئاسـتێکی بـەرزتـر و جێگیرتردایە. بە پێی لیکۆڵینەوەکـان کـوڕان کـەمتـر دەخوێننەوە و پلەی کەمتر دێنن لـە قوتابخانـە. ئایـا ئەوە بـەو مانایـەیە کـە خوێندنـەوە بـۆ کچانـە؟ یـان ئەوەیە، کە ئەمە، ئاکامی کـردارەکـانی ئێمـەیـە، کـە کچان باشترن لە خوێندنەوەدا؟

لەوەش کـە ئێمـە، زمـان بـە بـەهـرەیـەکی ژنانـە دادەنێین، بەرهەمـی بیـری ئێمـەیـە، کـە ئێمـە چـۆن باسـی کوڕبـوون و کچبـوون دەکـەیـن. زۆر ڕاپـۆرت

ئەمە نیشان دەدەن کە لە قوتابخانـەدا، ئێمـە زۆرتـر کچان هان دەدەیـن و قـسەیان لەگەڵ دەکەیـن و زۆر بە کورتی و کەمتر لـەگـەڵ کـوڕان دەدوێـین. ئـەگـەر ئێمــە واز لــەوە بهێنــین کــە کــوڕان لــەوە ئاگــادار کەینەوە کە ئێمە نائاگایانە بووینەتە هۆکـاری ئـەوەی کە ئـەوان وەک کچـان بـەهـرەی زمانیـان تێـدا نیـیە، دەبێ چ ڕوویدات؟

ماریا ڕۆسێن دەڵێت: لە مێژە بۆچوونەکانی ئێمـە لە هـەمبـەر کوڕبـوون و کچبـوون لـەژێـر کاریگـەریـی گەشەی دەروونناسیدایە. بۆ وێنـە، زانـستی گـەشـەی دەروونناســی باســی ئــەوە دەکــات کــە کچــان لــە هونەری وەردەکاری و جوانکاریدا[10] زیرەکـن و کـوڕان لە هونەری کاری بەرجـەسـتەدا.[11] یـان کچـان زووتـر

---

[10] fine motor skills هونەرێک لە کاتی کار کردندا ماسوولکە بچووکەکان کار دەکەن. ئەو کارانەی کە بە پەنجەکان و بە یارمەتـی چاو دەکرێت.

[11] gross motor skills لەم هونەرەدا ماسـوولکە گـەورەکـان کاریـان پـێ دەکـرێ. بـازدان، گـەڕان، هاویـشتنی تۆپێـک هـەنـدێک نموونەن.

پێدەگەن لە کوڕان لە بواری زمانییەوە. ئەم بیروڕایانە زۆر بە ئاسانی جێگای خۆیان دەگرن لە بیری ئێمەدا، بە تایبەتی ئەگەر ئێمە هیچ چاوەڕوانییەکی دیکەمان نەبێ.

## ئەو کتێبانەی وێنە نەریتییەکان دەگۆڕن

بێگومان کتێبی منداڵان و لاوان پڕیەتی لە وێنەی نەریتیی سادە و کڵێشەیی سەبارەت بە ڕۆڵی ڕەگەز، بەڵام بەخۆشییەوە وێنەی دژی ئەمەش لە کتێبەکاندا بەدی دەکرێ. لەم کتێبانەدا، کوڕانی ناسک و بەهەست، بوونیان هەیە و کچان دەرگا لەسەر درانی شار گاڵە دەدەن. لەم ساڵانەی دواییدا، بابەتی ڕۆمانسی و خۆشەویستی لە کتێبی لاواندا کە کوڕان دەوری سەرەکیی تێدا دەبینن، باوە. لە چیرۆکی **تساتسیکی و حەبیب و ئێڤا و ئادەم**[12] وەسفی هەستی کوڕان دەکرێ. ئەوە کوڕانن لەم جۆرە چیرۆکانەدا پەرێشانن بیر لەوە دەکەنەوە، کە بوێرن خۆ لە کچان نزیک بکەنەوە و هەلی

---

[12] Tsatsiki, Habib – Eva & Adam

ئەوەیان هەبێ خۆشەیست بن لای کچان. چیرۆکی وا پێویسته وەک هاوسەنگێک و دژێک بژمێررێن بەرامبەر کتێبە کۆنە کلاسیکییەکان، کە کوڕانی سەرسەخت دەوریان تێدا دەبینن.

هەروەها کتێبی دیکەش نووسراون، کە تێیاندا کچان سنووری دەورە نەریتییەکەن دەبڕن. لەم کتێبانەدا شازادەکان تەنیا لە جلوبەرگی پەمەیی دەرناکەون، بەڵکو ئەمان لە ماڵ دێنە دەرو خۆ دەدەنە دەست ماجەراکان و چیدی لە پێخەفی سیرا و پوولەکەدا ناخەون، ئەوان شەڕ لەگەڵ ئەژدیها دەکەن و شمشێربازن. لە کتێبەکاندا کچان وەک کەسی سەرەکی دەردەکەون و گرێ ئەستەمەکان دەربارەی کوشتنە پڕ پێچ و پەناکان دەکەنەوە و کۆمپیوتەرەکان هاک دەکەن و پۆلەکانی خوێندن دەخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە.

## ڕۆڵی تۆ وەک دایک و باوک

گەلێک ڕێگە هەیە کە ئێوەی دایک و باوک ڕەچاوی بکەن، بۆ ئەوەی ساتەکانی خوێندنەوە لە بنەماڵەکەتاندا کەمتر کاریگەریی ڕەگەز بە سەرییەوە دیار بێت. گرنگترینیان ئەوەیە، کە ئێوە

هەمان مەرجی خوێندنەوەتان هەبێ بۆ منداڵـەکانتـان بێئـــەوەی جیـــاوازیی دابنـــێن لـــە نێـــوان کـــچ و کـوڕەکانتانـدا و چ دایـک و چ بـاوک بـۆ منداڵـەکـان بخوێننـــەوە. منـــداڵێک کـــە تـــەنیـــا لـــەگـــەڵ بـــاوکی دەخوێنێتـەوە، پێـی وانیـیە خوێندنـەوە کـاری کچـان یان ژنان بێت.

بـــە وردی بیـــر لـــەوە بکـــەوە کـــە کـــام کتێبانـــە هەڵدەبژێرن بۆ خوێندنەوە. کتێبـی وا هـەڵبژێـرە، کە نموونەیەکی باش بێ لە بواری ڕەگەزدا، هەروەهـا لـە بیرتان نـەچـێ کتێبـی جۆراوجـۆر بخوێننـەوە. دیـارە نابێ کتێبەکان تەنیـا باسـی کچـانی هـار و شـەڕانـی بکەن؛ یان ئەو کوڕانەی کە میهرەبانن و گریانیـان لـە ئەوکیدایە. منداڵێک دەتوانێ بـە سـەدان جـۆر منـداڵ بێ. کتێبی باش ئەو کتێبەیە ئەم پەیامە بگەیەنێ.

تاقیکارییەکـی سـەرنجڕاکێش و خـۆش، دەتـوانێ ئەوە بێ کە کتێبێکـی باشـی "کچانـە" یـان" کوڕانـە" بکڕیت و پاشان بەرگی کتێبەکە بگۆڕیت، بـۆ نموونـە بەرگی قاوەیی لە کتێبەکان بگرە و بەرگـی یـەکـەمـی کتێبـــەکـــە بدڕێنـــە و بـــۆ ئـــەوەی نـــاو و ســـەردێـــڕی کتێبەکە نەمێنێ، پاشان کتێبەکە بدە بە کـوڕەکـەت، یـــان بیـــدە بـــە کچـــەکـــەت، پـــاش تـــەواوبـــوونی

خوێندنـەوەی کتێبـەکـە، باسـی نـاوەڕۆکـی کتێبەکـە بکەن. ئەم جارە بزانە بەڕاست کتێبەکە کچانـە بـووە یـان کوڕانـە؟ بزانـە ئـەوان چـۆن سـەیـری کتێبـەکـە دەکەن، ئایا کتێبەکە چاوەڕواننەکـراو بـووە؟ پرسـیار بکە بزانە ئایا کچـان و کـوڕان چـۆن و بـە پێـی کـام پێوانانە کتێـب هـەڵـدەبژێـرن. تاقیکردنـەوەیـەکـی وا دەتوانێت ببێتە هۆی ئەوەی کە ئێمە لـەوە تێبگـەیـن کە چۆن دەربارەی ڕۆڵی ڕەگەز بیر دەکەینەوە.

بیر لە ڕەگەز بکەوە
کتێبی وا هەڵبژێرە کە نموونەی باش و یەکسان بێ لە هەمبەر دیاردەی ڕەگەزدا. بۆخۆت لە پێشدا کتێبەکە بخوێنەوە. هەروەها پاش تەواوبوونی خوێندنەوە، ناوەڕۆکی کتێبەکە لەگەڵ منداڵەکەت باس بکە.
هانی منداڵەکەت بدە بۆ خوێندنەوە بێ لەبەرچاوگرتنی کوڕبوون یان کچبوون.
نموونەیەکی باش بە. بیر لە هەڵبژاردنەکانت بکەوە و زۆر بخوێنەرەوە.
ئەوە لەبەرچاو بگرە کە کتێبی جۆراوجۆر بکڕیت. با تەنیا کچ یان کوڕ ڕۆڵی سەرەکی لە کتێبەکاندا نەبینن.
ئەرک بخە سەر مامۆستای منداڵەکەت کە لە قوتابخانە کتێب دەربارەی کوڕ و کچ بخوێنرێتەوە.
کتێبی وا بکڕە کە بە شێوەی جۆراوجۆر کوڕبوون و کچبوون پێشان بدات.

## یەکسانی[13] زۆر زیاترە لە ناکۆکیی نێوان ڕەگەزەکان

یەکسانی واتە بەرابەری لە نێوان ڕەگەزی ژن و پیاودا، بەڵام پێناسەی مرۆڤ تەنیا ڕەگەز نییە و لەوە زیاترە. ئێمەی مرۆڤ سروشتی جیاوازیی سێکسیمان هەیە و هەروەها ئیتنیکی جیاوازیشمان هەیە؛ سەرەڕای ئەوانەش هەموومان مافی بەرابەریمان هەیە، بەڵام لە دنیای واقیع و ئەدەبی سویدیدا شتەکە ڕوون و ئاشکرایە. لە بنەماڵەیەکی سویدی، دەبێت هەردوو دایک و باوک هێترۆسێکس، واتە لە ڕەگەزی دژ بن.

---

[13] لە زمانی سویدی کە باس لە مافی یەکسانیی ژن و پیاو دەکرێ، دوو وشە بەکار دێن jämställdhet یەکەم دانەیان واتە jämlikhet. jämställdhet مانایەکی بەربڵاوتری هەیە، باسی پەیوەندیی نێوان ژن و پیاو لە بوارەکانی چینی کۆمەڵایەتی، جیاوازیی ئیتنیکی و پەیوەندیی وەچەکان دێ. Jämlikhet بۆ مافی بەرابەر بەکار دێ. بۆ وێنە، کەمئەندامێک مافی ئەوەی هەیە کە وەک کەسانی دیکە لە قوتابخانە بخوێنێ. وەرگێڕ

منداڵێکی چوار ساڵە هەر لە سەرەتاوە دەزانێ کە پێویستە کەسێکی هێترۆسێکس بێ. بە تایبەتی کوڕان، چونکە دەزانن کە تووشی کێشە دەبن، ئەگەر بیری جیاوازیان هەبێ. کچبوون و کوڕبوون بە شێوەیەکی "دروست"، پێشاندەری بیری ئێمەیە سەبارەت بە نۆرمبوونی هێترۆسێکس لای ئێمە. ئەم شێوە بیروبۆچوونە لە ئەدەبی منداڵان و لاواندا، ئاشکرا دیارە. دیارە لە هێندێک کتێبدا باس لە خۆشەویستیی هۆمۆسێکس کراوە، بەڵام ئەم کتێبانە کۆمەڵێک کێشەیان هەیە. هەتا ئێستاش کتێبمان نییە کە باس لە خۆشەویستییەکی ئاسایی هۆمۆسێکس بکات.

هەروەها باس لە بواری ئێتنیکیی ڕەسەن لە ئەدەبی منداڵان و لاواندا لە پێشترە لە باسی ڕەگەز. ئێستاش کتێب هەیە کە پڕە لە منداڵی ئیدیالی قژ زەرد، بەڵام هاوکات ئەوان بەتەنیا لەم مەیدانەدا نین.

## یاسای قوتابخانە بەم جۆرەیە

لە پەنا فێرکردنی خوێندنەوە، نووسین و بیرکاریدا، بەدیهێنانی یەکسانیش یەکێکە لە گرنگترین ئەرکەکانی قوتابخانە. شتێکی باشە گەورەساڵان و دایکان و باوکان ئاگایان لەوە بێ کە دەکرێ داواکاری و چاوەڕوانییان لە قوتابخانە هەبێ بۆ دابینکردن و چەسپاندنی یەکسانی لە قوتابخانە. لە یەکی ئاپریلی (٢٠٠٦)ەوە یاسایەکی نوێ دەرچووە بە ناوی یاسای دژ بە هەڵاواردن و هەرجۆرە سووکایەتیپێکردنێکی منداڵان و قوتابیان. ئەم یاسایە باس دەربارەی ڕەگەز، سێکس، هاندیکاپ، ئیتنیسیتە، ئایین یان هەر بیروبۆچوونێکی دیکە دەگرێتە خۆی.

لە پلانی خوێندنی قوتابخانەدا هاتووە: *"قوتابخانە دەبێ چالاکانە و هوشیارانە مافی یەکسان و هەلی وەک یەک بۆ نێر و مێ دابین بکات و سوودیان پێ بگەیەنێ. جۆری هەڵسوکەت لەگەڵ کچان و کوڕان لە قوتابخانە و ئەو ئەرک و چاوەڕوانییانەی کە دەخرێتە سەر شانیان، دەبێتە هۆی پێکهێنانی جۆری بیرکردنەوەیان دەربارەی*

*ژنانەبوون یان پیاوانەبوونی دیاردەکان. قوتابخانە بەرپرسایەتییەکی گەورەی هەیە کە دژ بە دیاردە نەریتییەکان دەربارەی ڕەگەز بوەستێت. قوتابخانە دەبێ دەرفەت بۆ قوتابیان بڕەخسێنێ کە بتوانن توانا و ئارەزووەکانیان پێش بخەن و ئەزموون بکەن بەبێ لەبەرچاوگرتنی دیاردە ڕەگەزییەکان" .*

دەتوانیت زانیاریی زیاتر دەربارەی یەکسانیی لـە قوتابخانە لەم ماڵپەڕە دەست بخەیت.

**http://www.skolutveckling.se/**

بۆ ئاگاداری خوێنـەران، ئـەم ماڵپـەڕە نـەماوە و دەتـوانی بـۆ وەدەسـتهێنانی زانیـاری دەربـارەی قوتابخانە لە سوید، سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکەن.

وەرگێڕ

**www.skolverket.se**

بەوردی بیر لەوە بکەنەوە کە کام کتێبانە هەڵدەبژێرن بۆ خوێندنەوە. کتێبی وا هەڵبژێرن نموونەیەکی باش بێ لە بواری ڕەگەز. هەروەها لە بیرتان نەچێ کتێبی جۆراوجۆر بخوێننەوە. دیارە نابێ کتێبەکان تەنیا باسی کچانی هار و شەڕانی بن؛ یان ئەو کوڕانەی کە میهرەبانن و گریانیان لە ئەوکیدایە. منداڵیک دەتوانێ بە سەدان جۆر منداڵ بێ، کتێبی باش ئەو کتێبەیە ئەم پەیامە بگەیەنێ.

# خۆت تاقی بکەرەوە

منداڵەکەت وا ڕابێنە، بەو جۆرەی کە دنیا هەیە سەیری بکات و ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەی لە بەرامبەریدا هەبێ.

لە بنەماڵەکەتاندا ڕاوێژی بنەماڵەیی ڕابگەیەنە و بە یەکسانی و ڕێزەوە باس دەربارەی بنەماڵەی خۆتان بکەن. بۆ وێنە بزانن شتێک هەیە کە بکرێ باشتری بکەن؟ هەروەها بزانن لە ژینگەی دەوروبەرتاندا دیاردەکان چۆنن!

- ڕەخنەگرانە بڕواننە ئەوەی لە میدیاکاندا باس دەکرێ. هەردەم ڕوانگەی کەسەکان لە پشتی نووسراوەکانیانەوەیە. کەسێک بڕیاری داوە کە پێویستە چی بنووسرێ، کێ دەبێ ئەم قسەیە بکات و بە چ جۆریک ئەم شتە دەبێ دەرببڕرێ. ئەگەر دژی بەم نووسراوە، بۆچوونێک بە نامە یان ئیمەیل بۆ بەرپرسی ئەم دەزگایە بنووسە.
- هەمووکەس مافی ئەوەی هەیە شکایەت بکات دژ بە ڕێکلامی سێکسی، یان دژ بە جیاوازی دانان و هەڵاواردن. دەتوانن نامە بنێرن بۆ ناوەندیی بازرگانی، ڕاوێژی ئیتنیکی بکەن دژ بە ڕێکلامی

ڕەگەزی و هەڵاواردن.[14] بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەوە، دەتوانن سەیری ماڵپەڕەکان بکەن.

- لەگەڵ منداڵەکەت سەیری کتێبە وانەییەکان بکەن و بزانن چۆن ئەم کتێبانە باسی کوڕبوون و کچبوون دەکەن. لە قاوی هەر جۆرە هەڵاواردنێکی ڕەگەزی بدەن، کە لە کتێبە وانەییەکاندا هاتووە.
- پرسیار لە مامۆستای منداڵەکەت بکە بزانە چۆن کار لەسەر پرسی یەکسانی دەکەن. هەروەها پرسیار لە منداڵەکەت بکە، بزانە بۆ وێنە ئەوە کوڕانن زۆرتر پۆلەکە داگیر دەکەن؟ بزانە ئایا کچان بەردەستی کوڕانن؟

---

[14] Näringslivets Etiska Råd mot diskriminerande Reklam, ERK. www.etiskaradet.org

## بەشی ٧

## کتێبی لاوان پێویستە!

کتێبی لاوان، ژیان و بوونێکی نەناسروای هەیە. زۆر کەس نازانن چەندێک کتێبی سەرنجڕاکێشی لاوان هەیە، کە دەبوو گەنجان و گەورەساڵانێکی زۆرتر بیان خوێننەوە. کتێبی لاوان، دەکرێ وەک یەکەم هەنگاوی چوونە دنیای گەنجییەتی بژمێررێ.

منداڵی ساوا کتێبی ئامازەیان هەیە. [لەم کتێبانەدا تەنیا وێنە هەیە]. منداڵی بچووک، کتێبی وێنەییان هەیە. [لەم کتێبانە وێنە هەیە لەگەڵ ئەوەی ناوی وێنەکەش نووسراوە]. ئەو منداڵانەی تازە فێری خوێندنەوە بوون، کتێبی ئاسان دەخوێننەوە و ئەو منداڵانەی گەیشتوونەتە تەمەنی خوێندنەوە[١٥] و کتێب لە دوای کتێب دەخوێننەوە و

---

[15] لە ئەدەبی سویدی بە "تەمەنی هەڵلووشینی کتێب" ناسراوە

**دەریایەک کتێبییان دەوێ مەلەی تێدا بکەن. کاتێک مرۆڤ پێ دەنێتە تەمەنی لاوی و ئارەزووی هەرچی زیاتری کتێبی ماجەراگەرایی هەیە، گەلێک ڕێنوێنی کتێب پەیدا دەبن، کە پێیان وایە ئیدی کاتی ئەدەبی ڕۆمان هاتووە، کە لە ڕاستیدا بۆ گەورەکان دەشێن. حەیفە لاوان وا زوو دەست بکەن بە خوێندنەوەی ڕۆمانی گەورەکان، چونکە پێش ئەم قۆناغە، گەلێک کتێبی لاوان هەیە کە کاریگەریی باشیان هەیە لەسەر لاوان.**

کتێبی لاوان کتێبێکە بابەتی لاوان خۆیانە، چونکە ئەم کتێبانە باسی لاوان دەکەن. بابەتی ئەم کتێبانە، کێشەکان، خۆشییەکان و گەلێک شتی دیکە، ئەو شتانەن کە لاوان خۆیانی تێدا دەبیننەوە و بە هۆیانەوە خۆیان دەناسن. شتێکی سەیر نییە کە زۆربەی لاوان حەز بەوە دەکەن دەربارەی ئەم کەسانە بخوێننەوە کە هاوتەمەنی خۆیانن. یەکێک لە بابەتە پەسەندەکان دەربارەی چۆنییەتی بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ دەستڕۆشتوویی، یان پەیوەندیی لەگەڵ تەمەنی هەرزەکاری، یان مەرگ و خەفەت، خۆشەویستی و سێکسە. تەمەنی هەرزەکاری، تەمەنێکی پڕ ڕووداوە. دیارە ئەمە پێویست ناکات بە مانای گۆڕانی گەورە یان کێشەی

قووڵ بێ، هاوکات خوێندنەوە دەربارەی هاوتەمەن، یان ئەو دۆخانەی کە تێیدان دەتوانێت پڕ بەهرە و سوود بێ. بە کورتی خوێندنەوەی بەسەرهاتی هاوتەمەن دەتوانێت پاڵپشت و دڵنەواییدانەوە بێت بۆ گەنجان.

## کارایی کتێبی لاوان

ئەو بۆچوونەی پێی وایە لاوان دەتوانن ڕاستەوخۆ ڕۆمانی گەورەکان بخوێننەوە و یان ئەوەی کە لاوان پێویستیان بە خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانانە نییە کە ڕاستەوخۆ بۆ خۆیان نووسراوە، شتێکی دروست نییە. ئەمە لەو بۆچوونە دەچێ، کە پێی وایە کتێبی وێنەدار بۆ منداڵان پێویست نییە. هەروەها گەورەکان پێویستیان بە ئەدەبی ڕۆمان نییە. سەرەڕای ئەوانەش گەورەکان لە هەڵبژاردنی کتێبی لاوان، زۆر خۆ وەردەدەن. لەگەڵ ئەوەی کە لاوان زۆرتر لە تازەلاوان سەربەخۆترن لە هەڵبژاردنی کتێبدا، بەڵام هێشتا ڕێنوێنی لە لایەن دایکان و باوکانەوە، یان مامۆستایان و کێبخانەدارانەوە، کاری بنەڕەتین بۆ هەڵبژاردنی کتێب. لە کاتێکی وادا زۆر ئاسانە کە کتێبی لاوان

لەم نێوەدا لەبیر بکرێ. بۆ گەورەساڵەکان ئاسانترە کە ڕۆمانێکی گەورەساڵان بۆ لاوەکان پێشنیار بکرێ، کە گەورەساڵەکان بۆ خۆیان خوێندوویانەتەوە، تا ئەوەی ئاگایان لەوە بێ کام کتێبی لاوان دەردەچێت و خێرا بیخوێننەوە و بۆیان پێشنیار بکەن. گرێدانی لاوان بە دنیای ڕۆمانی گەورەساڵانەوە ڕیسکی خۆی هەیە کە پێویستە لێی بەئاگا بین.

پرسیار ئەوەیە، گەنجێک تا چەند دەتوانێت کەڵک لە ئەدەبی ڕۆمانێک وەربگرێت کە بۆ گەورەساڵان نووسراوە؟ ئایا لاوان لە مانای شارراوەی پشتی دەقەکان تێدەگەن؟ ئایا دەتوانن ڕەخنە لە دەنگی نووسەر بگرن؟ گەنجان ماوەیەکی زەمەنیی گرنگ هەیە کە دەبێت پڕی بکەنەوە تا دەگەن بە ڕۆمانی گەورەساڵان. کتێبی باشی لاوان، لاوان ئامادە دەکا و ئەو توانایەیان تێدا دروست دەکات کە خۆیان بۆ دەقی ئەستەمتر و بابەتی ئاڵۆزتر ئامادە بکەن. ئەم هەنگاوە هەنگاوێکە بەرەو ڕۆمانی گەورەساڵان و لە ڕێگای خوێندنەوەی ئەدەبی لاوانەوە، لاوەکان و گەنجان ئامادە دەبن بۆ

خوێندنەوەی ئەدەبی گەورەکان و ئەم ڕێگایەیان بۆ ئاسانتر دەبێ.

دیارە پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە مەرج نییە ئەدەبی گەورەکان بۆ لاوان نەگونجی، چونکە گەلێک نموونە هەیە کە پێچەوانەی ئەمە دەسەلمێنێ. نموونەیەکی باش کتێبی The Catcher in the Rye) ) لە نووسینی ج.د. سالینگر. ئەم ڕۆمانە لە بنەڕەتدا بۆ گەورە نووسراوە، بەڵام بووەتە کتێبێکی بەنرخ بۆ گەنجان لە هەموو دنیادا، کە چەندین نەوەیە دەخوێنرێتەوە.

## کتێبەکانی منداڵەکانت بخوێنەوە

دەمێکە لاوان ناووناتۆرەی خراپیان دوا کەوتووە. گەنجان هەوڵ دەدەن و حەز دەکەن وەک گەورەساڵەکان بن، کەواتە کتێبی منداڵانە چ کەڵکێکی هەیە بۆیان؟ کتێبی لاوان هیچ سەرنجڕاکێش نییە بۆ گەورەساڵەکان. ئایا ئەم کتێبانە کە کتێبێکی کورتکراوەی نموونەی گەورەساڵانن، بۆچی دەبێت گەورەیەک بیخوێنێتەوە؟ ئەمە پرسیارێکە زۆرجار دێتە پێش. جێی داخە کە ئەمڕۆ کتێبی لاوان ناخوێنرێتەوە،

ئێمە لەم سەردەمەدا گەلێک کتێبی لاوانمان هەیە کە باش نووسراون و چاوەڕێ دەکرێ گەنجان و خوێنەران بیانخوێننەوە. سەرەڕای ئەوانە، کتێبێکی لاوان دەتوانێت تێگەیشتنمان زیاتر بکات دەربارەی ئەوەی چ لە بیر و دڵی گەنجدا دەگوزەرێ. بە خوێندنەوەی هەمان کتێب، لەوە دەچێ لە بێدەنگیماندا قسە لەگەڵ یەکتر بکەین، کە ڕەنگە هیچ قسەیەکیش دەربارەی کتێبەکە نەکرابێت.

## دەربارەی کتێب بدوێن

ئایدن چامبێرز، نووسەرێکی بەناوبانگی منداڵان و گەنجانی ئینگلیزی و مامۆستایە. ئەو دەڵێت: شتێک لە ناخی ئێمەدا ڕوودەدا، کاتێک ئێمە کتێبی دڵخوازی خۆمان دەخوێنینەوە. ئێمە دەمانەوێت ئەزموونەکان لەگەڵ کەسانی دیکە بێنینە بەر باس و لە کتێبەکە بدوێین و باسی هەستی خۆمان بکەین کە لە ئاکامی خوێندنەوەکە دروست بووە. کەڵک لە پەرچە کردارەکان وەرگرە! هەستی هاوبەش کە لە خوێندنەوەوە بەرهەم دێ، دەبێتە هۆی باس و گفتوگۆی سەرنجڕاکێش. هەروەها باس و دوان لەسەر کتێب، وەک ئەوەیە دووبارە کتێبەکە

خوێنرابێتەوە. قسەکردن دەربارەی کتێب، دەبێتە هۆی باشتر تیگەیشتن لە کتێب و وا دەکات کە ساتەکانی گفتوگۆ پڕ بەرهەمتر بن. کاتێک ئێمە بەسەرهات، شەوق، ڕەخنەکان و پرسەکانمان لەگەڵ کەسانی دیکە دابەش دەکەین، خوێندنەوەکە ئاڵۆز و هەمانکات نێوەڕۆکێکی دەوڵەمەندتری دەبێت. ئاشکارە نابێت ئەوەش لە بیر کەن کە گفتوگۆ دەبێت دیموکراتی بێ و ئاگاتان لەوە بێ کە گفتوگۆ بە شێوەیەک نەبێ ببێتە پرسینەوەی کتێبەکە.

## هەمووان دەتوانن لە کتێب بدوێن

بۆ دوان دەربارەی کتێب، پێویست ناکات ئێمە زۆر دەربارەی کتێب بزانین، یان بزانین کە چۆن دەبێت کتێبێک شی بکەینەوە و بتوانین بە قووڵی ڕەخنە لە کتێب بگرین. هەموان دەتوانن قسە لەسەر کتێبێک بکەن، کە خوێندوویانەتەوە وەک ئەوەی چۆن قسە دەکەین دەربارەی یارییەکی تۆپی پێ، یان پرۆگرامێکی تیڤی کە بینیومانە. پێویست ناکات شتەکە زۆر بە قورسی و سەختی وەرگرین.

ئایدن چامبێرز لەم بارەوە کۆمەڵێک پرسیاری فۆرمۆلە کردووە، کە گەلێک بەکەڵکن لە کاتی

گفتوگۆ دەربارەی کتێب، کە ڕەچاویان بکەین. پێویستە ئەوە بزانین هیچ وەڵامێکی ڕاست یان هەڵە لە ئارادا نییە و ناتوانین وەڵامی 'بەڵێ' یان 'نا'مان بۆ پرسیارەکان هەبێ. ئامانج لەم پرسیارانە ئەوەیە کە پرسیارەکان ببنە هۆی گفتوگۆ دەربارەی کتێبەکە.

## گفتوگۆ دەربارەی کتێب

### پرسیارەکانی ئایدن چامبێرز

***پرسیارە سەرەکییەکان***

- شتێکی تایبەت هەبووە دەربارەی کتێبەکە کە حەزت لێی بووبێت؟
- شتێکی تایبەت هەبووە دەربارەی کتێبەکە کە پێت خۆش نەبووبێت؟
- شتێکی وا هەبووە لێی تێنەگەیشتبی یان پێت ئەستەم بووبێت؟

## پرسیارە گشتییەکەن

- کاتێک بۆ یەکەم جار کتێبەکەت بینی، پێت وا بوو چ جۆرە کتێبێکە؟
- چەند جۆر بەسەرهات و چیرۆک لە کتێبەکەدا هەبوون؟

- ➢ له کتێبەدا هیچ شتێک هەبوو کە لە تۆدا هەبێت؟
- ➢ ئەم کتێبە باسی بەسەرهاتی کێیە؟
- ➢ کامە لە کەسەکانی ناو کتێبەکە بۆ تۆ سەرنجڕاکێش بوو؟
- ➢ چیرۆکەکە لە کوێ ڕووی داوە؟
- ➢ هیچ چیرۆکێکی دیکەی لەم جۆرەت خوێندووەتەوە؟
- ➢ زمانی چیرۆکەکە باش بوو یان خراپ؟
- ➢ کەس شتێکی دەربارەی کتێبەکە بۆ باس کردووی کە لات سەیر بووبێت؟
- ➢ کام لە کەسەکان لای تۆ لەبەر دڵان بوو؟
- ➢ کێ چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە؟
- ➢ کاتێک چیرۆکەکەت دەخوێندەوە، دەتوانی چیرۆکەکە وەک فیلمیک بێنیتە پێش چاوانت؟
- ➢ ئەگەر تۆ بتەوێت باسی کتێبەکە بکەیت بۆ هاوڕێیەکت کە کتێبەکەی نەخوێندبێتەوە، چۆن بۆی باس دەکەی؟
- ➢ ئەگەر نووسەرەکە پرسیارت لێ بکات و بڵێ چۆن دەکرێ کتێبەکە باشتر بنووسرێ، لە وەڵامدا چی پێ دەڵێیت؟

## بەشی هەشت ٨

## نووسین بۆ منداڵان و لاوان

کێن ئەوانەی بۆ منداڵان و لاوان دەنووسن و ئێمە لەم کتێبەدا باسمان کردن و دەمانەوێت منداڵان و گەنجەکانمان کتێبەکانیان بخوێننەوە؟ ئەو هۆکارانە کامانەن کە ئەوان ڕادەکێشێت بنووسن؟ لە وڵاتی ئێمە (سوید)، ئەگەر بۆ گەورەساڵان بنووسیت، نرخ و پێگەیەکی باشترت هەیە.. کەچی کۆمەڵێک نووسەری بەتوانا و زیرەک ئەوە هەڵدەبژێرن، بۆ لاوەکان بنووسن. بۆچی؟

لەم بەشەدا چەند نووسەرێکی خۆشەویست، کە کتێبەکانیان بە ڕادەیەکی زۆر دەخوێنرێنەوە، باسی کارەکە و بۆچوونەکانی خۆیان دەکەن.

مارتین ویند مارک، مۆنی نیلسۆن، پەر نیلسۆن و یوهانا تیدێل، چەند نووسەرێکی سەرکەوتوو و

**بەتوانای بواری کتێبی منداڵان و لاوانن. شتێکی هاوبەشی نێوان ئەم نووسەرانە ئەوەیە کە ئەوان بە بەردەوامی نووسیویانە و هەروەها بە بەردەوامی کتێبی منداڵان و لاوانیان خوێندووەتەوە. سێ لەوانە ساڵانێکی زۆر وەک مامۆستای قوتابخانە کاریان کردووە و لەم ماوەیەدا ئەم تێگەیشتنەیان لا دروست بووە، چۆن لاوان و منداڵان بیر دەکەنەوە. ئەم نووسەرانە لەسەر ئەوە کۆکن کە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەرانە گەلێک خاڵی هاوبەشیان هەیە دەربارەی خوێنەرەکانیان، سەرەڕای جیاوازیی تەمەنی خوێنەرەکانیان.**

## ئێوە بۆچی کتێبی منداڵان و لاوان دەنووسن؟

یوهانا تیدێل دەڵێت: تۆ بڵێی من نووسەری منداڵان و لاوان بم؟ پێم وانییە من بۆ تەمەنێکی تایبەت بنووسم، من ئەوە دەنووسم کە پێم وایە خۆش و سەرسوڕهێنەرە و خۆم حەز دەکەم بیخوێنمەوە، لەوانەیە من تەواو پێنەگەیشتبم (لە باری تەمەنەوە)؟ بەهەرحاڵ جێگەی داخە، ئەگەر گەورەیەک کتێبەکانی من نەخوێنێتەوە بەهۆی بەرچەسپێکی سەیری لاوان بە کتێبەکانمەوە.

مۆنی نیلسۆن دەڵێت: کاتێک من دەستم کرد بە نووسین، زۆر سەرقاڵ بووم بە منداڵەکانمەوە، بۆیە ئەمە زۆر شتێکی سروشتی بوو کە من بۆ منداڵان بنووسم، بەڵام لەبەرئەوەی کە ئەو کتێبانەی من دەمخوێندنەوە زۆر جیددی بوون، بڕیارم دا دەست بدەمە نووسین، بڕیارم دا بابەتی خۆش و سەرنجڕاکێش بنووسم، هەروەها دەمویست دەربارەی منداڵان لێرە و لەم سەردەمەدا بنووسم.

پەر نیلسۆن دەڵێت: من لە کێبەرکێیەکی نووسینەوە دەستم کرد بە نووسین بۆ منداڵان و لاوان. پێشتر بیرم لەوە نەکردبووەوە کە بنووسم، دیارە زۆر پێشتر کورتە ڕووداوی بچووکم دەنووسی سەبارەت بە منداڵیی خۆم بەتەما بووم بیدەم بە منداڵەکانم، تا کە گەورە بوون، بیخوێننەوە.. بەڵام کێبەرکێیەکە منی خستە سەر گەڕی نووسین، بەمجۆرە کارەکانی پێشترم خستەوە سەر یەک و کردمن بە چیرۆک.

## چ شتێک کتێبێک دەکات بە کتێبی منداڵان و لاوان؟

مارتین ویندمارک دەڵێت: نهێنییەکە ئەوەیە، کتێبەکە دەربارەی کەسێکی گەنج نووسراوە. ناسینی کەسی سەرەکی لە چیرۆکێکدا بۆ لەبەرچاوگرتنی تەمەن. کتێبی منداڵان ئەو تایبەتمەندییەی هەیە، کە زمانێکی ڕاستەوخۆی هەیە، ئەمە جۆرێکە لە تەکنیکی نووسین، کە من زۆر حەزم لێیەتی، نووسەر بە ڕەنگە تۆخەکان چیرۆکەکە وێنا دەکات بۆ ئەوەی چیرۆکێکی بەهێز دەرچێت.

پەر نیلسۆن دەڵێت: من هیچ سنوورێک بەدی ناکەم لە نێوان کتێبی لاوان و گەورەکاندا، کتێبی لاوان زۆرتر باسی لاو دەکات، مەبەستم لاوێک لە تەمەنی ١٦ساڵیدایە نەک تازەلاوێکی ١٢ساڵە. خۆناسینەوە گەلێک گرنگە و قوورسایی خۆی هەیە، ئەم تەمەنە تەمەنێکە کە مرۆ لەسەر ڕێی گەلێک هەڵبژاردنە و گەنج ئەم هەڵبژاردنانە لەگەڵ کەسانی دیکە بەروارد دەکات.

تۆنی نیلسۆن، باسی تۆن دەکات لە چیرۆکدا، ئەگەر بۆ منداڵێکی هەشت ساڵە بنووسی، دەبێت

بزانـی و ئـەو هـەسـتەت تێـدا بـێ، ژیـانی منـداڵێکی هەشـت سـاڵە چۆنـە. نووسـەری منـداڵان تـەنیـا دوو لاپەرەی ماوە هەیە، کە خوێنـەرەکـەی خـۆی بگـرێ، وا نــەبێــت خوێنــەر کتێبــەکـە وەلا دەنــێ. نووســەر دەبێــت خــۆی بگــونجێنێ لــەگــەڵ ڕەوت و توانــای خوێنەرەکانی.

یوهانـا لـەسـەر ئـەو بـاوەڕەیـە کـە زمـان لـەم چیرۆکانەدا، دەبێت زۆر بەردەست و ئامـادە بـێ. لـە چیرۆکی لاواندا، باس باسی هەست و دۆخە.

## سەرچاوە و سروشی نووسراوەکانتان لە کوێوە دێنن؟

پەر نیلسۆن دەڵێت: من زۆرتر بەسەرهاتی ژیـانی خـۆم لـە نووسـینەکانمـدا بـەکـار دێـنم. ڕووداوەکـان، هەست و بیرەوەریی ئـەو کـەسـانەی خـۆم بینیـومن، لـە نووسـینەکانمـدا ڕەنـگ دەدەنـەوە. هاوکـات هـیچ شـتێکیش بـە تـەواوی ڕاسـت نیـیە، شـتەکـانی مـن درۆشی تێدایە. نووسەری خۆشترین کارە. مـرۆ بـۆی هــەیــە درۆ بکــا و هــەروەهــا دەتوانێــت باســی ڕاسـتییەکـانیش بکـات. مـن دەتـوانم سـەبـارەت بـە گـشت شـتێک بنووسـم، هـیچ شـتێک بـۆ مـن وەک

نووسـەر ڕێ پێنـەدراو نیـیە و نهێنییـەکـان لـە مـن هێندە شاراوە نین.

یوهانـا تیـدێل دەڵێـت: مـن کتێبـی نووسـەرانـی دڵخوازی خۆم دەخوێنمەوە و سەیـری ئـەوە دەکـەم، ئەوان چۆن چیرۆکەکانیان هەڵدەبەستن، جـاری وایـە شت لە نووسینیان وەر دەگرم، جـاری وایـە خـەڵکـی تر کاریگەریم لەسەر دادەنێن، بۆ وێنە، لـە پاسـێکدام و بە دزییەوە گوێ هەڵدەخەم تـا بـزانم چـی دەڵـێن، فیلم و مۆسـیقاش کـارم تێـدەکـەن، گوێهـەڵخستن و چاودێریکردن شتێکی باشە.

مارتین ویندمارک دەبێژێ: ئیلهام و سروشـی مـن لە نووسینی کتێبی زۆرترەوە دێ. چەند کتێب زیـاتر بنووسم، ئـەوەنـدە زۆرتـر بابـەتـم لا دروسـت دەبـێ، گەلێک خۆشتر و سەرنجڕاکێـشترە کاتێـک دەنووسـی و دەخوێنیتەوە. جار جارە بە دزییەوە سەیری کـاری خەڵکی تریش دەکەم، بزانم ئەوان چۆن دەکەن.

## کاتێک دەنووسن خوێنەرێکی تایبەت لەبەرچاو دەگرن؟

مـــارتین وینـــدمارک دەڵێـــت: بـــەڵـــێ کاتێـــک دەنووسم، خوێنەرێک دەبینم کە لەسـەر ئـەم عـەردە بـزر بـووبێ. وەک منـداڵیی خـۆم، ئـەو سـەردەمـەی چیرۆکـی تـین تیـنم دەخوێنـدەوە. مـن کتێبـەکـانی **داوید و لاریسام** بـۆ کـوڕە دوازدە سـاڵانەکـەم و بـۆ ئەو منداڵانە نووسیوە، کە کتێب لای ئـەوان نرخێکـی ئـەوتـۆی نیـیە. مـن بـە یارمـەتیـی کـەسـەکـانی چیرۆکـەکـان هـەوڵ دەدەم ئـەوە پێـشان بـدەم، کە پێویست ناکات مـن لـە خـەڵکی تـر بچـم، پێویـست ناکات تۆ لـە یـاری تـۆپی پێـدا، وەک ئـەوانـی دیکـە باش بیت. مرۆ بۆ وێنە دەتوانێـت حـەزی لـە زانـست بـێ، وەک داویـد و لاریـسا. مـن بـۆ ئـەو منداڵـە بێدەنگانە دەنووسم کە لەوانەیە ئێمە نەیانبینین.

مۆنی نیلسۆن دەڵێت: ئـەگـەر مـن بـۆ منـداڵێکی حەوت ساڵ بنووسم، دەبێت چاوی بینینی منـداڵێکی حەوت ساڵم هەبێ. مـۆنی دەڵێـت: مـن کـاتێکی زۆر لـەگـەڵ منـداڵان بـەسـەر دەبـەم و لـەم ماوانـەدا کـە لـەگـەڵ ئـەوانـم، هـەوڵ دەدەم بـە نهێنـی لـە ژیـانی ڕاستەقینەیان تێبگەم.

## ئێوە چۆن دەزانن منداڵان چییان بۆ خوێندنەوە پێ خۆشە؟

مـارتین وینـدمارک دەڵێـت: بـە دڵنیاییـەوە مـن نـازانم ئـەوان چییـان دەوێـت. بـەڵام مـن لـە کتێبـی داویـد و لاریـسا، وەک دوازدە سـاڵێک کتێبـەکـەم دەخوێندەوە، ئەمە ئەو هەستە بوو کە هەمبوو.

مۆنی نیلسۆن دەڵێـت: مـرۆ دەتوانێـت پێـشبینی بکات. من بیرم دێ کاتێک منداڵ بووم، ئـارەزووم لـە چـی بـوو بیخوێنمـەوە، لـەم بـارەوە پـێم وانیـیە گۆڕانێکی زۆر ڕووی دابێ. گرنگترین شـت ڕێزگرتنـە، کاتێک ئێمە بۆ منداڵ دەنووسین، نووسەر بـۆی نیـیە لە سەرەوە یان لـە خـوارەوە سـەیری منـداڵ بکـات. کاتێـک ئـەمـە لـەبـەرچـاو نـەگـرین، نووسـین ناسروشتییە.

پەر نیلسۆن دەڵێت: نووسەر ناتوانێت دەربـارەی چیرۆکی ڕەخنەگرانەی هاوچـەرخ بـۆ لاوان بنووسـێ، بێئەوەی پەیوەندیی لـەگـەڵ لاوەکـان نـەبـێ، ئـەگـەر ئاگامان لە لاوان نەبێ نووسین بۆ ئـەوان زەحمـەتـە. من چوار منداڵم هەن و ساڵانێکی زۆر وەک مامۆسـتا کارم کردووە، ئەمە یارمەتیی منی داوە.

یوهانا تیدێل دەڵێت: من بیرێکی تیژم هەیە، زۆربەی شتەکانی سەردەمی منداڵیم لە بیرە، لەوەشدا باشم کە لە هەستی کەسان و دۆخیان تێ دەگەم.

## پێتان وایە گەورەساڵەکان پێویستە کتێبی منداڵان و لاوان بخوێننەوە؟

لەم پەیوەندییەدا مارتین ویندمارک پێی وایە کارێکی گەلێک باشە، مرۆ ئەزموون و بەسەرهاتەکانی خوێندنەوە لەگەڵ منداڵەکانی بێنێتە بەر باس. لە کاتێکی وادا، گەورەساڵەکان ئاسانتر لە منداڵەکانیان تێدەگەن، کە ئەوان چۆن بیر دەکەنەوە و هەستیان چۆنە سەبارەت بە شتەکان.

مۆنی نیلسۆن دەڵێت: خەڵک گلەیی و گازندەیان لەوە هەیە، کە ئێمە کۆمەڵگەیەکی لێکدابڕاومان هەیە، ئەوان دەڵێن منداڵان، گەورەساڵەکان و خانەنشینەکان لێک پەرت و بڵاون و پەیوەندییەکان زۆر کزن. خوێندنەوەی کتێبی منداڵان، دەستڕاگەیشتنە بە دنیای منداڵان. کتێبی منداڵان دەتوانێت دەلاقەکان بکاتەوە و ببێتە هۆی تێگەیشتن و هەروەها ئەزموون و بەسەرهاتەکانی

ساتەکانی خوێندنەوە دەوڵەمەند بکات. زۆربەی گەورەساڵەکان پێیان وا نییە ئەدەبی منداڵان و لاوان باش بێت، ئەگەر وا بێت، ئەوا ئەوان نازانن باسی چی دەکەن!

پەر نیلسۆن دەبێژێ: من پێم وایە زۆربەی گەورەساڵەکان ئەگەر گوێیان بە ناو و ناتۆرە لێنان بە کتێبی منداڵان و لاوان نەدابا، گەلێک شت لەم کتێبانەوە فێردەبوون. گەلێک شتی بەسوود لە کتێبی منداڵان و لاواندا هەیە.

یوهانا تیدێل دەڵێت: کرۆکی باسەکە لەسەر ئەوەیە، کە گەورەساڵەکان پێویستە ئەم کتێبانە بخوێننەوە، بە تایبەتی زۆر گرنگە ئەگەر مرۆ خاوەنی منداڵ و گەنج بێ، ئەم کتێبانە بخوێنێتەوە. خوێندنەوەی هەمان کتێب لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی ڕێگایەکمان بۆ بکاتەوە بۆ تێگەیشتن لە دنیای گەنج. جاری وایە ئەم خوێندنەوانە ڕێگەیەکن کە مرۆ بوێرێت لەگەڵ ئەوی دی بدوێ. جیا لەمانە، من تێناگەم کێشەکە چییە، یەکێک کتێبی گەنجان بخوێنێتەوە، کتێبی گەنجان کتێبی باش و بەنرخن بە دنیایەک سات و بەسەرهاتی خوێندنەووەوە. تۆ بڵێ هەر ئەوەندە بەس نەبێ بۆ ئەوەی ئەم کتێبانە بخوێنرێنەوە؟

# خۆت تاقی بکەرەوە

خوێندنەوەی بازنەیی لەماڵەوە دەست پێبکەن.

دەستپێکردنی گەڕی خوێندنەوە یان خوێندنەوەی بازنەیی لە ناو ئەندامانی خێزان و خوێندنەوەی هەمان کتێب، خۆشە و هاوکات پڕ بەهرەیە. ئەم کارە پێویست ناکات لە مانگی یەک جار، ئەویش نیو کاتژمێر زیاتر بێ، ئەم بەرنامەیە وا دەکات خوێندنەوە بکەوێتە سەر گەڕی خۆی. ڕێنوێنییەکی بچوک بۆ ئەوەی ڕەوتی خوێندنەوە باش بڕوات بەڕێوە ئەوەیە، کە هەندێک ڕێسا دابنێن تا بتوانن بەرنامەکانی خۆتان بەڕێوە بەرن.

بیر لەمانە بکەوە ...

* زۆر باش و لە هەمان کاتدا خۆشە هەر جارەی دەربارەی کتێبێک قسەتان کرد، قسەکانتان بێننە سەر کاغەز و بینووسنەوە، ئەمە بۆ ئەوەی بیرتان بێتەوە کە دەربارەی چی قسەتان کردووە و پلانتان چییە بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو، بۆ ئەم مەبەستە دەفتەرێک ئامادە بکەن.

* پرسیارەکانی دەربارەی گفتوگۆ لەسەر کتێبەکە بنووسن، ئەم کارە وا دەکات دوان

دەربـارەی کتێبــەکــە زوو دەســت پــێ بکـات. بـا پرسـیارەکـان وا نـەبـن کـە بـە وەڵامـی بـەڵـێ یـان نـەخێـر وەڵام بدرێنـەوە. دەتـوانن سـەیـری مـۆدێلی پرسیارەکانی ئایدن چامبەر بکەن.

* نمـرە بـۆ کتێبـەکـان دابنـێن. ئـەمـە شـتێکی خۆشە. لە هەمـان کاتـدا، گرنگـە وا بکـەیـت منـداڵ بیر لەوە بکاتـەوە، چـەنـدە کتێبـەکـەی پـێ خـۆش بووە. ئایا کتێبەکە چوار ئـەسـتێرە وەردەگـرێ یـان کتێبێکە شایانی حەوت ئەستێرەیە؟

## * کۆمەڵێک ڕێسا بۆ خوێندنەوەی بازنەیی

**١: بە نۆرە کتێب هەڵبژاردن.**

**٢: کەس بۆی نییە ناڕەزایەتی دەرببڕێ بەرامبەر هەڵبژاردنی کتێب. سەرەی کێ بوو، مافی خۆیەتی چی هەڵدەبژێرێ.**

**٣: هەمووان لەسەریانە کتیبەکە بخوێننەوە، یان بە لایەنی کەمەوە هەوڵێکی جیدی بدەن. ناکرێ خۆ لە خوێندنـەوە بدزینـەوە بـەهـۆی (بـۆ وێنـە) کارەوە، یان بەهانەی ئەوە بهێنینەوە کاتی نەبووە لەبەر هاوڕێکان.**

٤: ماوەی چوار هەفتە کات دابنرێ بۆ خوێندنەوەی کتێبەکە. کات-ناس بن!

٥: ئەو کەسەی کتێبەکەی هەڵبژاردووە، با بەرپێوەبەر بێ لە کاتی قسەکردن دەربارەی کتێبەکە و پرسیار لە باقیی بەشداران بکات.

## بەشی ٩

## ئەوان لە بەرامبەر شاشەی کۆمپیوتەر چی دەکەن؟

زۆربەی دایک و باوکان نیگەرانن لەوەی منداڵەکانیان کاتی خۆیان لە بەرامبەر شاشەی کۆمپیوتەرەکاندا بەسەر دەبەن. ئێمەی گەورەساڵەکان بە دەگمەنیش بیر لەوە ناکەینەوە، هەرچی منداڵان و گەنجەکانمان دەیکەن لەسەر ئینتەرنێت، لە ڕێگای خوێندنەوە و نووسینەوە دەیکەن..

کاتێک لە ساڵی ١٩٩٠دا، ئینتەرنێت بە ڕادەیەک بڵاو بووەوە، ئەوانەی کتێبیان خۆش دەویست، زەندەقیان چوو. ئەوان ئەو پرسیارەیان بۆ هاتە پێش، تۆ بڵێی چی بەسەر کتێبدا بێت؟ تۆ بڵێی ئینتەرنێت زاڵ بێ و ڕکەبەری خوێندنەوە بکا و پێشی بداتەوە؟ ئەوەی ئێمە ئەمڕۆ دەیزانین ئەوەیە کە ئەمە ڕووی نەدا. کتێب لە شوێنی خۆی

**ماوەتەوە و ئێمەش هەر بەردەوامین لە خوێندنەوە. سەرەڕای ئەوە لەم پەیوەندییەدا گەلێک شت ڕووی داوە و گۆڕانەکان بە خێراییەکی زۆر هەر وا بەردەوامن. ئەو منداڵ و گەنجانەی لەم سەردەمەدا دەژین، ژیانێکی بێ ئینتەرنێت، کۆمپیوتەر، چات، ماڵپەر و سپێل لەسەر تۆڕی ئینتەرنێتیان بۆ ئەستەمە. ئەمە هیچ جێگای گومان نییە و گەلێک شتی دیکە هەیە کە کێبەرکێ دەکات لەگەڵ کاتی گەنجان و منداڵان.**

ئالڤا کرۆنکڤیستی ١٠ساڵان دانس دەکات. ئەو لە سەر عەردی سالۆنەکە باڵی گرتووە و بە هەوای موزیکەکە دێت و دەچێت و دەڕەقسێت. خۆی کۆدەکاتەوە، بەڵام لەپڕ هەڵدەنگوێ لاقی لە کراسی دانسەکەی دەئاڵێت و بە کەوشە گەورەکانییەوە دەکەوێتە سەر عەرد. دووبارە سەرلەنوێ هەڵدەستێتەوە و دەست پێدەکاتەوە.

ئالڤا دەڵێت: ماڵپەرێک بۆ خۆشی، ئەم ڕێورەسمەی ڕێک خستبوو. زۆر خۆش بوو ماوەی چەند کاتژمێرێک لە بەرامبەری دانیشتم، ئالڤا دەڵێت: ئەوەی کردبووت بە وردی دەتنووسییەوە.

ئەو حەزی لەوەیە بەرامبەر کۆمپیوتەر دانیشێ و دیارە لەم پەیوەندییەدا ئالقا بە تەنیا نییە.

## بەسەربردنی کاتێکی زۆر لە بەرامبەر شاشەی کۆمپیوتەر

بەکارهێنانی ئینتەرنێت بە ڕادەیەکی زۆر زیادی کردووە. لێکۆڵینەوەکان لە لایەن ناوەندی گەنجان و میدیا[١٦] لە ساڵی (٢٠٠٦) ئەمە نیشان دەدەن. لەم نێوەدا ژمارەی منداڵان لە نێوان تەمەنی ١٢-٩ ساڵە گەلێک بەرچاوە. لە سەددا بیست و هەشتی ئەم منداڵانە هەموو ڕۆژێک ئینتەرنێت بەکار دێنن کە ئەمە ئاماژەیە بە زیادبوونی ١١ لە سەددا. لە نێو گەنجانی تەمەن ١٦-١٢ساڵ لە سەدا ٥٤ هەموو ڕۆژ ئینتەرنێت بەکار دێنن، بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەم تەمەنەشدا بە ڕێژەی لە سەدا ٦ زیادی کردووە. بە گشتی ئەو کاتەی کە ئێمە لەسەر ئینتەرنێت بەسەری دەبەین، زیادی کردووە، بەڵام بەم ڕادەیە نا کە باسی لێوەدەکرێ.

---

16 Ungar & Medier

ئالڤا پێی وایە ئەو زۆر لە ئینتەرنێت فێر دەبێ، ئەو باسی کوڕێک دەکات لە پۆلەکەیان، کە لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە فێری ئینگلیزییەکی باش بووە، ئەو کوڕە لە ڕێگای یاریی کۆمپیوتەرەوە فێری ئەم ئینگلیزییە بووە. ئالڤاش سەری ئەم ماڵپەڕەی ئینگلیزییەی داوە. ئەو دەڵێت زۆر ئاسانترە فێری زمان بیت لە ڕێگای شتێک کە خۆش بێ و تۆ حەزت لێی بێت. ئالڤا دەڵێت: بەکارهێنانی ئینتەرنێت زۆر خۆشترە لە ڕاهێنان لەسەر وشەی نوێ لە قوتابخانە. کاتێک ئالڤا ئینتەرنێت بەکار دێنێت، هەوڵ نادات لە هەموو وشەیەک بگات، بەڵکو هەوڵ دەدات لە مانای گشتی تێبگات. بەم جۆرە تێگەیشتن ئاسانتر دەبێ.

## کتێبی سەرکەوتوو هەر دەژی

شتێکی دیکە کە ئالڤا حەزی لێیە، فانفیکشنە Fanfiction. گەلێک ماڵپەڕ لەم بارەوە هەیە. ئەم ماڵپەڕانە باسی کۆمەڵێک کتێبی سەرکەوتووی منداڵان و گەنجانن. بۆ وێنە، کتێبی هاری پۆتەر. ئەو کەسانەی سەردانی ماڵپەڕەکە دەکەن، ئازادن لەوەی بۆ خۆیان چیرۆک دابهێنن، دیارە لەسەر

بنەمای ڕۆڵی کەسەکانی ناو چیرۆکەکە. بۆ وێنە ئەگەر تۆ حەزت لێ بێ، بۆت هەیە کۆتایی چیرۆکەکە بگۆڕی یان سەرەتایەکی نوێ بدۆزیتەوە، یان بەشێک لە کتێبەکە زیاد بکەی. ئالڤا زۆرتر سەردانی ماڵپەڕی Fenix Forum دەکات. ئەم ماڵپەڕە دەربارەی هاری پۆتەر و جادووەکەیەتی. لەم ماڵپەڕەدا دەتوانیت نووسراوی کەسانی دیکە بخوێنیتەوە و ئیلهام وەربگری و شتی خۆت بنووسیت.

جار جار ئالڤا لەگەڵ دایکی، ئۆسا کرۆنکڤیست، دادەنیشێ کە مامۆستای ئای تی ITیە لە زانستگەی کریستینستاد. ئالڤا و دایکی بەیەکەوە یاری لەسەر ئینتەرنێت دەکەن، بە وێبکام فیلم دروست دەکەن، دەنگ ڕێک دەخەن و هەروەها پرۆگرامی ڕادیۆیی بەرهەم دێنن.

دایکی ئالڤا دەڵێ، کە ئالڤا حەز و ئارەزووی بۆ کۆمیونیتییەکان Communities پێشان دا، منیش بووم بە ئەندام، ئەمە لەبەرئەوە نا کە ئەو بخەمە ژێر ڕکێفەوە و بزانم ئەو چیی کردووە و چی دەکات، بەڵکو بۆئەوەی کە شتێکی گەلێک خۆش و سەرنجڕاکێش بوو کە سەرقاڵییەکی هاوبەشم لەگەڵ

منداڵەکەم بۆ پەیدا بوو. ئەمە وای دەکرد کە باس و لێدوانی هاوبەشمان لەسەر شتەکان هەبێ.

دایکی ئالڤا دەڵێت: چەندە شتێکی باشە بزانی دنیای ئالڤا چۆنە. ئەمە یارمەتیی دایکی ئالڤا دەدات بزانێت کچەکەی دەربارەی چی دەدوێ. لە سەرەتادا، دایکی ئالڤا گەلێک کاری لەگەڵ دەکرد، بەڵام پاشان ئالڤا بۆ خۆی درێژەی بە کارەکەی دا.

**لەگەڵ دایک و باوکەکانی تر قسە بکە**

کچەکەی من 'موا' حەز دەکات بە تەنیا لەسەر کۆمپیوتەر کار بکات، بەڵام ئێمە زۆر بەیەکەوە کار دەکەین. ئێمە زۆرتر یاری پۆلیسی پشکنەر دەکەین لە ماڵپەری www.ur.se . لە ڕێگەی ئەم یارییەوە منداڵ فێر دەبێت چۆن لە ئینتەرنێت بگەڕێ و هاوکات ڕەخنەیش فێردەبێ. زۆر خۆشە، بەڵام کاتێکی زۆریشی گەرەکە، ئێمە بەیەکەوە تێکستەکان دەخوێنینەوە، چونکە تێکستەکان بۆ تەمەنی گەورە نووسراون. 'موا' زۆر لەگەڵ هاوڕێکانی چات دەکات لە msn. دیارە من بۆ قسە کردن لە msn هێندێک مەرجم بۆی داناوە. بۆ وێنە، من دەبێ نووسراوەکانی بخوێنمەوە، پاشان ئێمە دەربارەی ئەوە قسە دەکەین کە مرۆ بە چ شێوەیەک بۆی هەیە ڕاکانی دەر ببڕێ. دەربارەی یاری ئینتەرنێت من زۆر ڕێنوێنی دایک و باوکانی دیکە دەخوێنمەوە. بە ڕای من شتێکی گرنگی دیکە هەیە، ئەویش ئەوەیە کە لەگەڵ دایک و باوکی هاوڕێی منداڵەکانمان بەیەکەوە دەربارەی ماڵپەڕە باش و خراپەکان بدوێین و یەکتر ڕێنوێنی بکەین.

**باربارا دایکی موای ١٠ساڵ و ماکسی ٦ساڵ**

## حەز و ئارەزوو هەردەم یەک جۆر نییە

ئالڤا سەردانی ماڵپەڕی جۆراوجۆر دەکات. ئەو جاری وایە سەردانی کۆمیونیتییەکان دەکات، جاری وایە دەچێتە msn یان یاریی کۆمپیوتەر دەکات. جارجار ئەلڤا کار لەسەر دەنگ و وێنە دەکات. بەڵام ئەو حەزی لە خوێندنەوەی کتێبە و گوێ لە کتێبی دەنگ[17] ڕادەگرێ.

دایکی ئالڤا دەڵێت: کاتێک ئالڤا بە شتێکەوە خەریکە، وای پێ خۆشە چەندی بۆی دەکرێ، بە کارەکەیەوە خەریک بێ. پاش ئەمە کە شتێکی خۆش و جێگای سەرنجی دیکە دێتە پێش، کارەکەی وەلا دەنێ و دەچێتە سەر ئەوی دیکە و کاتی لەسەر دادەنێ و کاری تێدا دەکات بۆ ئەوەی پەرە بە شتەکە بدات. جاری وایە پاش چەند مانگێک دێتەوە سەر کارە کۆنەکەی. هەر بۆیە دایکی ئالڤا زۆر لەوە ناڕەحەت نییە کاتێک ئالڤا ماوەیەکی زۆر لە بەرامبەر شاشەی کۆمپیوتەر

---

[17] Audio books

بەسەر دەبا. بێگومان ئـەوان باسـی ئـەوەش دەکـەن کە باش نییە مرۆ ئاوا لـە بـەرامبـەر کۆمپیوتـەر وەک بت بوەستێ. بەڵام ئەم سەردەمە کە سەرو وەعـدەی کۆمپیوتەرە، دیـارە ئالڤا بڕیـاری داوە کـە لـەگـەڵـی بژی. دیارە دوای ئەمەش سەردەمی شتی دیکە دێ.

وەک دایک، ئۆسا گەرەکییەتی هـەلـی جۆراوجـۆر بۆ منداڵەکـەی بـڕەخـسێنێ، بـۆ ئـەوەی منداڵـەکـەی هەست، بوون، شوناس و بیروبۆچوونی خۆی بتـوانێ دەربـبـڕێ و بیـسەلمێنـێ. ئـەو هاتووەتـە سـەر ئـەو قـەناعـەتـە کـە بـەرەو پێـشچوونی خوێندنـەوە و نووسین، پەیوەندیی هەیە بـە گـشت پێشکەوتنێکـی دیکەوە لە ڕووی زمانییەوە. هەروەها ئەو قـەناعـەتـی بەوە هەیە کە گەشە و پێشکەوتنی زمان پەیوەنـدیی هەیە بە پێشکەوتن لە بوارەکانی دیکەشەوە.

## ئینتەرنێت دەقی نوێ بەرهەم دێنێ

ئولریکا سۆبەری، لێکۆڵەر لە زانکـۆی هالْمستاد، لـەوەی کۆڵیـوەتـەوە کـە چـۆن ڕۆژانـە منـداڵان و گەنجان یاریی کۆمپیوتەر، ئینتەرنێت و تیڤـی بـەکـار دێـنن. ئـەو دڵنیایـە لـەوەی کـە جـۆری کارکردنمـان

لەسەر ئینتەرنێت، کار دەکاتە سـەر ڕا و بۆچوونمـان لەمەڕ دەق و خوێندنەوە و دەیان گۆڕێت.

لەم پەیوەندییـەدا، ئێمـە شـاهیدی ئـەوە دەبـین، کە وێنایەکـی دیکـەمـان دەربـارەی دەق دەبێـت. بـۆ وێنە کـە سـەیـری دەقـی ئینتەرنێـت دەکـەیـت، هـیچ دەسـتپێک و کۆتاییـەک نابینیـت. لـە ئینتەرنێـت هەرچی بتـەوێـت بیخوێنییـەوە هـەیـە و دەتـوانی بـە کلیککـردن بـە دوای شـتی خۆشـدا بگـەڕێیـت. ئـەو خوێندنـەوە ئاڕاسـتەدارەی کـە ئێمـە ئـەمـڕۆ پێـی ڕاهـاتووین، وێنـاچێ بمێنێتـەوە و گـۆڕانی بـەسـەردا بێت.

ئەمڕۆ ئینتەرنێت بـۆ منـداڵان و لاوان بریتییـە لـە وێبسایت و فـرە لینکـی و دەقـی شـڵەژاو. ئـەوان بـە دنیای ئەم دەقانە ڕاهـاتوون. ئولریکـا سـۆبەری پێـی وایە ئەمە بەم مانایەیـە ئێمـە فێـر بـین ڕێگـای دیکـە بدۆزینـەوە بـۆ داهێنـانی ئـەوەی چـۆن تێگـەیـشتن، گشتگیری و هاوئاهەنگی لە تێکست بەرهەم بهێنین.

**منداڵان چی دەکەن لەسەر ئینتەرنێت؟**

**بە پلەی یەکەم، منداڵان لە نێوان تەمەنی ٩-١٦ساڵ چات دەکەن. بە کورتی ئەوان ئینتەرنێت لە جیاتی تەلەفۆن بەکار دێنن. بە پلەی دووهەم، ئەوان خەریکی یاریی کۆمپیوتەرن و لە پلەی سێهەمدا بە مەبەستی گەڕان بە دوای شتی سەرنجڕاکێش و خۆشدا بە ناو ماڵپەڕەکاندا دەگەڕێن. بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە کاتی ئازاددا بە پلەی پێنجەم دێت. زۆربەی کاتی ئازاد بۆ دیداری هاوڕێیانە، پاش ئەمە نۆرەی کارەکانی قوتابخانە، وەرزش و تەماشاکردنی تیڤی و دی ڤی دییە.**

## یاریی کۆمپیوتەر و پێوەندیی بە دنیای دەقەوە

کریـستینا ئـۆلین شـیلێر، لێکۆڵــەر لــە زانکـۆی کارڵستاد، لە هـەمـان بـوار لێکـۆڵینەوە دەکـات، کـە ئولریکا سـۆبەری کـاری لـەسـەر دەکـات. ئـەو باسـی توانای جۆراجـۆر دەربـارەی خوێندنـەوە و سـتراتیژی خوێندنــەوە دەکــات. لــەم پەیــوەندییــەدا ئــەو لــە قوتابخانــە لێکۆڵینــەوەی کــردووە. کریــستینا لــەو بـاوەڕەدایـە کـە قوتابخانـەکـان دەتـوانن زۆر لـەوە باشـتر بـن کـە ئـەمـڕۆ هـەن، بـۆ ئـەوەی ئـارەزوو و حەزی منداڵ بـە شـێوەی جۆراوجـۆر بـوروژێنن. ئـەو پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ، کە ئـەم ئـارەزووە ئـەمـڕۆ لە تەکنیکی سـەردەمـدا هـەیـە. هانـدان و وروژانـدنی ئەم ئارەزووە، دەتوانێت لە ڕێگای یاریی کۆمپیوتـەر، نووسین، دانانی ماڵپەڕ، دنیـای ئینتەرنێـت، نووسـین لە ماڵپەڕەکان، بۆ وێنە **fan fiction** بێـت. هـەتـا ئێمـە زۆرتــر فێــر بــین، ژانــری جۆراوجــۆر بخوێنینــەوە و ڕابێین، سـتراتیژی خوێندنـەوەمـان باشـتر بـێ، لـەوە باشـتر دەبـین لـە دنیـا و دەوروبـەرمـان تێبگـەیـن. خوێندنــەوە بــەشــێکی گرنگــە بــۆ پێناســەکردنــی پرۆسەی شوناس کە لەم سەردەمـەدا بـە ڕادەیـەکـی

زۆر له ماڵپەڕەکـان بـەڕێـوە دەچێـت. مـرۆ شوناسـی خـۆی دادەڕێژێتــەوە لــە ڕێگــای ئــەوەی لــەســەر ئینتەرنێت هـاوڕێی نامـە گۆڕینـەوە بـۆ خـۆی پـەیـدا بکـات، چیـرۆک بـۆ یـەکتـری بنووسـن و ڕای هـاوڕێ ئینتەرنێتییـەکـانی لـەسـەر نووسـراوەکـانی بزانـێت. پێناسەکردنەوەی پرۆسەی شـوناس، لـە ڕێگـای دوان لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە باری تواناییەوە لـە یـەک ئاســتدان. ئــەم دوان و پەیــوەندییــە لــە ڕێگــای کۆمیونیتییــەکــان، یــان لــە ڕێگــای یــاریی کۆمپیوتــەرەوەیــە لــەســەر ئینتەرنێــت. یـاریی کۆمپیوتەریش بۆ خۆی دنیای نووسینی خۆی هەیـە. ئـەو کـەسـەی کـە یـاریی کۆمپیوتـەر دەکـات، وەک قارەمان هەڵسوکەوت دەکات، بەم جۆرە ئـەو کـەسـە خــۆی پێــشڕەو دەبــێ و دەبێتــە حیکایــەتخــوان (narrator) لە جێی قارەمانێک کە ئەمەش بـەشـێکە لە چێکردنی پرۆسەی شوناس.

کریـستینا ئـۆلین شـۆلاندێر دەڵێـت: گـەلێـک زەحمەتە بە تەواوی لـەوە تێبگـەیـن کـە ئـەم شـێوە نوێیەی خوێندنـەوە بـەرەو کـوێ دەچێـت. پرسـیاری سەرەکی ئەوەیە کـە ئێمـەی گـەورەسـاڵەکـان پێمـان خۆشە بزانین منداڵەکانمـان و گـەنجـەکـان خـەریـکـی

چین. لەم پەیوەندییەدا گەلێک گرنگە کە بە ڕێزەوە سەیری حەز و ئارەزووی ئەوان بکرێ. بۆئەوەی ئێمە حەزی خوێندنەوە لای منداڵ و گەنجان بقۆزینەوە، دەبێت لەو شوێنەوە دەست پێبکەین، کە ئەم ئارەزوو و ئیشتیای خوێندنەوەی لێی هەیە. لە پەیوەندیی لەگەڵ منداڵان و لاوان، ئەم حەز و ئارەزووە ئەمڕۆ لە ماڵپەڕەکان و کولتووری باو دەدۆزینەوە.

## ئازادی لە بڕیاردان

کریستینا لەسەر ئەو باوەڕەیە، هۆی بوونی حەزی خوێندنەوە لەسەر تۆڕی ماڵپەڕەکان، پەیوەندیی هەیە بەوەوە کە منداڵان و لاوان، هەلی ئەوەیان هەیە لە چێکردن و کارتێکردنی نووسینەکاندا بەشدار بن. لە ئینتەرنێت ئەوە تۆی بڕیار دەدەی کە چی بخوێنییەوە و چی بنووسیت. لە دنیای ئینتەرنێتدا، تۆ ئازادی لەوەی چەند بڵاو دەکەیتەوە، ئازادی لەوەی بە کلیکێک بە دوای زانیاریی تایبەتدا بگەڕێیت. حەزی ئەوەی کە پەیامی خۆت بگەیەنیت، گەلێک زیاترە لەوەی کە لەوە بترسی بە هەڵە بنووسی. هەروەها ڕێزلێنان لە

زمانی نووسین کەمترە. ئەمڕۆ منداڵان و لاوان زۆر زیاتر لە جاران دەنووسن. ئینتەرنێت بووەتە هۆی خولْقاندنی شۆڕشی نووسین. فان فیکشن، نموونەیەکی بەرچاوە لەم پەیوەندییەدا کە چۆن ئارەزووی گێڕانەوە لای منداڵان و لاوان وەک ڕووبارێک هەڵدەڕژێت.

کریستینا ئۆلین شیلێر دەڵێت: منداڵان لە ماڵپەڕەکان بە سەربەخۆیی چیرۆکەکانی خۆیان بەرهەم دێنن. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە چۆن و بە چ ڕادەیەک پێویستیی نووسین لای مرۆ قووڵە. گێڕانەوە، شێوەیەکە کە مرۆ لە خۆی تێبگات. ئەمە پێویستییەکە کە هەمیشە دەمێنێ، بەڵام فۆرمەکانی دەربڕینی لە گۆڕاندایە.

**زمانی چات و زمانی نووسین**

منداڵان و لاوان بە ڕادەیەکی زۆر لە ناو کۆمپیوتەر و ماڵپەڕەکان دەنووسن کە ئەمە شتێکی باشە، بەڵام لە پشتی ئەمەوە هەندێک شت هەیە نابێ لەبیریان بکەین. من ئەوەی لە قوتابییەکانی خۆم ڕەچاوم کردووە ئەوەیە کە ئەوان نووسینەکانیان هەڵەی تێدایە. ئەوان کەڵک لە زمانی چات وەردەگرن لەو کاتانەی کە تێکستی دیکەش دەنووسن. ئەوان زمانێکی کورتکراوە لە نووسینەکانیاندا بەکار دەهێنن و هەروەها هەندێک هێمای سەیری کۆمپیوتەر لە نووسراوەکانیاندا هەیە. لەم نووسینانەدا هێماکانی نووسین بە تەواوی لەبیر کراون. بە ڕای من گەلێک گرنگە کە منداڵان و لاوان دەقی ئاسایی و کتێب بخوێننەوە. هەروەها گرنگە منداڵان ڕاهێنان بە شێوەی دیکە بکەن لەسەر نووسین، جیا لەوەی لەسەر کۆمپیوتەر دەیکەن.

خوێندنەوە بەشێکی گرنگە بۆ پێناسەکردنی پرۆسەی شوناس کە لەم سەردەمەدا بە ڕادەیەکی زۆر لە ماڵپەڕەکاندا بەڕێوە دەچێت. مرۆ شوناسی خۆی دادەڕێژێتەوە لە ڕێگای ئەوەی لە ئینتەرنێت هاوڕێی نامە گۆڕینەوە بۆ خۆی پەیدا دەکات، چیرۆک بۆ یەکتری دەنووسن و ڕاکانی هاوڕێ ئینتەرنێتییەکان لەسەر نووسراوەکانی دەزانن. پێناسەکردنەوەی پرۆسەی شوناس لە ڕێگای دوانە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە باری تواناییەوە لە یەک ئاستدان. ئەم دوان و پەیوەندییە لە ڕێگای کۆمیونیتییەکان، یان لە ڕێگای یاری کۆمپیوتەرەوەیە لەسەر تۆری ئینتەرنێت.

تێکڕای بەکارهێنانی میدیاکان لە ڕۆژێکدا بۆ منداڵانی تەمەن ٩-١٤ساڵ لە ساڵی ٢٠٠٦دا

تیڤی ٣٥% ئنتەرنێت ١٨%

ڕادیۆ ١٣% کتێب ٩%

ڤیدیۆ/ دی ڤی دی ٧% mp3 ٦%

سی دی ٥% گۆڤار ٥%

ڕۆژنامە ٢%

# خۆت تاقی بکەرەوە

## ماڵپەڕی بنەماڵە دامەزرێنە

ژمارەی ماڵپەڕەکان لە سوید بە بەردەوامی لە زیادبووندایە و لە ڕێگای ئەم ماڵپەڕانەوە خەڵکێکی زۆر کاتەکانی خۆیان لە بەرامبەر شاشەکان بەسەر دەبەن و خەریکی خوێندنەوەی کۆمێنتی کەسانی دیکەن و هەروەها شتەکانی خۆیان دەنووسن. ئێوەش ئەمە بکەن! ماڵپەڕێکی بنەماڵەیی چێ بکەن و ئەندامانی بنەماڵە شتەکانی خۆیانی تێدا بنووسن. ئەمە لەوانەیە ببێتە شتێکی نوێ و خۆش کە لە ڕێگایەوە دەتوانن پەیوەندیی لەگەڵ دۆست و هاوەڵانتان بگرن، یان لە ڕێگای ماڵپەڕەکەتانەوە وا بکەن کە دەنگی بنەماڵەکەتان لە دنیا ببیسترێ. ئەمە دەبێتەی هۆی ئەوە کە ڕاهێنانی نووسین و خوێندنەوە بۆتان بە هەرزان تەواو ببێ.

### هەنگاوی یەکەم: ماڵپەڕێک هەڵبژێرە

کۆمەڵێک ماڵپەڕ هەن کە بە خۆڕایی شوێنی ماڵپەڕتان دەدەنێ. سەیری ئەم ماڵپەڕانە بکە بزانە

کامەیان بۆ ئێوە باشن. بۆ وێنە دەتوانن سەیری ئەم ماڵپەڕانە بکەن:

www.blogsome.com

www.blogger.com/start

**هەنگاوی دووهەم: ماڵپەڕەکە دروست بکە**

پاشئەوەی ماڵپەڕەکەت هەڵبژارد، کاتی ئەوەی دێ ناونووسی بکەیت و ناو و فۆرمی ماڵپەڕەکە هەڵبژێریت، ئەگەر ناتوانیت، یان حەز ناکەیت زۆر خۆت ماندو بکەی، فۆرمی ماڵپەڕی ئامادە هەیە دەتوانی کاری لەسەر بکەی و بۆ ماڵپەڕی خۆت هەڵی ببژێریت.

**هەنگاوی سێهەم: هەتا دەتوانی بنووسە!**

کاتێک باسی نووسینە لە ماڵپەڕدا، باسی ڕاستبوون یان چەوتبوون لە ئارادا نییە. ئەوە ماڵپەڕەکانن کە بۆ خۆیان بڕیار دەدەن چ نووسراوێک دابنێن. لەم پەیوەندییەدا ڕا و بۆچوونتان لە بنەماڵەدا بگۆڕنەوە. دەتوانن کارەکان دابەش بکەن بە پێی حەز و ویست. بۆ وێنە لەوانەیە کەسێک لە بنەماڵەدا لەسەر کتێب بنووسێ

و کــەســێکی دیکــەش ئــارەزووی ئــەوەی هــەبــێ دەربــارەی خــواردن بنووســێ. گــەلێــک پــرس لــەم پەیوەندییەدا دێتە ئاراوە کە چۆن و بە چ شێوەیــەک کارەکان بکرێن. ئەوەی گرنگە ئەوەیە پێشئەوەی ماڵپــەڕەکــە وەگــەڕ بخــەن، قــسە لەســەر گــشت لایەنەکان و کاری ماڵپەڕ بکەن.